# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامایلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە بێرکلی

وەرگێڕانی:
ئەرسەلان حەسەن

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 37 )

# ئاشنابوون بە بێرکلی

پاوڵ ستراتێرن

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

## پێشەکی

بێرکلی فەیلەسوفێکە فەلسەفە بەدناو دەکات. یەکەمجار کە کارەکانی دەخوێنیتەوە وادەزانیت گاڵتەجاڕانەیە. ڕاستە هەروایە، فەلسەفەی بێرکلی بوونی ماددی ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە دنیای ماددی بوونی نییە.

فەلسەفەی مۆدێرن لە سەدەی حەڤدە بە ڕێنییە دیکارتی فەیلەسوفی فەرەنسی، دەستی پێکردبوو کە باوەڕی وابوو تەنیا لۆژیکی ڕاستمان بۆ جیهان، لەسەر بنەمای عەقڵە. دوای کەمتر لەنیو سەدە جۆن لۆکی فەیلەسوفی بەریتانی کە بنیاتنەری ئەزمونگەراییە، وەک دەڵێن دژایەتی ڕێبازی دیکارتی کرد. لۆک ڕامانی باوتری گرتەبەرو وتی تاکە لۆژیکی ڕاستی جیهان لەسەر ئەزموون وەستاوە.

ڕەنگە دەرووەیەک نەبووبێت لە تەنگژەی تێگەیشتنی باودا جێی فەلسەفە نەکاتەوە. ڕێک بیست ساڵ دوای پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی لۆک، پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی تیۆری نوێی ڕوانگەی بێرکلی بڵاوکرایەوە و فەلسەفەی لەو کۆتە ڕزگار کرد، کە زۆربەمان بە ((واقعیەت))ی دەزانین. ئەم بۆچوونەی تێفکرینی ئەزموونی لۆکی بەرەو دەرەنجامێکی ناباو برد. بەڕای بێرکلی، گەر لۆژیکمان بە تەواوی لەسەر ئەزموون وەستاوەتەوە، کەوایە تەنیا دەتوانین ئەزموونی خۆمان بناسین. لەڕاستیدا ئێمە نەک جیهان، بەڵکو تەنیا تێگەیشتنی تایبەتی خۆمانی لێ دەناسین. بەمشێوەیە دنیا چی لێ دێت کە تاقی نەکەینەوە؟ لەڕاستیدا تا

ئەوجێیە ئەو پێگەیە نییە کە پەیوەندی پێمانەوە هەیە.

بەم شێوەیە، بێرکلی پێیوایە کاتێک شتێک نابینین، نییە. منداڵانیش هەروا دەکەن، کاتێک ئەوانی دی نایانەوێت سپێناخ و هەڵوژە بخۆن، توووند چاوەکانیان دەنوقێنن، بەڵام کە دەگەینە تەمەنی ئەقڵ و دانە دانە سپێناخ و هەڵوژە دەخۆین، (یان هەر نای خۆین)، زۆرتر بۆچوونێکی وا دەخەینە لاوە، بەڵام بێرکلی وا ناکات. بەڕای ئەو، ئەگەر دارێک نەبینین یان بە شێوەیەکی دیکە وەک دەست لێدان، یان بۆنکردن هەستی پێ نەکەین، دارەکە نییە. کەوایە دارەکە چی لێ دێت؟ بێرکلی پیاوێکی لە خواترس بوو، کە لە ئاکامدا بووە قەشە. بەمشێوەیە، گەیشتە ڕوونکردنەوەی داهێنەرانەی کە نەگۆڕی جیهان ئەزموون ناکەین، ڕوانگەکەی بە سادەیی لەم دوو بەشەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

گەنجێک لەبەر خۆیەوە وتی؛
ئەم دارە، کاتێک کە کەسیش نییە
دیسانەوە لەوێیە لە حەوشەکەدا،
گەر ئەوە بزانێت، بێشک سەری بسووڕمێ خوا
وەڵامەکەی:
براله گیان !
سەرسوڕمانی تۆ سەیرە:
بەردەوام بۆخۆشم لە حەوشەم
هەربۆیەش ئەو دارە
هەروەک لەوێ دەبێت.
چونکە ئەوە دەبینێت
ئارەزووی ئێوە، خوا !

بە دەربڕینێکی دی، دەکرێ بوترێت تەنیا کاتێک دنیا هەیە کە تێی دەگەین، بەڵام تەنانەت کاتێکیش کە ڕاستەوخۆ لە جیهان ناگەین، ئەم جیهانە لە تێگەیشتنی خوای بە ئاگات بەهرەمەندە.

دەرەنجامی ئەزموونی بێرکلی (نەبوونی واقیعیەتی نەگۆڕ) و چارەسەری پەرجوو ئاساکەی (خوای لە هەموو شوێنێک ئامادە)، زیاتر لە شێرو ڕێوی هێنانەوە دەچێت. زۆرجار عەقڵی ئەمڕۆ بەمجۆرەی پووچی زەینی کە بەزەیین دەگات زیاتر پەیوەندی بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە تا بە سەدەی ئێمەوە، کە سەدەی زانستە بایەخێکی وای پێ نادات. بەمەش، سەیرە کاتێک دەبینین فیزیک دەپێوەند بەو گەردیلانەی لە ئەتۆم وردترن بەرە و ئەنجامگیریەک دەبرێت کە بە شێوازێکی سەرسوڕهێن هاوشێوەی ئەنجامگیری بێرکلییە. بەپێی ((بنەمای ناواقعیەت)) هایزنبێرگ، هاوکات ناتوانرێ ئەندازەی جوڵەو شوێنی گەردیلەی بنەمایی دیاری بکرێت. گەر یەکێکیان بپێوین (واتە تێی بگەین)، ئەوی دی بە نادیاری دەمێنێتەوە. بەمجۆرە، بەمانای زۆر واقیعی، تاکە چۆنایەتیەک کە تێگەیەنراو دەبێت (بۆ نموونە شوێنی پێوراو) ڕاستەو چۆنایەتیەکەی تر (ئەندازەی جوڵە: گەرمی و خێرایی) بە شێوازی قابیلی دیاریکردن نییە. دەکرێت هەر ئەو یەکەیان بناسین کە تێیدەگەین. بە مانایەک تووخمێکی تر هەیە دەڵێت «خوای ئامادە و چاودێر دەی بینێت»، بەڵام تا تێی نەگەین، ناکرێت بوونی قابیلی دیاری کردن بێت.

بێرکلی بە ڕواڵەت فەلسەفەی ئەزموون باوەڕی دەگەیەنێتە سنووری گاڵتەجاڕانە، بەڵام کاتێک تا ئەوپەڕی لۆژیکی شوێن مانای ناوەوەیی گریمانەی تێگەیشتنی باوی خۆمان هەڵگرین، زۆرجار دەرەنجامەکەی پەیوەندیەکی وای بەو گریمانەی تێگەیشتنی باوی ((بەڵگە نەویست)) نییە،

کە لەوێ دەستمان پێکردبوو، تێگەیشتنی باو هەمان تەگبیرە کە لە ژیانی ڕۆژانەمان بەکاری دەبەین، بەڵام گەر بمانەوێت سەرووتر لە تێڕانەمان و ئاڵۆزی ژیانی ڕۆژانە بە حەقیهەرگیزی وردتر بگەین، هەمیشە ناچارین کاری بەڵگە نەویست لەبەرچاو نەگرین و وەلای بنێین. بە قەولی ئەنیشتاین: ((تێگەیشتنی باو هەویری پێشداوەرییەکانی سەدەی هەژدەیە)).

## ژیان و بەرهەمی بێرکلی

بێرکلی یەکەم و دوایین ئیرلەندی بوو، کە دەوری بەرچاوی لە فەلسەفەدا بینی. لە 12ی مانگی مەی 1685دا لە شارۆچکەیەکی کوێستانی کیلکنی شەست مایلی باشووری خۆراوای دبلن لەدایکبوو. باوکی کۆچبەری ئینگلیزی لایەنگری پاشایەتی بوو کە خۆی ناودەنا جینتڵمان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەفسەرێکی گەنجی سوارەی سەربازی بوو کە بووە جوتیار.

جۆرج بێرکلی لە نزیک کیلکنی لە خانوویەکی بەردی گوندنشینی قەراخ ڕووباری نور، پەنا تاوەری وێرانەی ((دیزرت کاسڵ)) گەورە بوو. ڕەنگە خانووەکە لە بنەڕەتڕا بینایەکی دەرەوەی قەڵا بووبێ، کە ئەویش ئەمڕۆ ڕووخاوە. دواجار کە ئەو شوێنەم دی، تاکە پاشماوەی خانووی بێرکلی چەند لا دیوارێکی نیوە ڕووخاوو بوو گژوگیاو لاولاو دای پۆشیبوو. لەولاتری تاوەری وێرانەی دیزرت کاسڵ دەبینرێت، لەگەڵ ئەو قەلە ڕەشانەی کە بەسەر سوێبانەکانەوە دەیان قیڕاند. لە دامێنی گردە بەدار داپۆشراوەکان، خۆر لە خۆرئاوادا لە پێچی ڕووبارەکەدا شۆقی دەدایـەوە. حەتمەن لە سەردەمی بێرکلیش بە هەمانشێوە بووە.

لەیازدەساڵیدا بێرکلیان ناردە کۆلێژی شەوانە ڕۆژی کیلکنی، کە لەو سەردەمەدا باشترین قوتابخانەی ئیرلەندا بوو. لە دەیەی پێشتر، جۆناثان

سویفتی هەجوباز و ویلیام کانگریۆی شانۆنامەنووس، هەردووکیان لەوێ خوێندبوویان. بێرکلی لە پانزە ساڵیدا چووە ((کۆلێژی ترینتی)) دبلن، کە ئەلیزا بێسی یەکەم پێش دووسەد ساڵ بۆ گەنجە نەخوێندەوارەکانی لایەنگری خۆی دایمەزراندبوو.

ساڵی 1704، لە نۆزدە ساڵیدا، بێرکلی دبلۆمی وەرگرت. بە ڕواڵەت چێژی لە سەردەمی خوێندن وەرگرتبوو، چونکە چەند ساڵی لە ((چاوەڕوانی وەرگرتنی بۆرسی خوێندن)) بێکار دەسوڕایەوە. بێرکلی بە درێژایی ئەو سەردەمە دەستی بە خوێندنی لۆک و فەیلەسوفی فەرەنسی، مالبرانش، لایەنگری زەقی ڕێبازی کریستیانی کرد، بێرکلی بەم باوەڕە هاوڕای ئەزموون باوەڕی لۆک بوو، کە هەست سەرچاوەی تەواوی لۆژیکە، بەڵام دەیبینی کە ئەم تێڕوانینە بە ماتریالیزم و فەلسەفەی ماتریالیزم دەشکێنەوە و لە ئەنجامدا شوێنێکی وا بۆ خوا نامێنێتەوە، بێرکلی بە درێژایی تەمەنی بە پیاوێکی بەدین مایەوە و بە سەختی داکۆکی لە بەرامبەر گچکەترین مەیلی نەناسینی خوا دەکرد، بەڵام چۆن دەیتوانی ئەزموونگەراییەکەی لەکاتی باوەڕ بوون بەخوا بپارێزێت؟

بێرکلی داهێنەرانە پیشانیدا کە چۆن باوەڕی لۆک بە ماتریالیزم هەڵەیە، بەوتەی ئەو، لەوانەیە لۆژیکی ئێمە بەرهەمی ئەزموون بێت، بەڵام ئەمە تەنیا لە هەست پێکدێت. ئێمە دەستمان بەم شتە ماددیە بنچینەییە ناگات، کە ئەم هەستە دەخوڵقێنێت. بە ڕواڵەت ئەم وتەیە پووچ دەنوێنێت، بەڵام سەلماندنێکی قوڵە و بێرکلی بۆ دەرەنجامە بەناوبانگەکەی برد. (هەبوون، تێگەیشتنە)، ئەم ڕامانە سەرکەوتووانە بەسەر ماتریالیزمدا زاڵبوو، بەڵام ئەم کێشەیەی بەدوادا هێنا، کە جیهان چی بەسەر دێت کاتێک کەسێک تێی نافکرێت. وەکو بینیمان، بێرکلی باوەڕی وابوو، کە خوا

بەردەوام چاودێرە. لە مالبرانش ئەو ئەندێشەی وەرگرتبوو، کە لەو باوەڕەدا بوو گۆڕان نەک بەرەنجامی هاوکارلێکی شتەکانە لە زنجیرەی هۆو هۆکاردا بەڵکو کارلێکی بەردەوامی خوایە لە جیهاندا.

بێرکلی ئەندێشەکانی لە کتێبێکدا دەربارەی تیۆری نوێی ڕامان، کە ساڵی 1709 بڵاویکردەوە، هەروەها لە کتێبێکدا دەر بارەی بنەما لۆژیکییەکانی مرۆڤایەتی، لە ساڵی 1710 خستیەڕوو. ئەم بەرهەمە مشتومڕێکی نایەوە کە ژێر پێی فەیلەسوفانی پێشتری تەخت دەکرد، بەڵام تێگەیشتنیان سەختە مەگەر مرۆڤ توانای راکردنی دوو سێ هەزار مەتریی بە بەربەستەوە هەبێت. زۆر لە خوێنەران تەنیا تاکو هەمان یەکەم بەربەست بەردەوام دەبن، بەربەستی وەک ئەم ڕستەیەی بەرایی کە ((لەسەر هەموو ئەو کەسانە سەلمێنراوە کە لە ئەریستۆکراسی لۆژیکی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە کە ئەمانەیان ئەندێشەگەلێکن کتومت (1) تۆمارکراو لە هەستدا، یان (2) جاری وایە بە پەنابردنە بەر ئاژاوە و کارلێکی زەین تێگەیەنراو دەبن، یان لە ئاکامدا، ئەندێشەگەلێکن کە (3) بە هاوکاری مێشک و خەیاڵ، لە پڕۆسە گشتیترەکانی پێکهاتە، هەڵوەشاندنەوە، یان بە دەرخستنیان فۆرمەلە دەبن، کە لەخۆڕا بە شێوەکانی پێشتر گوتراو تێگەیەنراون)).

خۆشبەختانە بێرکلی ئەندێشەکانی لە سێ هەڤپەیڤینی نێوان هیلاسی و فیلونۆسیش خستەڕوو. زۆر پێشتر، ئەو دەقە قابیلی تێگەیشتنە و بە بەریەککەوتنی فیلونۆس و هیلاسی لەژێر ((ئاسمانی ئەرخەوانی)) بەرەبەیان لەگەڵ ((هەراوزەنای ترسناک، بەڵام خۆشی باڵندەکان))، کە لە دەوروبەرییان دەجریوێنن تووشی بێخەوی دەبێت. ئەم گفتوگۆیانە ئەندێشەکانی بێرکلی ئاشکرا دەکەن، هەروەک دیتمان، لە تێگەیشتنی باو دەستی پێکردووە و لە درێژەیدا، زۆر لۆژیکی، دەگەنە کاری نالۆژیکی.

بەڵگەی ناوێت کە پێویستە فەلسەفە لەگەڵ تێگەیشتنی باوو تەبا بێت (لەڕاستیدا فەیلەسوفەکان تەنیا لە سەردەمێکی کەمدا سەروکاریان لەگەڵ هەبوو)، بەڵام گوایا خەڵک چاوەڕوانییەکی دیکەیان هەیە. زۆر زوو بێرکلی بووە هۆی پێکەنینی خەڵک و لە ئەنجامدا هەموو ڕووناکبیرانی دژی نەزانی، ئامادە بوون داکۆکی لێ بکەن).

سەیر نییە کە زۆربەی هاوسەردەمانی بێرکلی نەک بە ئەزموونگەرا، بەڵکو زۆر بەمیتافیزیکی باوەڕی زەینیان دەزانی. سەرەڕای جەختکردنەوەی بێرکلی لە ئەزموونگەرا بوونی خـۆی، حەقیهەرگیزێک لە بۆچوونی هاوسەردەمانیدا هەیە. ئەزموون بـاوەڕی بێرکلی دەکاتە (من زانین): کەسێک کە باوەڕی وایە تەنیا خۆی لە جیهاندایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەزموونەکەم تاکە واقیعیەتی هەبووە، چۆن دەتوانم بزانم کەسێکی دیکەش هەیە؟ کە کەسێکی تر دەبینم تاکە شتێک کە ئەزموونی دەکەم مشتێک کارتێکرانە. ڕەنگە لێرە، تێگەیشتنی باو ناچارم بکات وابزانم ئەو کەسە ڕێک بە هەمانشێوە هەیە کە بۆخۆم هەم، بەڵام بە کردەوە تاقی ناکەمەوە. ئەمە گریمانەیەکە لەسەر هیچ تێگەیشتنێکم نەوەستاوە.

بە هەمانشێوە، ئەم ئەندێشەیەی بێرکلی کە تێگەیشتنی بەردەوامی خودای بەئاگا خودی جیهان دەپارێزێت، بە مسۆگەری پاڵپشتی ئەزموونی نییە، میتافیزیکیە، واتا هەر لۆژیکێکی ماددی تێدەپەڕێنێت کە بتوانین ئاشکرای بکەین. ئەمە بێرکلی دەخاتە ڕوانگەی نامۆوە، کە هەم یەکسەر ئەزموونیە و هەم یەکسەر میتافیزیکی لێکدژیەکی ئاشکرا. بەم حاڵە، هەمان لێکدژی لە ئەنجومەنی جیهانبینی کردەوەییمان دایە. بەشی زۆری فەلسەفەی مۆدێرن، تێکڕای تێفکرینی زانستی، خۆی لە پێگەیەکی هاوشێوەدا دەبینێتەوە. بەرلەوەی دەستمان بە تێفکرینی عەقڵانی و زانستی جیهان بگات، دەبێت

سەرەتا گریمانەی نەسەلمێنراو بگرینەبەر، کە دیارە سەرچاوە لە ئەزموون ناگرن و بەمەش پێشگریمانەی میتافیزیکین. بۆ نموونە، گریمانە دەکەین جیهان گونجاوە. کەوایا گریمانە دەکەین، کە هاوتای یاساکانی لۆژیکە بەو جۆرەی کە تێیان دەگەین. بە هەمانشێوە، ئەم گریمانانە ناچارمان دەکەن لەو باوەڕەدا بین ئەم واقیعیەتە بە وردترین و نزیکترین شێواز هاوتای ماتماتیکە. گریمانەی هەمان هێندەی گرنگی دیکە، کە دەیخەینە ڕوو ئەوەیە کە کەمو زۆر جیهان لەگەڵ تێگەیشتنمان ((دەخوێنێتەوە)). دەکرێت چ ئەزموونێکی شیمانەییمان هەبێت کە پیشانمان بدات تێگەیشتنەکانمان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە هۆکانیانەوەیە؟ (نەخۆشی چاوبەستراو هەست بە ئازاری سەرەتایی توند (ئەزموون) دەکات. دەکرێت ئەمە سەرچاوە لە پێوەدانی هەنگ، تێڕاچوونی دەرزی، هەرگیزرەی ئۆسیدی چڕو نموونەیان بێت. کامەیانە؟ ئازاری نەخۆش هاوشێوەی کامەیانە؟ دیارە هاوشێوەی هیچکامیان نییە. تەنیا لێکچووی هەستە هاوشێوەکانە کە ڕەنگە بەم حاڵە هیچیان هۆکار نەبووبن.)

گریمانەکانی تری ((بەڵگەنەویست)) هەمان هێندە نائاراستەن کە دەربارەی ئەزموونەکانی خۆمان دەیگرینەبەر. یاسایەکی لۆژیک، ((هەمان بنەما))، لە زەین بگرین. ئەم بنەمایە لە بنچینەدا نیشانەیە کە هەرشتە بۆ خۆیەتی و هیچ شتێکی دیکە ئەو شتە نییە. هیچ شتێک ناتوانێت خۆی بێ و هاوکات شتێکی تریش بێت. بەم حاڵە، هەرکاتێک بەرهەمێکی هونەری دەبینین سنووری ئەم یاسایە تێدەپەڕێنین. وێنەی دیمەنێک، بۆ نموونە، هاوکات دیمەنە و پارچە پەڕۆیەکی ڕەنگکراوە. ڕەنگە بگوترێت لۆژیکی واقیعی نییە کە لە تێگەیشتن حەزێک دەستەبەر دەکەین، بەڵام ئەم ئەزموونە بەشێکی گرنگی شێوازی تێگەیشتنمانە بۆ جیهان. هەر کە تەماشای

تابلۆیەک، وێنەیەک، تەنانەت وشەی سەر کاغەز دەکەین، ئەزموونمان لەگەڵ هەمان پرۆسەیە. ئەوە بەشی سەرەکی ئەزموونەکەمانە و دژی یاساکانی لۆژیکە.

شایەتی زمان جارێکی تریش لەبەردەم گریمانەی پێش ناسینی نائاگایانەی ئێمە لەڕوانگەی گونجانی لۆژیکیەوە هەیە. تەنانەت خودی زانست دەبێ نالۆژیکی بوون قبووڵ بکات. تەنیا هەمان بنەما لەتێگەیشتنی حەزی پێشێل ناکرێ، شتێکی سەرسوڕهێنەری هاوشێوەی لە فیزیکی کوانتۆمیش ڕوودەدات، کە دەکرێ نیشانەی تیشک هەم وەک شەپۆلەکان و هەم وەک گەردیلەکان ببینین. ئەمە ناتەبای گونجانی لۆژیکیە (شەپۆل تەنیا جووڵەیە؛ گەردیلە تۆخمە). دەوترێت، تا گونجانی لۆژیکی بەهەند بگیردرێت، ئەو ڕیزپەڕانە تەنیا بۆ بەهێزکردنی ڕێسای گشتین. وابێت یان نەبێت، بێ ئەملاولا ئەمانە لایەنگری ئەو بۆچوونەن کە ((گونجانی لۆژیکی)) گریمانەی میتافیزیکیە، بەم مانایە (زیاتر لە یان کەمتر لە) ئەم ئەندێشەیەی بێرکلی پاڵپشتی نەکراوون کە تێگەیشتنی بەردەوامی خوای بەئاگا جیهانی پاراستووە دەردەخات.

سەرنجڕاکێشە کە هەمان ئەندێشەی دوایی (یان هاوتای) پێشینەیەکی دوورو درێژی لە ماتماتیکدا هەیە. ماتماتیک زانایانی عەرەب کە تاڕادەیەک بەشێک لە زانستیان تەنیا لە قۆناغەکانی نێوان پووکانەوەی جیهانی یۆنانی و سەرهەڵدانی ڕێنیسانس بردۆتە پێش، فەلسەفەی ماتماتیکی تایبەتی خۆیان هێنابووە دی. ئەم فەلسەفە پاساوی عەقڵی و ورەیی ماتماتیکیان بۆ دەڕەخسێنێت. بەپێی ئەم فەلسەفەیە، ماتماتیک شێوازی کاری زەینی خوا بووە وەک خوا جیهانی ئافراندووە، ئەم جیهانەش ناچاربوو بە گوێرەی ماتماتیک کار بکات. ئەوانە بە کۆکبوونی زیاتر لەسەر ماتماتیک، لەسەر

زەینی خوا زیاتر کۆک دەبوون. ئەم ئەندێشەیە هەم قوڵ و هەم جوان بوو، بەم مانایە هەتا لە ماتماتیک دەچێت.!

دیاریکردنی سێبەری ئەم شێوازەی تێفکرینی میتافیزیکی لەودیو ئەم ئەندێشەیەی بێرکلی زەحمەت نییە، کە (تێگەیشتنی خوا پارێزەری جیهانە). هەرچۆنێک بێت، ئەم بۆچوونەی عەرەبی بۆ ماتماتیک بە کردەوە هاوکاری ئەندێشەی بێرکلی دەکات. تێگەیشتنی بەردەوامی خودای بەئاگا بە کردەوە چۆن جیهان دەبینێت؟ ڕێک بە هەمانشێوە کە جیهان لە یاساکانی تێفکرینیدا، واتا پەیڕەوی یاساکانی ماتماتیک و زانست (یان سروشت)، دەکات. ئەم یاسایانە هەمان تێگەیشتنی خودان. دیارە بۆچوونی عەرەبی ماتماتیک ڕەگی لە قسەی ئیسلامدا بوو، بەڵام ئەوە ڕێگر نەدەبوو کە کریستیانییەت وەریگرێت، لەڕاستیدا پاشان ئەو نەریتە هەروەک بەردەوام بوو، کە نەریتی ئەوروپی ماتماتیکی عەرەبی بۆڕداو بە دوایدا ڕێنیسانسی هاوشێوەی دیکارت، پاسکاڵ و فیرما گەشەیان پێدا. (ئایزاک نیووتن)ی هاوسەردەمی سەدەی هەژدەی بێرکلی، بێ ئەملاولا باوەڕی پێیبوو.

تەنیا بە تـەواوی جیاکردنەوەی خوایی بوو لەزانست، کە ئەم ئەندێشەیە خرایە لاوە. فەلسەفەی ماتماتیکی مۆدێرن دەست لە ئەندێشەی خوا هەڵدەگرێت و هەربۆیە دەکەوێتە بارودۆخێکی نامۆوە. ماتماتیک بەبێ خودا لە کوێدایە؟ چۆن هەیە؟ ئایا تەنیا شێوازی ڕامانمانە بۆ جیهان؟ بە دیویکی دیکەدا، ئایا دەشێت ماتماتیکێکی تر بۆ بوونەوەرەکانی دەزگای تێگەیشتنی جیاواز هەبێت؟ کاتێک ماتماتیک زانێک تیۆرێکی نوێ دەخاتە ڕوو، دۆزیوویەتیەوە یان ئافراندوویەتی؟ ئایا بۆ یەکەمجار بەدی دێنێت، یان بەردەوام لەشوێنێک هەبووە و چاوەڕێ بووە بدۆزرێتەوە؟ بە دەربڕینێکی دی (2+2=4)، ئەگەر کەسێک نەبوو (تەنانەت خوا) بیری لێ بکاتەوە،

دیسانەوەش ڕاست بوو؟ ئەم (2+2=4) بۆ یاساکانی سروشت برەوی پێ بدەیت، گەورەیی مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت. ئابلێی ئەوانە مەسەلەی واقیعیەتن. ڕەنگە چارەسەری بێرکلی لەم بارەیەوە وەهم و ساختە بە زەین بگات، بەڵام لانیکەم وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە. فەیلەسوفە نوێکان لە چوارچێوەی فەلسەفەی ماتماتیک و فەلسەفەی زانستیش هێشتا خۆیان بە سەرلێشواوو دەزانن. ستیڤان هاوکینگ بەم قسەیەش کۆتایی بە کورتە مێژووی سەردەمەکەی دێنێت کە ((ئەگەر بیردۆزەیەک تەواو ئاشکرا بکەین))، (لەبارەی هەرشتێکەوە)، دەکرێت بۆ ((لۆژیکی زەینی خودا)) ڕێنماییمان بکات. ئەمجۆرە دەربڕینە بێمانایەی بیرمەندان، بێ پاڵپشتی فەلسەفەی میتافیزیکی (وەک فەلسەفەی بێرکلی)، بێ مانا دەبێت.

بە سەرنجدانە بابەتی دژە ماتریالیستی بێرکلی، ڕەنگە سەیر بێتەبەرچاو کە کتێبێک بە ناوی پەیامێک دەربارەی تیۆری نوێی ڕامان بنووسێت. بە مسۆگەری چەمکی بینین (vision) زۆر لە نیگای زانستی و ماددی بۆ جیهان نزیکە. دەکرێت جەختکردنەوەی بێرکلی لەسەر ئەم بابەتە دوو بەڵگەی سەرەکی هەبێت. یەکەم، داهێنانی ئەم دواییەی مایکرۆسکۆب و تەلسکۆب شۆڕشێکی لەتێکڕای ئەندێشەی (بینین) بەدی هێنابوو. گالیلۆ یەکەم کەس بوو کە، بەسوود وەرگرتن لە تەلسکۆبەکەی، بازنەی زوحەلی بینی. هۆک، یەکەم کەس بوو کە، بە سوود وەرگرتن لە میکرۆسکۆبەکەی، شتێکی لە بوونەوەرێکی زیندوودا دی، ناوی نا (خانە). دەبێت هەموو فەلسەفەیەکی نوێ ئەم گەشەیە لەجیهانی بچوک و جیهانی گەورەدا لەبەرچاو بگرێت. (بەپێی فەلسەفەکانی سەدەی ناوەڕاست، خوا هەر شتێکی لە جیهاندا بۆ مەبەستێک خوڵقاند بوو، بەڵام زەحمەن بوو بزانی کە شتەکانی وەک خانە و بازنەکانی زوحەل بۆ چ مەبەستێکە، (ئەو شتانەی کە لە ئەزەلەوە نەناسراوو نەبینراو بوون).

بەم حاڵە، بێرکلی هەستی بە پێویستیەکی لێبڕاوتر دەکرد، کە لە مەسەلەی ڕامان بکۆڵێتەوە. ئەمە ڕوانگە و ڕوانینمانە کە لەسەر بوونی جیهانی دەوروبەرمان بە ئاگاتمان دەکات: کە چاومان دەکەینەوە، دەیبینین. دیارە جیهان هەیە، تێگەیشتنی باومان (کە لەڕێگای چاوەوە کار دەکات) وا دەڵێت.

بێرکلی ئاوێزانی هەمان مەسەلە بوو شیکاری وردی ئەزموونەکەی لە بارودۆخی تێگەیشتنمان هەم شارەزایانە و هەم (ناڕادەیەک) بەرسڤ دانەوەیە. کاتێک ئێمە تێدەگەین دەبینین، دەستی لێدەدەین، و — — چ ڕوودەدات؟ تەنیا دوو بوون لەم پڕۆسەیەدا بەشدارن، نەک زیاتر. یەکیکیان ناساندن یان زەینی (subject) تێگەیەنراوە و ئەویدی شتێک (object) کە تێگەیەنراو دەبێت. ئەوەیان بۆ ئێمە لە ڕەنگ و بۆن و شێوازو هاوشێوەیان پێکدێت. شتێک بەناوی مادەی هەبوو لەو دیوو شتێک نییە، کە ئێمە تێی دەگەین. ئەوەی تێی دەگەین ((بوونی لۆژیکی)) لە سەرووی تێگەیشتنمانەوە نییە. هەبوونی تێگەیشتنمانە (ESE est. percept) «بوونی تێگەیشتن»، شتێک بە ناوی مادەوە نییە، تەنیا تێگەیشتن هەیە. ڕەنگە بۆ ئێمە زەحمەت (یان بەکردەوە نەشیاو) بێت، بوونی ڕۆژانەی خۆمان لەم ئاستەدا ببینین. بەڵام هەرگیز ناتوانین سەلماندنەکەی بێرکلی ڕەت بکەینەوە. ژیانی نامەنوس (ئۆ، ئی. ئی. لوسی) ئەوەندە پێشکەوتووە کە بانگەشە دەکات ئەم بابەتە نامانریالیستیەی بێرکلی ((هەرگیز، مەگەر بەئاڕاستەگۆڕین و گاڵتەجاڕی، وەڵام نەدراوەتەوە)). زۆرینەمان باوەڕی پێکەنیناوی بێرکلی لەبەرچاو ناگرین و بەباشی دەزانین پشت بە خراپ تێگەیشتنەکانی تێگەیشتنی باوی خۆمان ببەستین، بەڵام ئەگەر لە بەدواداچوونی حەقیهەرگیزی فەلسەفی شێلگیر و وردین، ڕەنگە بگەینە ڕوانگەی هاوشێوەی بێرکلی.

لەم نێوەندەدا، بێرکلی ببووە ئەندامی ((کۆلێژی ترینتی)) و ساڵی 1710 بوو بە قەشەی (پڕۆتستانت)ی کڵێسای ئیرلەندی. دوای سێ ساڵ بڕیاریدا بەختی لە لەندەن تاقیبکاتەوە. بەهۆی کتێبەکانییەوە ناوبانگی دەرکردبوو، پیاوێکی ئیرلەندی لە لەندەن بۆ ئەنجومەن گوازرابۆوە، کە باوەڕی وابوو شتێک بەناوی مادەوە نییە. جۆناتان سویفت بردیە لای شا سویفت لەلژ لە شەوی کردنەوەی پێشەنگای کاتوی ئەدیسۆن بۆرگەندی و شامپانیای خـواردەوە و دیتی کە هۆش و عەقڵی ئیرلەندیەکەی زۆر لەوانە و ئەو رووناکبیرانە باشتر بوو، کە لە کافتریاکان دادەنیشتن. بەڕای ئەلێکساندەر پۆپی شاعیر، دیارە بێ ئاماژەکردن بە وردەکاری کەسایەتیەک، بێرکلی ((هەموو نرخ و گرنگی ژێر ئاسمانی)) هەبوو.

ئەم وتانە و کەمێک لەوە درۆی هەڵبەستراوە کە حەقیهەرگیزی هەبێت، بەڵام شایەتیش نییە لە ژیاننامەکەیدا بە پێنووسی (ئی. ئی. لوسی)، پێشێل بکات کە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر وردترو حەتمی و جاڕزکەرە. (بە درێژایی خوێندنم لە کۆلێژی ترینیتی دبلن لە هەندێک وانەی گوتارەکانی باوکی ئایینی لوسی ئامادە بووم، کە لەو کاتەدا پیرەمێردێکی بەکەیف و شەڕکەر بوو. داکۆکیکارێکی سەرسەختی فەلسەفەی دژە ماتریالیستی بێرکلی بوو. کەسانێک بە سووکایەتی پێکردن بە ناوی ((ماتریالیستەکان)) لەبەرچاو نەدەگیران کە سەرسەختانە ڕەخنەیان لێدەگرتین، سەرەنجام دەبێ شتێک بە ناوی جیهانی واقیعی هەبێت).

ژیاننامەی لوسی، کە وێڕای ڕوانگەی فەلسەفی دانراوەکانی زۆر بابەتی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، هەرگیز دەستی بە قوڵایی کەسایەتی بێرکلی ناگات، لەڕاستیدا بەڵگەیەکی کەمی سەرچاوەی متمانەداری تێدایە کە پیشانی بدات بێرکلی لە ڕوانگەی کەسیی بەڕاستی چۆن بووە. نایەتەبەرچاو کە

ناوزڕان و پشێوی و ئاژاوەی نابێنەوە. گومان لە ئارەزی لێوڕێژی دا نییە (کە بۆ داکۆکی لە فەلسەفەکەی پێویست بوو). هەر کەسێک بینیبێتی بە ڕواڵەت کەوتۆتە ژێر کاریگەریەوە. لە وێناکاندا نەناسێکی قەڵەوی کوڵاو بەلێوار هەیە، بەهێزترین تایبەتمەندی هەمەگیریی بە ڕووکەش نەفرەت لە پاشاگەردانی بووە کە تارادەیەک گومڕای ئێکڕای زەمانە بووە. لە ڕوانگەی ترەوە، نایەتەبەرچاو بێرکلی قایم و شوێن دانەر، کراوە(سەرەڕای بەناوبانگیەکەی)، هاوکات توانای بەرگریکردنی لەخۆی هەبوو، بەردەوام کارتێکراوو ئاراستەی باڵاترین بنەماکان بـووە، ڕەنگە فەلسەفەکەی تاکە خەوشی بووبێت. درامانوسی ئیرلەندی، ئالیۆر گۆڵدسمیس-ی، هاوسەردەمی، بانگەشەی دەکرد کە بێرکلی ((گەورەترین بلیمەت، یا گەورەترین گەمژەیە، کەسانێک بە گێلیان دەزانی کە کەم ئاشنای بوون ))، لە کاتێکدا کە ((بەڕای هاوڕێ دڵسۆزەکانی سەرسامکەری زانیاری و نەفەسی باش)) بوو. لێرەدا دێنە پێشچاو کە مرۆڤ و فەلسەفەکەی بوونەیەک. وەک بینیمان، زۆر بابەتی لەوە زیاتر دەربارەی فەلسەفەی بێرکلی هەیە کە یەکسەر بێنەبەرچاو، گەرچی بۆخۆی یەکەم کەس بوو کە ڕای پێچەوانەی ئەم ڕایەی هەبوو!.

نیگەرانیی توندی بێرکلی لەم بەشەی ژیانی پێویستی بەکار بوو. خۆشبەختانە هاوڕێ ناسراوەکەی، جۆناتان سویفت، پاش کەمێک توانی لە دام و دەزگاکانی ئارییێل پینێربۆرۆ بیکاتە دادوەری سەربازی، کە وەک باڵیۆز نێردرابووە لای پاشای سیسیل. بێرکلی لەگەڵ ئارییێل کەوتەڕێ و لەسەرڕێی لە پاریس دەرفەتی هێنا تاکو سەردانی مالبرانشی موریدی دیکارت بکات. (زۆربەی سەرچاوەکان پاڵپشتی ئەوەن کە ئەم سەردانە لە یەکەم سەفەری بێرکلیدا بووە بۆ دەرەوە، بەڵام لوسی، سوورە لەسەر ئەوەی ژیانی بێرکلی لەوەش کە هەیە کاڵتر بکاتەوە، باوەڕی وایە سەردانێکی وا هەر نەبووە.

باوەڕم وایە ئەم سەردانەی کردووە و هەر لەم بەشەی ژیانیشی دابووە).

مالبرانشی قەشە لە کاتی سەردانەکەی بێرکلی تووشی هەوکردنێکی توندی سیەکانی بووە. بە وتەی ستاک، بیۆگرافی بەرایی بێرکلی، مالبرانش لە ژوورەکەی دەرمانێکی درووست دەکرد کە بێرکلی چووە ژوورێ. باسی تیۆری سەرنجڕاکێشی بێرکلی کرد، کە تازە کرابووە فەرەنسی، بەڵام بە گوتەی ستاک، ئەم باسوخواسە بۆ مالبرانشی داماو زۆر گران تەواو بوو. لە لوتکەی گەرمەی مشتومڕ وا دەنگی هەڵبڕی و لە پێگەی فەرەنسایەکی هەمەکارە وا ئارامێ لەبەربڕا، کە نەخۆشی و ئازارەکەی خراپتر کرد و دوای چەند ڕۆژێک مرد)).

فەلسەفە بەختەوەر بوو، کە بێرکلی دەرفەتی نەهێنا سەردانی فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی تر بکاو لەگەڵ ئارییێل پینر بۆرۆ چووە ئالگهورن. لەوێ دەرکەوت کە گالیسکە و جلوبەرگی داب و دەستوری باڵیۆز هێشتا بە پاپۆڕ نەگەیشتووە و لە درێژەدان بە سەفەرو وەرگرتنی پێگەی خۆی تا ئەوکاتە خۆی بەدوور گرت کە بە تەواوی بارودۆخەکە لەبار بوو. بێرکلی دوای چەند مانگ چاوەڕوانی لای بەڕێوەبەرە ڕەزاگرانەکەی مۆڵەتی پێدرا و ڕێگای گەڕانەوەی بۆ لەندەنی گرتەبەر و ڕێک گەڕانەوەکەی لە کاتی شۆڕشی سەرنەکەوتووی ساڵی 1715ی لایەنگرانی جەیمزی دووەم بوو: ڕاپەڕینی کاسۆلیکی لە سکۆتلەندا کە خوازیاری گەڕانەوەی بوون بۆ سەر کورسی دەسەڵات، دوای لەسەر کار لابردنی ساڵی 1714.

بێرکلی ساڵێک دوای گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا، توانی ببێتە هاوڕێ و یاوەری گەڕیدەی لاو (جۆرج ئاشی) کەمئەندام، کوڕی قەشەیەکی ئیرلەندی، کە چوو بۆ سەفەر بە دەوری ئەوروپادا. ((بڕوانامەی لە ئەژمار نەهاتوو)) ڕەخسا و هەردووکیان چوونە سەفەرێک کە چوار ساڵ درێژە دەکێشێت.

له نزیک چێرنۆبڵ گورگێک پەلاماری گالیسکەکەیانی دا (بێرکلی شمشێری هەڵکێشا، ئاش دەمانچەکەی تەقاندو گورگەکە زۆر هێمن، لەکاتێکدا ئاوڕی دەدایەوە، دوورکەوتەوە). لە بەفرو بۆراندا بە ئالْپدا تێپەڕین و بێرکلی لە هاوڕێتمیەکدا لە ترسان دەنووست، پاشان لە ئیتالیا کەوتنە سەفەر کە لەو ڕۆژانەدا بۆ دەوڵەمەندانی بێخەمی ئەوروپای باکور، جۆرێک پارکی کەلتوری و دیزنی لاند بوو. زۆرجار جیهان بە شێوەیەک تەماشای خەڵکی شوێنەکەیان دەکرد کە ئێمە تەماشای میکی ماوس و دۆناڵد دۆک دەکەین، بەڵام کە هونەرو تەلارسازی هەمان کەسایەتیە کارتۆنییەکانیان دەدی ئاگایان لە خۆیان نەدەما. بێرکلی لە ئیسکیا بە کەمێک زێدەڕۆیی ئیرلەندی سەیری دەورووبەری دەکرد و لەجێیەک بانگەشەی دەکرد، کە بەسەر دوورگەوە ((دەتوانێت جوانترین دیمەنی جیهان ببینی و دیمەنی 300 مایلی لە ئیتالیاوە بە چاوێک ببینی)).

بێرکلی ساڵی 1720 گەڕایەوە بەریتانیاو لە ساڵێکدا De Motto (دەربارەی جوڵانەوە)ی بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە چەند ڕادەربڕینێکی زانستی گرنگی تێدایە و بۆچوونی نیوتن دەربارەی شوێن، جوڵە و کاتی ڕەها ڕەت دەکاتەوە. بۆچوونەکانی بێرکلی بە شێوازێکی نامۆ هاوتای دۆزراوە فیزیکیە نوێکانن. بەڕاستی بەراوورد ناکرێت کە بێرکلی چەند ئاگای لەو خاڵانەیە کە لێرەدا باسیان دەکات. هەندێک لەو باوەڕەدان قسەکانی ڕاست بوو، بەڵام بە بەڵگەی تەواو و هەڵە؛ خەڵک بە پێشڕەوی ((ماخ و ئەنیشتاین))ی دەزانن، بەڵام تا ئەو جێیەی دەتوانم ڕەچاوی بکەم، بێرکلی زیاتر خوازیاری داکۆکی بوو لە پێگەی فەلسەفی خۆی تا خستنەڕووی تیۆرێکی ڕێژەیی، ئەوەش بیست ساڵ پێش ئەنیشتاین.

کارەساتی گەورەی ساڵی 1720 لە لەندەن، میزڵدانی دەریای باشوور، یەکەم قەیرانی گەورەی دارایی لەندەن بوو. ((کۆمپانیای دەریای باشوور)) لە ڕاستیدا بۆ بازرگانی کۆیلە و هەناردەی کۆیلە بۆ ئەمریکای باشوور دامەزرابوو. بەم حاڵە، بە پیلانی جۆراوجۆر، لەسەر بنچینەی کەمترین تێچوون، سەرمایەی کۆمپانیاکە بەزوویی گەشەی کرد. سەرمایەداران لە سەرتاسەری ناوچەکانی دەورووبەر بۆ کڕینی پشک سەرودەستی یەکترییان دەشکاند و نرخی پشک خێرا بەرز بۆوە. بە ناچاری میزڵدانەکە تەقی و کۆمەڵێک لە سەرمایەداران، گچکە و گـەورە، مایەپووچ بـوون. لە لێکۆڵینەوەکانی داهـاتـوودا، شرۆڤەی باوی دەسەڵاتدارانی حکومەت، بەرپرسانی دام و دەزگاکان، ناوکە ئابوورییەکان پیشانیدا کە کڵاوییان لەسەر نراوە. (ئەوانەی هێشتا ئاگایان لە چەندو چوونی ڕووداوەکە نییە سەریان سووڕ دەمێنێ بزانن ((کۆمپانیای دەریای باشوور)) سەدەیەکی دیکە بازرگانییەکەی بەردەوامە، تا ساڵی 1853 واتە کاتێک کە ویلیام ویلبرفۆرس، هەڵوەشێنەرەوەی کۆیلەداری، لەمێژ بوو هۆکاری بوونی ڕواڵەتی کۆمپانیای لەناو بردبوو).

ئەم ڕووداوە ناخۆشە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر مرۆڤەکانی وەک بێرکلی دانا. نامەیەکی بە ناونیشانی نێزێک دەربارەی بەرگرتن لە ڕووخاندنی بەریتانیای گەورە و شیعرێکی پێشبینیانەی دوورو درێژی بەناوی ((ئیمپراتۆر هەنگاو بەرەو خۆراوا دەنێت)) بڵاوکردەوە. (بەهۆی ئەو ناونیشانەوە، کەوتە سەرزمانی پێشڕەوانی بەرایی ئەمریکییەکان، کە بۆ لێوارەکانی خۆرئاوا کۆچیان دەکرد، شاری بێرکلی کالیفۆڕنیایان بەناوی ئەو فەیلەسوفەوە ناوناوە).

بێرکلی قەناعەتی کردبوو داهاتووی شارستانییەت، نەک لە بەریتانیای

پڕ مەترسی و لە ئەروپایە، بەڵکو لە ئەمریکایە. بڕیاری کۆچی داو پێشنیازی کرد کۆلیژێک لە بەرمۆدا دابمەزرێت. لەوێ لە ((سامر ئایلەندز)) وانەی بە کوڕە جوتیار و سوورپێستەکانی ناوخۆی ئەمریکای دەووتەوە. دوای میزڵدانی دەریای باشوور، ئەم پێشنیازە بیرئاوەڵانە ئیلهامی بە هەموان دەبەخشی. ڕاگەیاندنی هاوکاری دارایی لە هەموو لایەکەوە سەرەوژێر بوو، بووە سەرۆکی قەشەکانی کانتربێری ئەندامی دەستەی ئاسایش و پەرلەمان هاوکارییەکی بیست هەزار پاوەندیان پەسەند کرد.

هەمانکات، بەپێی وەسێتی ژنێک بە ناوی (هستر وان هامریگ)، کە بێرکلی باش نەیدەناسی، میراتێکی سێ هەزار پاوەندی پێگەیشت. ئەم ژنە هەمان ((ونسای)) بەناوبانگ بوو، کە ئاشقی بێرکلی، سویفت، ببوو. وەکو لە قەشە ڕووناکبیرەکان چاوەڕێ دەکرێت، ژیانی ئاشقانەی جۆناثان سویفت شکستێکی لەڕادەبەدەر بوو. بە دزی هاوسەرگیری لەگەڵ زڕ خوشکەکەی ستێلا کردبوو، بەڵام لە لەندەن پەیوەندی لەگەڵ ونسا (کە پێشتر هاوسەرگیری کردبوو) هەبوو. کاتێک گەڕایەوە دبلن کە لەوێ قەشەی کڵێسای گەورەی سەن پاتریک بوو، بە ترسەوە زانی کە ونساش بە دوایەوەیە. لە ئاکامدا ونسا منداڵێکی لێی بوو لەوانەیە ئاگای لەو منداڵە دەبوو (دیارە وردەکاری کارەکە پەنهان و جێی ناکۆکیە). ونسا بە ڕواڵەت پێش مردنی لەگەڵ سویفت تێکی داو بەهۆی ئازارەکەیەوە وەسیەتەکەی بە قازانجی بێرکلی گۆڕی.

کەس نازانێت بۆ بێرکلی هەڵبژێردرا. بۆخۆی دەیووت: ((لە هەموو ژیانمدا هەرگیز قسەیەکم لەگەڵدا نەکردووە کە درۆ بوو))، چونکە سویفت پێی ناساندبوو، پاشان بۆ نانخواردن بانگهێشتی ماڵەکەی کرابوو. بەڵام شایەتی دال لەسەر ئەوە نییە کە بێرکلیش پەیوەندی لەگەڵ هەبووبێت:

هەرگیز مرۆڤێکی وا نەبوو، بەمەش هێشتا نهێنییەکە پەنهانە. خۆشبەختانە پەیوەندی بێرکلی لەگەڵ سویفت لەم ڕووداوە تووشی کێشە نەبوو هەتا دەوترێت کە بێرکلی ژمارەیەک نامەی شەرمەزارکەری نێوان ونساو سویفتی سووتاندووە کە لە دەرەنجامی هەمان وەسیەتە کەبە بەدەستی گەیشتبوو. بێرکلی تێکڕای ڕووداوەکەی بە ویستی خوا دەزانێت بۆ هاوکاری پێشنیازی بەرمۆدا.

بێرکلی و سویفت بە هاوڕێیی مانەوە. ڕەنگە بەهۆی هەژدە ساڵ ناکۆکی تەمەن و جیاوازی تەواوی خوڵقوخۆ لە یەکتری جیابووبن، بەڵام هەردووکیان پەیوەندی فکری لە ڕادەبەدەر و بڵاوییان هەبوو. بەردەوام هاوڕا نەبوون، بەڵام هەردووک دەیانزانی کە ئەوی دی ئاگایی پێویستی ئاوتوێ کردن و پێوەری ڕاو بیروباوەڕی هەیە. بەم حاڵە، تەنزی مەسەلەکە لێرەدایە کە پێگەی فەلسەفی بێرکلی دەربارەی ئەندێشەی بەمانای تەواو ورد، بە گومانەوە بوو. ((ئەوە کە خەڵک لە ڕادەبەدەر توانای دەرهەستەیی ئەندێشەکانی خۆیان هەیە یان نییە، بۆخۆیان باشتر دەتوانن وا بڵێن، بەڵام بۆ خۆم لەڕاستیدا دەبینم کە هێزی خەیاڵ یان بەرجەستەکردنی ئەو شتە تایبەتەم هەیە کە تێیان گەیشتووم و دەتوانم بۆ شێوازی جیاواز دابەش و موتووربەیان بکەم)). پاشان ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن دەکرێت مرۆڤی دووسەر یا ئەسپ، مرۆڤ وێنا بکات، بەڵام بەشەکانیان وەک گوێیەکان یان چاوەکان، بەردەوام شێواز و ڕەنگی تایبەتیان هەیە، ((هەروەها بۆچوون و ئەندێشەم لە مرۆڤێک کە بۆخۆم بنیاتی دەنێم یان دەبێت سپی بێت یان ڕەش یان زەردباو. بە ڕاستی قەمبوور، بەرز یان کورتەباڵا یان مام ناوەند)). حەتمەن دەبوو وێنایەک بکات کە ڕێک تایبەتمەندی تایبەتی قابیلی تێگەیشتن بوو. ناتوانم ئەندێشەی دەرهەستەیی وێنا یان خەیاڵ بکەم.

ئەم میتۆدە تایبەتی و کەسیەی بێرکلی لە بەڵگەهێنانەوەدایە. ئەزموونێکی زەحمەتە. سەلماندن و شایەتی هێنانەوەی تەنیا پەیوەندی بە ئەزموونی خۆیەوەیە. لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەگرانی ناچار بەو گومانە کرد کە لەوانەیە دەزگای تێگەیشتنی تێکچوونی تایبەتی هەبێت. ئەوان دەڵێن ئەزموونکردن بەم شێوازە باو نییە کە هەموو کەس بتوانێت ڕای دەرهەستەیی لە مرۆڤ، سێو، ئەسپی مرۆڤ و هتد.. هەبێت. بەڵام ئایا دەکرێت بۆچوونی شاراوە، ئێستاو ئێکرا لە سێو هەبێت، بەڵام چەندی زیاتر و وردتر ئەم بۆچوونە شرۆڤە و تاوتوێ بکەین زۆرتر جیاکاریە تایبەتییەکانی وەک ڕەنگ، قەبارە...هتد دەدۆزێتەوە، بەڵام سەلماندنێکی لەم چەشنە لە بابەتێکی گرنگدا دەمێنێتەوە و بۆچوونمانە لە ژمارە، بێگومان لێرەدا بۆچوونەکەمان ڕوونە و بـەردەوام وا دەمێنێتەوە. بۆچوونمان لەچوار، چەندی بیری لێ بکەینەوە تایبەتتر و دابەشتر نابێت بۆ 10×4، پێمانوابێت. بە کردەوە زەینێک هەڵدەکۆڵین کە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکەی ئایا چوار بە شێوەی 4 یان 4 تایبەتتر لە زەیندا دەیهێنین؟ زۆرینەی مرۆڤەکان، یان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە یان پشتگوێی دەخەن. تێگەیشتنێک کە بۆ ((چوار)) هەیانە ئەندێشەی بۆچوونی دەرهەستەییە، نەک نمایشێک لە ژمارە. لێرەدا بەڕای من تەنانەت بێرکلی بۆچوونەکەی بەسوود وەرگرتن لە هێزێکی زەینی دەرهەستەیی دەکرد کە بانگەشەی دەکرد. زەحمەتە بکرێت و تێبگەی بێرکلی چۆن دەیتوانی هەڵەیەکی وا بکات، چونکە هەروەک بینیمان ماتماتیک زانێکی بەناوبانگ بوو.

دەبێت بە هەق بڵێین بێرکلی وەڵامی بۆ ئەم ڕەخنانە هەبوو. هاوتای پێگەی گشتی فەلسەفەکەی، تەنیا دەی ووت کە ژمارە نییە. لەڕاستیدا ئەوە بۆ ماتماتیک زانێک ڕوانگەیەکی جوانکاریە، بەڵام گومانی تێدا نییە بێرکلی

ئەوەی هەبوو. هەروەک لە باسی پێشتردا لە ماتماتیکی عەرەب و زەینی خودا دیتمان، جێگرەوەی ماتماتیک لە کۆنەوە شوێنی باس و گەنگەشە بووە و زۆربەی فەیلەسوفان لەم بارەیەوە گەیشتوونەتە دەرەنجامی زۆر جیاواز. بەڵام بە زەین دەگاتە مەسەلەکە ئەوە بێت: ماتماتیک چۆن هەیە، نەک هەیە یان نییە. پێدەچێت تەنیا بێرکلی بوو کە لە بابەتی دوایی بگرەو بەردەی دەکرد.

لەم سەردەمەدا، زۆر دەچووە دەربارو لەوێ خاتوونی شازادەی وێڵز، کە سەردانی لایبنتز-ی کردووە، زۆر تامەزرۆی باسی فەلسەفی بوو، کۆڕێکی فەلسەفی دامەزراند بوو، بەڵام پێدەچێت لە کۆڕەکەدا شتی قۆڕی دەدی و بێرکلی خەمبار دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، هاوڕێیەتی دیبلۆماسی بێرکلی زوو بەرهەمیدا. سالی 1724 بوو بە بەرپرسی قەشەکانی دێرێک، کە لایەنێکی پڕ داهاتە بوو هاوکاتە خەریکی کاری تازە بوو، کە چاوەڕێی تەواوکردنی وردەکاری پڕۆژەی بەرمۆدا بوو.

هەرلەو قۆناغەدا سەردانی ئۆن فۆستەر، کچی سەرۆکی پەرلەمانی ئیرلەندای کرد. ئون فۆستەر لەفەرەنسا خوێند بووی و زۆربەی سەرچاوەکان بە ((بەلێهاتوویی)) و ((ڕووخۆش)) وەسفی دەکەن. باسی دڵداریان ناکرێت، بەڵام ئاشکرایە کە بوونە دۆستە و ساڵی 1728 هاوسەرگیریان کردووە. لە عورفی باوی ئەو سەردەمە هاوسەرگیریەکی گونجاو بوو. زۆربەی وردەکاری پڕۆژەی بەرمۆدا (جگە لەپێدانی هاوکاری دارایی حکومەتە) ئاشکرا ببوو، بەمەش بێرکلی لەگەڵ نۆبووکەکەی بەرەو ئەمریکا کەوتەڕێ. ژن و مێرد لەڕوود ئایلند جێگیر بوون و بێرکلی لەوێ هەزار مەتر زەوی کڕی، گوایە بۆ هاوکاری کۆلێژی بەرمۆدا کردیە کێڵگە. خانوویەکیشی بۆخۆی درووستکردو ناوی نا وایتە هۆڵ (هاوناوی کۆشکی پاشایەتی ئەو سەردەمەی لەندەن) سەرچاوەیەکی هاوچاخی

ئەو ماڵە ناودەنێ ((خانوویەکی داری ئاسایی)) کە بەمسۆگەری وا نەبوو. سێ مایل کە لە نیۆپۆرتی ئیرلەندا بۆلای باکور بچی لە دەورووبەری میدلتۆن دەیبینی. خانوویەکی گوندنشینی داری دوو نهۆمی ئاسایی، بەڵام پتەوو قایمە کە دەرگای چوونە ژوورەوەی نەخشەکەی سەنتوری کلاسیکی نوێیە.

بەپێی سەرچاوەی متمانەپێکراوی خۆماڵی، بێرکلی خوی وابووە، تا ساچستت بیج بەپێ بڕوا و لەوێ لە پەنا ((بەردە هەڵواسراوەکان)) دەینووسی. لە کڵێسای ترینیتی نیوپۆرت، کە ڕێک دووساڵ پێش هاتنی ئەو دروستکرابوو لاسایی کردنەوەی ئەو کڵیسایانە بوو کە کریستۆڤەر ڕن بەم دواییە لە لەندەن دروستی کردبوو هەروەها بەردەوام ئامۆژگاری دینی دەکرد، هێشتا ئەم کڵێسا سپیە سەرنجڕاکێشە ماوە و منارە قووچەکەی ئاماژەی جیاکەرەوەکانی ئەو شوێنەیە. ئۆرگێکی لێیە لەسەری نوسراوە (دیاری دکتۆر جۆرج بێرکلی، بەرپرسی قەشەکانی کلوین). خوشکە شیریەکەی بێرکلی لە مەیدانی کڵێساکە نێژراوە کە لەو سەردەمەدا مرد.

بەگوێرەی ئامار، نیۆپۆرت لەو سەردەمەدا یەکێک لەپڕ ڕەونەقترین شارەکانی ئەمریکا بوو. پارەیەکی زۆری لە پاپۆڕ لێخوڕیندا بەردەکەوت و کەشتی گەشتیاری سێگۆشەییان درووست دەکرد. دەچوونە ئەفریقا کۆیلە بکڕن، پاشان دەچوونە کێڵگەکانی هیندی خۆراوا، کۆیلەکانیان دەفرۆشت و لەگەڵ خۆیان شەربەتی میوە و دانەوێڵە، خواردنەوە گازییەکان و دابلۆنی زێڕیان دەهێنا. بێرکلی لە بازرگانی کۆیلە بێزار بوو، بەڵام بە درێژایی مانەوەی لەم بارەیەوە نقەی نەکرد. لەوانەیە نەی دەزانی کە شار چەند گرفتاری ئەو کارەیە. لە هیچکام لە باسوخواسە ئایینییەکان کە هەندێجار لە نێوان باپتیستەکان، کویکەرەکان و پڕسبیترەکان، بەشداری نەدەکرد کە دیارە هەموویان بۆ بیستنی ئامۆژگارییەکانی دەهاتن.

تا ئاسنێک سەفەری بێرکلی کاتی بەفیڕۆدان بوو. دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی تێگەیشت کە حکومەت دوای ئەم هەموو ماوەیە بڕیاری داوە یارمەتی دارایی نەدات. (بودجە لەجیاتی تایبەت کراوە بە پێداویستی بەبڕشتترو بووە خەرجی جیهازی خاتوونی شازادەی گەورە.) بێرکلی گەڕایەوە بەریتانیا و دووبارە بەردەوام لەدەربار ئامادە دەبوو. ئێستا خاتوونی شازادەی وێڵز بۆتە شاژن و دەیویست دەربارەی سەردەمی کرانەوەی نیشتەجێ بوونی بێرکلی لە ئەمریکا هەمووشتێک بزانێت. لەم ناوەدا بێرکلی درێژەی بە هەڵکوتانە سەر لیبراڵەکان و ڕاڤیار، یان گوتاری دواندنی ماتماتیک زانێکی کافری بڵاوکردەوە.

((ماتماتیک زانی کافر)) ئەدمۆند هالی بوو، کە ئەستێرەی کلکداری بەناوبانگ بە ناویەوە کراوە. هالی کەسایەتیەکی گەورەی زانستی سەردەمی خۆی بوو. نەک هەر یەکەم کەس بوو کە مەداری ئەستێرەی کلکداری حسێب کرد، بەڵکو چەندین پسپۆڕیەتی هەبوو کە بەڵگەی بنەماکانی نیوتنی ساخکردەوە، تا ئەوجێیەی دەیزانم، تەنیا تێکەڵەی هالی ئەوە بوو، کە ویستی کەشناسی بکاتە زانستێکی شێلگیر، بەڵام بەڕوانگەی بێرکلی بە دەربڕینی ئەو بیروباوەڕە تابلێی هەڵەیەکی گەورەتر کرابوو کە ((تیۆری کریستیانییەتی تێنەگەیەنراوو ئەو ئایینە بۆخۆی دەستبڕو فێڵبازە)). ئەوە زۆر گران لەسەر بێرکلی کەوت، کە تێزە سەرەکیەکەی لەو گوتارە دابوو کە ئایینی تێنەگەیەنراوتر لە ماتماتیک نییە. بەڕای ئەو، ماتماتیک و ئایین هەردووکیان پشتیان بە کۆمەڵە بنەمایەک بەستووە کە بەڕادەیەک لەودیوو تێگەیشتنمانەوە بوون. لە ڕاستیدا، بێرکلی هەنگاوێک چووە پێشتر. تەریب بە باوەڕ نەبوونی بە ژمارەکان، هەوڵیدا ماتماتیک ڕەتبکاتەوە، چونکە بۆ ئەم کارە سوودی لە خودی ماتماتیک وەرگرت، گوایە هەرگیز کێشەی نەبووە.

سەرەڕای ئەمجۆرە شنە بێمانایانە بە ئاشکرا، سەلماندنی بێرکلی گرنگێتی فەلسەفی قووڵە. لەڕاستیدا، فلۆریان کاجوری دیرۆکناسی ماتماتیک وەک ((درەوشاوەترین ڕووداووی سەدە لە مێژووی ماتماتیکی بەریتانیا)) تاریفی وتارەکەی کردووە. ئەوە کە سەدەی هەژدە شایەتی ماتماتیکی نیوتنیش بوو، تەنیا دەکرێت گریمانە بکرێت، کە کاجوری باوەڕی وایە بێرکلی لە شوێنکەوتنی خۆی سەرکەوتوو بووە. بەهرەمەند بوون لە زانیاری ماتماتیکی پێشکەوتوو بە شارەزایی تەواوو لە ئاستی نیوتن، وەک یەکێک لە گەورەترین بلیمەتەکانی ماتماتیکی هەموو قۆناغەکان، پێگەی خۆی هەبوو. دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر تێکڕای ئەم باسە گەورەیە بێ ئەملاولا شایستەترین کارەساتی ماتماتیکی سەدە دەبوو.

پەلاماری سەرەکی بێرکلی بۆ ماتماتیک لەسەر گریمانەی ((لەبڕان نەهاتوو)) چڕبۆتەوە. بەپێی ماتماتیک، دەکرێت هێڵێک بە درێژایی کۆتایی نەهاتوو بۆ پارچەی لەبڕان نەهاتووی گچکە دابەش بکەیت. (ژماردن، لەسەر هەمان بنەما وەستاوەتەوە، کە نیوتن و لایبنیتز تازە دۆزیبوویانەوە.) بێرکلی سەلماندی کە وێنای هێڵی کۆتایی هاتوو نائاسایی قابیلی دابەشکردن، لێکدژە. دابەشکردنی هێڵ دەبێت نائاسایی درێژەی هەبێت (تا برینی بێت لە پارچەی گچکەی بێ بڕانەوە)، دەبێ هاوکات لەناکاویش کۆتایی بێت (چونکە هێڵ تەواو دەبێت). ناکرێت هەردوو شێوەکەمان بەیەکەوە هەبێت.

بە هەمانشێوە، بێرکلی بەڵگەی هێنایەوە، ئەگەر هێڵی کۆتایی هاتوو برینی بێت لە پارچەی نەبڕاوەی گچکە، دەبێت ئەم پارچانە لەقۆناغی درێژی کۆتاییان بێت. لەچ قۆناغێکدا ئەو پارچە تابڵێی گچکانە وەک پارچەگەلێکی درێژ کۆتاییان دێ؟ هەمان کات پارچەی کۆتایی هاتوو لەتێکڕا دەبن، هەرچەند ئەو پارچە زۆر گچکەیە، بۆخۆشی تابڵێی قابیلی دابەشکردنە.

ئایا تەنیا کاتێک کۆتاییان دێت، کە تێکڕا هێڵی کۆتایی دروستدەکەن؟ بەڵام ئەگەر هێڵەکە کەمێک کورتر بوو چ دەبێت؟ دەکرێ پرسیاری وا تاسەر بەردەوام بێت؟.

وەڵامی بێرکلی هەم سادە و هەم لۆژیکیە. هەرگیز دابەش بوونی نەبڕاوە نییە، بەمەش بەپێی یاساکانی لۆژیک، دابەشبوون کۆتایی هاتووە. بەم مانایە کە دەبێت بە ((ئەتۆمەکان))ی کۆتایی هاتووی درێژی بگەین. بێرکلی دەیزانی ئەم بیرۆکەیە دەگاتە دەرەنجامی نەخوازراو. بۆ نموونە ڕێبازی ئەندازەیی ئەقلیدس بۆ دابەشکردنی هێڵ بۆ دوو پارچەی یەکسان متمانەی نامێنێت، بۆ؟ ئەگەر هێڵ لە ژمارەی نایەکسانی ئەتۆمەکانی درێژی دابەش نەکراو پێکدێت، کارێکی وا نەشیاو دەبێت. دیارە ئاشکرا بوو ئەو ڕەخنانەی بێرکلی لە ماتماتیکی گرتووە ڕەتنەکراوەن. بە شێوازی خۆی، ماتماتیکی ڕەتکردبۆوە. کە بۆخۆی ماتماتیک زانێکی شایستە بوو، ئارەزووی هەبوو قبووڵی بکات کە ماتماتیک بە مسۆگەری ((وەڵام دەداتەوە))، بەڵام تەنیا خاڵی جێ سەرنجی خۆی سەلماندبوو: ماتماتیک لەسەر کۆمەڵێک ڕەمز وەستابۆوە کە وەکو ڕەمزی ئایین قابیلی ئاشکراکردن و ڕاڤە نەبوو. شوێنپێی بێرکلی بەسەر ماتماتیک زیاتر لە سەدەیەک بێ وەڵام مایەوە. دوای دۆزینەوەی ئەندازەی نائەقلیدسی بوو کە دەرکەوت فەزای ماتماتیک و فەزای واتایی دوو شتی تەواو جیاوازن. دابەشبوونی تاسەر لە فەزای ماتماتیک تەواو شیاوبوو، گەرچی شتێکی وا لە واقیعیەتدا نارەخسێت.

وەک پێشتر دیتمان، بێرکلی لە دەربارەی جوڵانەوە بوێرانەش پەلاماری زانستیدا. هەم پێشتر لەکاتی خۆی و هەم تەبای فەلسەفە لە بنچینەدا نازانستیەکەی بوو. تیۆری گرانشی گشتی نیوتنی برتیە لە وێنای جووڵەی ڕەهاو شوێنی ڕەها. ڕادەیەک لە شوێن، هەروەک دەشێت درێژی

دیاریکراو، لەسەر بنەمای پێوەری جێگیری ئەندازە وەری بگریت. بە هەمانشێوە ڕادەیەک لە کات، هەردووکیان بە تەواوی جێگیر بوون!

بێرکلی بـاوەڕی وابـوو، کە ناکرێت شتێکی وەک جووڵانەوەی ڕەها هەبێت: بەردەوام پێویستە ڕێژەیی بێ و هەمیشە دەبێت گرفتاری تووخمی سروشتی بێت. جووڵانەوە شێوازی تێگەیشتنی زانایە لەلایەن ((خولقێنەری سروشت)). بێرکلی وێڕای ئەم سەلماندنە چەندینجار خوا بەم دەستەواژەیە ناو دەنێت. بەیەک زانینی ((خولقێنەری سروشت)) لەگەڵ ((یاساکانی سروشت))، فەلسەفەی بێرکلی بۆ تێگەیشتنی مۆدێرن بەڵگەدارتر و تێگەیەنراوتر دەکات، بەڵام بێرکلی بۆ خۆی بەمسۆگەری یەکبوونی ئەو دوو چەمکە قبووڵ ناکات.

بەمجۆرە، جوڵانەوە ڕەها نەبوو، ناکرێت لە دنیای دابـڕی. بە هەمانشێوە شوێنی ڕەها، ئەوە بۆچوونێکی تەواو و دەرهەستەیی بوو کە بە پێچەوانەی بۆ نموونە وێنای دەرهەستەیی سێوێک، ناکرێت بەشی زیادەی تایبەتی بۆ دابنێی. ئەو شوێنە ڕەهایە چەند بەرینە؟ چۆن دەمێنێتەوە؟ چۆن دەکرێت تێی بگەی؟ شوێنیش ڕێژەیی و بەشێک لە جیهان بوو: شوێنیش شێوازی تێگەیشتنی جیهان بوو لەلایەن خولقێنەری سروشت. زۆربەی بیرمەندان تا بەرایی سەدەی بیست، ئاوڕییان لە ئەندێشەکانی بێرکلی نەدایەوە. تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین شوێن و جووڵانی زیاتر وەک بێرکلی، دیارە بەبێ گریمانە نامادییەکانی، تێی ڕادەمێنێت.

بێرکلی لە ماوەی چەندین سەعات بەرگەگرتنی سستی و جاڕزی لەباری پاشایەتی لە ئاکامدا بە پۆستێک پاداشتی درایـەوە. بووە قەشە کلوین، قەشە نشین لە باشووری خۆراوای ئیرلەندا. نەریتی کۆڵمەن لە سەدەی بیست ئەم پێگە گرنگەی قەشەی دامەزراندبوو کە بەتۆپزی ڕووی

لە کڵێسا وەرگیرابوو، چونکە باوەڕی وابوو مێژووی جەژنی پاکیان بە هەڵە لێکداوەتەوە. جارێکی دیکە کلوین دەبێتەوە، قەشە کە باوەڕی وابوو بۆچوونی هەموو جیهان لەسەر کاتێ هەڵەیە.

بێرکلی و خێزانەکەی (کە چەند منداڵێکیشی هەبوو) لەڕێی دەریاوە چوونە دبلن، پاشان سەفەرێکی دووردرێژ بۆ باشووری خۆراوا ڕێگای شاخەکانی ئاکمایل داونیان گرتەبەرو گەیشتنە شارۆچکە دوورە دەستەکەی کلوین. بێرکلی دوای هەژدە ساڵ (1734 – 52) لەوێ لە شوێنی قەشە نیشتەجێ بوو. (ئەو خانووەی تێیدا ژیا، ساڵی 1870 بووە پارووی سووتان و ڕووخا، بەڵام دەڵێن شوێنی قەشەی گەورە و سادەی ئێستا زۆر هاوشێوەیەتی). شەش منداڵەکەی گەورە بوون، ژنەکەی کێڵگەی دەبرد بەڕێوە کە زیاتر لەسەد کەس ئیشیان تێدا دەکرد و خێزان بووە ئەنجومەنی ژیانی کۆمەڵایەتی شوێنەکە. بە هەمانشێوە بەهۆی خراپی بەرهەمی پەتاتە، زستانی سەخت خێری نەبوو.

نابێ لەبیرمان بچێت کە بێرکلی پرۆتستان و ئەندامی چینی باڵادەستی ئینگلیزی – ئیرلەندی بوو. زۆرینەی دانیشتوانی کاسۆلیک لە کۆت و زۆرجار لە هەژاری تووندا دەژیاو قوربانی دەمارگیری ڕەگەزی بەریتانیا و ئەو ترسە بوو کە هێرشی ڕێبازی کاسۆلیکی لە ئەوروپاوە ئیرلەندای دەخستە ڕێگای دزەکردنەوە بۆ بەریتانیا. بێرکلی و هاوڕێکەی سویفت و زۆربەی ئینگلیز – ئیرلەندییەکانی دەستە ڕاستی تر، لە ڕەفتار لەگەڵ گوندنشینانی ئیرلەندی جاڕزبوون، کە زۆرجار قاتوقڕی لێدەکەوتەوە. سویفت لە کتێبەکەیدا، پێشنیازێکی ئاسایی، چارەسەری بۆ ئەو گرژیە خستەڕوو: ئیرلەندا پێویستی بە قاتوقڕی نییە، چونکە ئیرلەندییەکان کە منداڵەکانیان بە ئاسانی دەتوانن خواردنی یەکدی بخۆن، بەڵام تەنانەت ئەو

ئانە ناخۆشەش نەیتوانی ڕای گشتی لەبەریتانیا بورووژێنێت. (ڕاڤەیەکی مارکسیستی بەسەر ڕامانی بێرکلی بانگەشە دەکات کە تێکڕای فەلسەفەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیەیە. کاتێک شتێک نابینین، کەوایە نییە. هەژاری مەبینە، تا نەبێت. ئەم شرۆڤەیە، وەک زۆربەی تری لەمجۆرە، زۆر جوان و داهێنەرانەیە و دەکرێت بۆچوونەکانی جێی سەرنجی سیاسی، دەروون شیکاری و فەلسەفی لێ هەڵێنجی و دیارە خێرا بەلاڕێدا دەڕوات. هەوڵی پێداگری بێرکلی بۆ زاڵبوون بەسەر فەلاکەتی ئیرلەندا ساختەکارانە لەبەرچاوی ناگرێت. ئەمجۆرە بۆچوونانە زیاتر فرتوفێڵن تا ڕاڤە).

سەرنجی بێرکلی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵ و خەباتی تێپەڕاند. زانیاری و لۆژیکی بابەتیەکەی لە کاروباری ئیرلەندا ناچاری کرد بیر لە ڕێبازگەلێک بکاتەوە بۆ هەموارکردن و چاکبوونەوەی بارودۆخی فەلاکەتباری نیشتیمانەکەی. ئەمانە بوونە بنەمای کتێبەکەی پرسیارکەر کە لە سالی 1737 بڵاوکرایەوە. لەو کاتەدا تێفکرینی ئابووری هێشتا ساوا بوو. سامانی نیشتیمانی ئادام سمیس کە بەگشتی بە بەرهەمی بنەمای ئابوری کلاسیک دەزانرێت تا 1776، واتە تاڕادەیەک تا دوای چل ساڵ، بڵاوناکرێتەوە. سەرەڕای، هەندێک لە ڕاکانی بێرکلی نیشانەی تێگەیشتنی قووڵ و بنیاتنەری شێوازی کارایی بازرگانی و شێوەی زیادکردنی ڕەونەق و خۆشگوزەرانییە. دەکرێت لێرەدا بگووترێت، ڕامانی بێرکلی هاوئاڕاستەی ئەم قسەیەی مارکسە کە ((فەیلەسوفەکان بە شێوازی جیاجیا جیهانیان شرۆڤە کردووە، مەبەست گۆڕینییەتی)). دیارە بێرکلی بە دڵنیایی پێشڕەوی مارکسیزم نەبوو، هەروەک بینیمان، پاڵنەری سەرەکی فەلسەفەکەی لەپێناو ڕاڤەی جیهان بوو.

پرسیارکەر شەش سەد ((پرسیار))ە کە هەریەکەیان تایبەتمەندیەتی کاریگەر و لێکدانەوەیان هەیە. بێرکلی لەیەکەم ئەو کەسانە بوو، کە

دۆزینەوەی زێڕ چ لە پێوەری نیشتیمانی و چ کەسی بەڕاستی پێوەری سامان نییە. بەهای ڕاستەقینەی زێڕ لەسوود وەرگرتنی دایە کە دەکرێت ببیە خاوەنی. پرسیارکەر بە نەزانم کاری ئاوا دەپرسێت: ((زێڕ یان زیو مەگەر جگە لەوە بەهایەکیان هەیە کە خەڵک بۆ کار یان پیشەسازی هاندەدەن؟)) سامانی وڵات لەو کارو کۆششە دایە کە دەیکات، لە هاوڵاتیانی پیشەوەری دایە. بێرکلی بە ڕەوانی دەپرسێت: ((هەرگیز بووە، هەیە، یان دەبێ، میللەتێکی کۆشاو فێرخواز کە هەژار، یان میللەتی بێکارو بەتاڵە دەوڵەمەند بێت؟)). لە ڕوانگەی بێرکلی، کێشەکانی ئیرلەندا تا ئاستێکی زۆر سەرچاوە لە بێکاری و دواکەوتوویی دانیشتوانی دەگرێت گەرچی لەو باوەڕەدا بوو بتوانرێت کێشەکە بەکەمتەرخەمی خۆیان لەقەڵەم بدرێت. ئیرلەندا لەدەردە سەری دابوو، چونکە بەشی زۆری زەوییەکانی مڵکی ئەو کەسانە بوون کە لە بەریتانیا دەژیان و مڵکەکانی خۆیان بە تاکە سەرچاوەی داهات دەزانی. ئاوڕنەدانەوە لەو مڵکانە خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان کرد. لە ئەنجامدا، وڵات گیرۆدەی هەناردەی گۆترەیی ئێچوونی هاوردەی بەسوود بوو کە دەیتوانی ڕەوتی بازرگانی بەهێز بکات. دڵ نەرمی مەسیحیەت و مەیلی تایبەتی، بێرکلی بەرەو ئەنجامگیریەکی بنەمایی برد. خۆشگوزەرانی نەدارترەکان دەبێت ئامانجی هەموو سیاسەتێکی ئابووری بێت. دەپرسێت: ((ئایا دەکرێت خەڵکانێک ناوبنێی هەژار کە خواردن، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە؟)). دەکرێت هەژاری و برسێتی، نەهامەتی ئیرلەندا، لەبەین ببەی.

هەروەها بێرکلی لەسەر گرنگیەتی بانکداری لە بەدیهێنانی ڕەونەقی بازرگاری وەستابۆوە. بانکداری ((گەورەترین پاڵنەر بوو بۆ بازرگانی))، دەکرێت بە حیسابی بانکی ((شمەک بە ئاسانی بگوازیەوە و بەباشی

بیپارێزی، واتە بە نوسینی ناوی کەسێک لە دەفتەری بانکی لە ڕواڵەتی کەسێکی تردا)). بانکەکانی ناوەندی پێشتر بە سەرکەوتوویی لە ئەمستردام، لەندەن، هامبۆرگ دامـەزرابـوون. گەرچی ئەم ئەندێشەیە لە فەرەنسا کاریگەری نەبوو کە یەکەم بانکی نیشتیمانی لەوێ مایە پووچ بووە و کارەساتی دارایی تەنانەت گەورەتر لە میزڵدانی دەریای باشوور (کە لە هەمان ساڵدا ڕوویدابوو). لەلایەکی تر، بانکی بەریتانیا لە پارێزرانی لە شوێنەواری میزڵدانی دەریای باشوور وەک پێویست نەرمی نواند بوو. بێرکلی داکۆکی لە دامەزراندنی بانکێکی نیشتیمانی دەکرد، لە ئیرلەندا.

فەلسەفەی ئابوری و دارایـی بێرکلی سەرنجێکی زۆری ڕاکێشا. پرسیارکەر لە تەمەنیدا دە جار چاپ بوو، بە دڵنیاییەوە تا ڕادەیەک هەندێک لە ڕاکانی کاری لە ئادام سمیس کرد، بەڵام جەختکردنەوەی بێرکلی لە ئیرلەنداو بارودۆخی تایبەتی مانای وابوو، کە ڕاکانی ئەو دەسەڵاتە بەربڵاوەی زۆربەی تیۆرە ئابووریەکانی زۆر پشت بەستوو بە واقعیەت بەدەستەوە نادا. سەرەڕای، ڕاکانی دوورنوارِ بوو. لە ساڵە ترسناکەکانی جەنگی جیهانی دووەم کە ئیرلەندا بێلایەنی گۆشەگیرو نەدار بوو، تەنانەت هەوڵ بێهودە بوو تا بە بەکاربردنی هەندێک لە ئەندێشەکانی ئابوری ببووژێنێنەوە.

بێرکلی لە کۆتایی تەمەنی هۆگری هونەر بوو. بەرهەمێکی ڤان دایکیش لەناو تابلۆ شێوەکارەکانی شوێنی قەشە بوو مامۆستایەکی ئاواز و مامۆستایەکی میوزیکیش بوونە ئەندامی خێزانەکەی. بەزەین دەگا قەشە جێگەی مرۆڤێکی زۆرو جۆراوجۆری دەکردەوە. نیشتمان پەروەرێکی ناوخۆیی پەنای بۆ هێناو نەڕۆیشتەوە؛ دوو قەشە لەوێ نیشتەجێ بوون، گوایە چەند ((بە تەمەنێک))یش لەنێوان دابوون بۆ چاوپۆشی لە خزمەتکارەکان. شەش منداڵ، چەند سەگێکی ڕەگەز نزم و کەم گوێڕایەڵ، بەرخێکی دەستەمۆو

قەلە ڕەشیک. جارێک کە خێزانەکە لە کاتی پشوودا چوبووە کیلارنی، مانەوەی قەشە پێویستی بە چواردە تەختەخەو بوو (بەبێ حسێب کردنی توانای پێویست بۆ خزمەتکار و مەینەرەکان).

لەم ناوەدا، بێرکلی بۆخۆی وردە وردە سست دەبوو. تەمەنی پەنجاو ئەوەندە ساڵەیە و بە ئاشکرا پیری دەنواند. بە گوتەی زۆربەی سەرچاوەکان، ژیانێکی بێدەنگی هەبوو، وەرزشی نەدەکرد، قەڵەوی و کێشەی تەنگەنەفەسی و گوشاری خوێنی هەبوو تووشی لەرزی تووڕە بوون دەهات، کەمێک باریشی تێکچوو. هەندێک دەڵێن ئەم نائاساییە لەڕادەی سرووشت دەرچوبوو، خەڵک بەئاساییان دەزانی و کۆمەڵێک لەو باوەڕەدان هەڵسوکەوتی بۆ ئەندام بوونی لەدامەزراوەی ئایینی ئەو سەردەمە ئاسایی بووە. ساڵی 1744 بێرکلی پەیامێکی بڵاوکردەوە بەناوی شاعیرەکانی یەمانی، ریزبەندی هزرەکان و توێژینەوە فەلسەفییەکانی دەربارەی دەسکەوتی گیراوەی هەرگیزران. قەناعەتی کردبوو کە گیراوەی هەرگیزران دەرمانی هەموو نەخۆشیەکە. ئەم دەرمانە پەرجوو ئاسا شتێکی گوماناوی یان ئاڵۆز نەبوو کتومت ئەوەبوو، کە لە ناوەکەی دیاربوو. ئاوو هەرگیزران، بۆ درووستکردنی وێنای جیاجیا هەبوو، بەڵام هەموویان بە شتێک کۆتاییان دەهات. هەندێک باوەڕییان بە کوڵاندنی هەرگیزران بوو لە ئاودا. هەندێکی دی ئامۆژگاری کوتانیان دەکرد، پاشان گیراوەکەت چەند ڕۆژێک دادەنا بمێنێتەوە، ئینجا دەتخوارد – بەپێی یاساو شێوازی باو تڵپەکەیان فڕێ دەدا، مەگەر بتویستبایە، ددانەکانت ڕەش بن.

پەیامەکەی بێرکلی دەربارەی گیراوەی هەرگیزران یەکسەر لە سەرتاسەری بەریتانیا بووە پڕفرۆش، خەڵک بە درێژایی ڕۆژ لە قاوەخانەکانی لەندەن، گیراوەی هەرگیزرانیان دەخـواردەوە. بەپێی سوپاس نامەکانی بێرکلی وەری گرتبوون، ئەم داوەری پەرجوو ئاساییە، ئینتەلا، قەبزی، دەردەشا، هەوکردنی

مێشک، ئاو هێنانەوەی ئەندام شیفای هەموو ئەمانە بوو.

لەم کاتەدا، بێرکلی درێژەی بە ژیانی قەشەیەتی ئیرلەندی گوندنشینی دا. بۆ کەمکردنەوەی هەژاری ناوخۆ جلوبەرگێکی کردەبەر کە قوماشی دەستچنی هاوسەرانی خاوەن بەرازەکانی خۆجێیی و پەتاتە چێنەکان بوو. تاریفی سەرو سەکووتی باسی ((جلوبەرگی خراپ و کڵاوی ریشووەداری خراپتر)) دەکرا. شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی بوو ((جنێویان بە هۆڵەندییەکان دەدا و ساردنی شایان دەپەرست)). دەچووە لای کۆرتلیۆس ماگرات، پیاوە لەندەهۆرەکەی شوێنەکە کە لە پازدە ساڵیدا باڵای دوو مەترو نیو بوو. پاشان بێرکلی ڕۆژێک بەم دەرەنجامە گەیشت کە بەسە. شڕوشیناڵی خۆی کۆکردەوە و لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بەرەو ئۆکسفۆرد کەوتەڕێ.

لەساڵی 1754دا، نزیکەی حەفتا ساڵ بوو. باری لەشی ئەوەندە خراپ بوو کە دەبێت بە دەستەبەرە لەسەر وڵاخ بیبەستنەوە. لە ئۆکسفۆرد لە هالی واڵ ستریت نیشتەجێبوو تا جۆرجی کوڕی لە کویست چێرچ بخوێنێت. بێرکلی باوکێکی مەدارکەر بوو، کوڕەکەی زۆر دەستبڵاو بوو. ڕۆژێک جۆرج کهتر بۆ هالی واڵ ستریت هات تا وەسڵەکانی پیشانی باوکی بدات و وتی: ((شەرمەزارم قوربان کە بڵێم لە شەش مانگدا شەش سەد پاوەندم خەرج کردووە)). بێرکلی وەڵامی دایەوە: ((دڵنیام بە بەلاش نەبووە، کوڕم)). پاشان وەسڵەکانی قبووڵکرد، چاودێری کرد، کە بدرێت و بەبێ یەک پرسیار هەڵیدانە ناو ئاگرەوە. (تەنانەت ئەو بڕە لەو ڕۆژەدا دەبێت خەرجێکی زۆر بووبێ، دەکرا چەند ئەسپێکی پێشبڕکێی پێ بکڕیت.)

بێرکلی پێنج مانگ دوای هاتنی بۆ ئۆکسفۆرد، لە شەوێکی زستاندا، لەسەر قەنەفە پاڵکەوتبوو، کچەکەی ئامۆژگاری بۆ دەخوێندەوە. کە تەواو بوو، لەشی هەم سارد و دەست و لاقیشی ڕەق بوو. ئەسقوفی خۆشەویست مردبوو.

سەرەنجام کتێبخانەی نوێی (کۆلێژی ترینیتی) دبلنیان بە ناویەوە کرد، ڕێزگرتنێکی شایستە بوو. بێرکلی بەم شێوەیە سەردەمی خۆی بیردێنێتەوە: ((لە سەرماو گۆشەگیری کتێبخانە، ئاگر بوو نەک شتێکی دیکە کە لە بەڵای بەفر دەی پاراستم، بەفرێک کە بەردەوام بە پەنجەرەکان دەکەوت تا ڕێگا بۆناخی ئەو تەلارە زەبوونە بدۆزێتەوە)). ڕەنگە ناوەندێکی وا پێویست بوو تا فەلسەفەیەک ئیلهام ببەخشێت، کە بانگەشەی دەکرد جیهانی ماددی تا لەبەرچاوی نەگری، نییە.

# له نوسینەکانی بێرکلی

هەر کەسێک لە بابەتی لۆژیکی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە ئاشکرایە کە ئەمانە یان ئەو شێوازانەن بەسەر هەستدا ڕوودەدەن، یان بە ڕێگای سۆزی کاردانەوەکانی زەین دەزانرێن، یان لە ئاکامدا ئەو شێوانەن کە بە هاوکاری یادەوەری و مێشک و خەیاڵ لە پێکهاتە یان دابەشکردن، یان تەنیا پیشاندانەوەی ئەو زانراوانەی بەرایی دەڕەخسێنن کە پێشتر باسکران.

بەڵام جگە لە جۆرەکانی بێسنووری وێنا یان مەسەلە لۆژیکییەکان، شتێکیش هەیە کە دەیان ناسێت، یان تێیان دەگات و پرۆسەی جیاجیای وەک ویستن، وێناکردن و بەبیرهێنانەوەیان ئەنجام دەدات. ئەم بوونی تێگەیەنراوی کارا شتێکە کە ناوی دەنێم زەین، رۆح، گیان، یان خود. مەبەست لەم وشانە ئاماژەکردن نییە بە بیرۆکەیەک یان ئەندێشەیەکم، بەڵکو بە شتێکی تەواو جیایە لێیان کە ئەندێشەکانی تێدان یان ((جیاوازی ناکات))، بەهۆیەوە تێگەیەنراو دەبن، چونکە بوونی ڕوانگەیەک بریتیە لە تێگەیشتنی.

– کتێبێک دەربـارەی بنەماکانی لۆژیکی مرۆڤایەتی، بەشی 1، بەندەکانی (1 و 2).

ئەو مێزەی کە لەسەری دەنوسین دەڵێین هەیە، واتە دەیبینین و هەستی پێدەکەین، ئەگەر لە دەرەوەی ژوورەکەم بووم و دەموت مێز هەیە، مەبەستم ئەوە بوو کە ئەگەر لەژوورەکەم بووم لەوانەبوو تێی بگەم یان زەینی ئەوی دی بەکردەوە تێی دەگات. لێرە بۆنێک هەبوو واتا بۆنێک دێت، دەنگێک بوو واتا دەبیسترێ، ڕەنگ و شێوە بە دیتن و دەست لێدان تێگەیەنراو دەبێت، واتە هەر ئەوەی کە دەتوانم بەم کاریگەریانە و هاوشێوەکانی تێی بگەم و تێ بگەم. بەمەش هەرچی دەربارەی بوونی ڕەهاو چاوەڕوان نەکراو دەوترێت، بێئەوەی کە پێشتر تێگەیەنراو بێت، هەرگیز قابیلی ناساندن نییە. بوون لە تێگەیشتنە و ئەگینا بوونی شتێک بەبێ زەین، یابیرکردنەوە لە شتانێک شیاو نییە، کە تێیگەیشتووە.

– کتێبێک دەربـارەی بنەماکانی لۆژیکی مرۆڤایەتی، بەشی 1، بەندەکانی (1 و 2).

بیرهێنانەوە یان هاوپەیوەستی راو بۆچوون پێویستی پەیوەندی هۆو هۆکار نییە، بەڵکو تەنیا ئاماژە یان نیشانەیەکە بەو شتەی مایەی ئاماژە یان مەدلولە. ئاگرێک کە من دەیبینم هۆی نەخۆشیەک نییە کە بەدەست لێدانی بۆم دەبێتە پێشهات، بەڵکو ئاماژەیەکە کە پێشتر لەو ئاگادارم دەکاتەوە... هۆ هاوپەیوەستی مانایەک، واتە پێکهاتەی دەستکرد و ڕێکوپێکیان هەیە کە پیتەکان دەکاتە وشە. بۆ ئەوەی چەند ئەندێشە و بۆچوونی بەرایی ئاماژەیان بە ژمارەیەکی زۆری بەرهەم و هۆکار و ڕەفتار دابێت، دەبێت بە شێوازی جیاواز موتووربە بن..

بەمجۆرە، بەڵگەنەویستە ئەم بۆچوونە بەدوای یەکدا ئاراستە و قابیلی دەربڕین نییە، کە ئەو شتانەی هاوکات ڕووبدەن یان هاوکردەیی بکەن و هۆی سەرهەڵدان و ڕوودانی هۆکارگەلێک بن. دەبێت شرۆڤەیان

بکەین و هەوڵبدەین تا زمانی خوڵقێنەری سروشت (ئەگەر ڕێگەپێدراو بم وای ناوبنێم) بدۆزینەوە کە دیارە کاری فەیلەسوفی سروشتزانە، نەک بمانەوێت کاروباری جیهان بە هۆکاری ناسوتی ڕوون بکەینەوە و تیۆرێکی وا مایەی نەخافڵی زەینەکانە لەو بنەما کارایە، لەو زەینە بەرزەترو ئاوەز، کە لەژێر ئیرادەیدا دەژین، دەجووڵێین و هەین.

– کتێبێک دەربــارەی بنەماکانی لۆژیکی مرۆڤایەتی، بەشی 1، بەندەکانی (56 و 66)

هەندێک حەقیهەرگیز وا نزیک و بەڵگەنەویستن بۆ زەین کە دەبێت بۆ بینینیان تەنیا چاو بکەیەوە. ئەو حەقیهەرگیزە گرنگەش لەو جۆرانەیە، کە ئەم نەخشە گەورەیە، ئەم پانوپۆڕیەی زەوی، لە قسەیەکدا هەموو ئەو شتانەی کە لێکولەباری ئەم جیهانە پێکدەهێنن، بەبێ زەینێک نین و پایەو مایەیان نییە کە تێیان بگات یان بیانناسێت، تا ئەو کاتەی کە بە کردەوە تێیان نەگەیشتووم یان لە زەینی مندا یان زەینی ئەفرێندراوی تردا نین، سەرەنجام یان هەرگیز نین، یان لە زەین و ڕۆحی نەمری ئەوی دیکەدان: کارێکی تێنەگەیەنراوە و بە تەواوی دەرهەستەیی بێمانا دەکات کە وەک بوونێکی سەربەخۆ لە زەین پێیان ڕازیبین.

– کتێبێک دەربارەی بنەماکانی لۆژیکی مرۆڤایەتی، بەشی 1، بەندی 6

تاریفی جێمز بازۆل لە ڕوانگەی دکتۆر جۆنسۆن دەربارەی شوێنکەوتنی بەناوبانگی بێرکلی، کە بێگومان هەمان هێندە لە زەینی ئەوانیش ((نزیک و بەڵگەنەویست)) بووە.

کە لە کڵێسا هاتینەدەر، ماوەیەک ڕاوەستاین و دەربارەی شێرو ڕێوی هێنانەوەی داهێنەرانەی بێرکلی قەشە بۆ سەلماندنی نائامادەیی ماددە، دوایین کە هەموو شتێکی دنیا بە تەنیا بۆچوونێکە. وتم هەرچەند هەردووکمان لەو

باوەڕەداین قسەکەی فڕی بەسەر راستیەوە نییە، رەتکردنەوەی نەشیاوە. هەرگیز تامەزرۆیی و توانای دکتۆر جۆنسۆن لەبیر ناکەم لەو وەڵامەی کە دایەوە. تووند قاچی بەو بەردەدا کێشا، کە لەوێ بوو هەڵیداو وتی: ((بەم شێوەیە ڕەتیدەکەمەوە)).

**- جەیمز بازۆڵ، ژیانی جۆنسۆن.**

رەخنەیەکی ئاشکراتری هاوسەردەمێکی بێرکلی، کە زیاتر لە ڕەوتی وەرچەرخانی بیری مرۆڤایەتی دەگەیشت.

بێرکلی بە لەبەرچاو نەگرتنی جیهانی ماددی، کە پێیوابوو دەبێ تەواو و کامڵ و تەنانەت بە زاڵێتی بیپارێزێت، هیوادار بوو بەم جیاکردنەوە حەتمیە، جیهانی رۆحانی بپارێزێت، بەڵام حەیف! تێزێک دەربـارەی بنەماکانی ناسینی مرۆڤایەتی بێ بەڵگەو هۆ، بناغەی ئەم جیاکردنەوەی تێکدا و هەمووی نوقمی لافاوی دنیاگیر کرد.

**تۆماس رید، توێژینەوەیەک لە زەینی مرۆڤایەتی**

رەخنەی مۆدێرنی بێرتراند راسڵ لە بێرکلی، بە ئاماژە بە سێ گفتوگۆی نێوان هیلاس و فیلۆنۆس:

فیلۆنۆس دەڵێ: ((هەرچی بێهۆ تێگەیەنراو دەبێ ئەندێشەیە، ئایا دەکرێ ئەندێشەیەک لەدەرەوەی زەین هەبێ؟)) لێرەدا باسێکی دوورودرێژ دەربارەی وشەی ((ئەندێشە)) دەگرێتەبەر. ئەگەر قبووڵمان بێت کە فکرو تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان بکەری بەرناس و مایەی ناساندن پێکدێت، دەکرێت زەین لەگەڵ بکەری بەرناس بەیەک بزانرێت و باوەڕی وابوو کە هیچ ((لە)) زەیندا نییە و تەنیا بابەتی ناساندن لە بەرامبەریدان.

**بێرتراند راسڵ، مێژووی فەلسەفەی خۆراوا**

جۆن ویلەر، فیزیک زانی هاوچەرخی ئەمریکی و داهێنەری وشەی (بیری رەش).

هیچ دیاردەیەک تا دیاردەیەک بینرا نەبێت، دیاردەی واقیعی نییە جەختکردنەوەیە لە خودی خۆی.

## دەقی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوەی زیاتر

George Berkeley, Three Dialogues Between Hellas and Philonous, ed. By Robert M. Adams (Hackett, 1979).

بێرکلی ڕاکانی بە شێوازی هەڤپەیڤینی ئەفلاتونی دەخاتەڕوو، کە نێگەیەنراوتریان دەکات، بەڵام ڕەنگە بۆ سەلیقە مۆدێرنەکان کەمێک ساختە بەزەین بگات.

George Berkeley, A Treatise Concerning the Principles of Human Knowledge, ed. Kenneth Winkler (Hackett, 1982).

خوێندنەوەی زەحمەتە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە سەربەخۆن دەیانەوێت بە تێگەیشتنی قووڵتری تایبەت بگەن، زەحمەتە.

David Berman, George Berkeley; Idealism and the Man (Oxford University Press, 1966).

نزیکترین دەق لە ژیان نامەیەکی مۆدێرنی بێرکلی.

David B. Houseman and Alan Houseman, Descartes Legacy: Minds and Meaning in Early Modern Philosophy (University of Toronto Press , 1977).

رامانی بێرکلی لە مەیدانی شۆڕشی فەلسەفی مۆدرێرن شرۆڤە دەکات.

Douglas M. Joseph, Berkeley›s Philosophy of Mathematics (University of Chicago Press, 1993).

بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەم باسە سەرنجڕاکێشەدا زیاتر ئاشنای ڕای شەڕانگێزی بێرکلی بن.

A. A. Luce, The Life of George Berkeley (Nelson, 1949).

هەروەها ژیان نامەکەی پێوەرە، گەرچی نایابە و لەکاتی بڵاوبوونەوەی بەدواوە، زانیاری زیاتر دەربارەی بێرکلی بەدەست هاتووە.

سەرچاوە: اشنایی با برکلی - پل استرالرن - ترجمەی کاۋم فیروزمند - چاپ اول - نشر مرکز.

# ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی پێگەی هۆکاریێتی دەروون لە فەلسەفەی جۆرج بێرکلیدا

## 1. پێشەکی

باسی هۆکارێتی، گرنگترین بەشێکە کە لە بارەی سەرهەڵدانی فەلسەفەوە، زەینی بیرمەندانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە «بە گوێرەی ئەو تێڕوانینەی کە فەیلەسوف بۆ هۆکارێتی هەیەتی، بۆچوونی دەربارەی مەسەلە گرنگەکانی وەک خواناسی، مرۆڤ ناسی، جیهان ناسی – فۆرمەلە دەبێت و بە دەربڕینێکی دیکە، لە روانگەی فەیلەسوفەوە باسی هۆکارێتی پێگەی یەکلاکەرەوەی دەربــارەی ئەم مەسەلانە هەیە. بەڵام لەڕووی هەڵبژاردنی مەسەلەی هۆکارێتی لە فەلسەفەی بێرکلی، کە بێرکلی گرنگترین کێشەکانی فەلسەفە بە سەرچاوەی وێناکردن و هەروەها شێوازی کاریگەری و کارتێکردنی دوو جەوهەری لێکدژ، واتە دەروون و لەش لەسەر یەک دەزانێت. لە زۆر جێی جیاوازی بەرهەمەکانیدا، جەخت لەو کارە دەکاتەوە و هەموو هەوڵی خۆی و تەنانەت رەتکردنەوەی جەوهەری جەستەیی لەڕووی چارەسەرکردنی کێشەیەک بەکاردێنێت، کە لە ئێستادا، دیکارت و لایەنگرانی لەمەڕ باسی هۆکارێتی هاتبووە دی، کە بۆخۆی گرنگی ئەم باسە دەگەیەنێت لە فەلسەفەکەیدا. چارەسەری بێرکلی بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، رەتکردنەوەی مادده و ناساندنی دەروونە وەک هۆی واقیعی کە ئەم بابەتە لە فەلسەفەدا، گوایا قسەیەکی تازەیە و زیاتر جێی لێکۆڵینەوەیە و رەنگە ئەم وتارە بتوانێت تا ڕادەیەک ئەم کەموکوڕیە نەهێڵێت.

ئەمانەی خوارەوە، ئەو پرسیارە بنچینەییانەن کە ئەم وتارە وەڵامیان دەداتەوە:

1. بێرکلی بەپێی چ جۆرە سەلماندنێک، بەو ئەنجامە گەیشت کە تەنیا دەروون دەتوانێت هۆ بێت؟

2.چالاکی هۆکارێتی کە بێرکلی بۆ دەروونی خۆی، دەروونی ئەویترو خودی خوا دەیسەلمێنێت چ جۆرە چالاکیەکە و هەریەک لەم چالاکییانە چۆنچۆنی دەسەلمێنرێن؟

3.تا چەند سەلماندنەکانی بێرکلی لە سەلماندنی چالاکی هۆکارێتی دەروون، سەرکەوتوو بووە و ئەگەر نەبووە چ رەخنەیەکی لێگیراوە؟

2. کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە فەلسەفەی دیکارت، لە ئێستادا

دیکارت لە باسی هۆکارێتیدا، روانگەی نوێی هێنایە دی کە پاشان فەیلەسوفەکان زیاتر کاریگەرییان لێوەرگرت. لە بەراییدا ئەم گۆڕانکاریە سەرچاوە لە جیاوازیەک دەگرێت کە دیکارت لەنێوان دەروون و جەستە ئەنجامی دەدا و ئەوی دی، لەم بیروباوەڕە کە جگە لە درێژبوونەوەی پەتی ماددە بە شتێکی دیکە نازانێت و گۆڕانکاری سێیەمیش سەرچاوەی لە ڕاڤە کردنی میکانیکی دنیای جەستەییەکەی گرتبوو.

### ·1·2 جیاوازی نێوان دەروون و لەش (دەوالیزم)

تاپێش دیکارت، فەیلەسوفەکان زیاتر بۆچوونی ئەرستۆییان لە پەیوەندی نێوان دەروون و جەستە، بەکار دەبرد و دەروونییان بە فۆرمی جەستە دەزانی»بەمەش باسی مەسەلەی کاریگەری دەروون و جەستەیان لەسەریەک نەکردبوو. بەڵام دیکارت لەلایەک کتێبی رامان لە فەلسەفەی بەرایی پاشئەوەی کە شکی مێتۆدی خۆی لە هەموو شتێکدا دەسەپاند،

به پەنابردنە بەر ئەو گومانە، لە سەلماندنی جەوهەری دەروونی (خۆی) کۆڵیەوە و ماهیەتی ئەم جەوهەرەی بە بیرکردنەوە و هزر زانی و لەلاکەی دی، لە رامانی پێنجەم، لە سەلماندنی جیهانی دەرەوەی (جەستەکانی) کۆڵیەوە و ماهیەتەکەی بە رەهەند و خۆڕاکێشان زانی»، پاشان لە ڕامانی شەشەم، جیاوازی نێوان ئەو دوو جەوهەرەی دەستنیشان کرد و بە دوو جەوهەری تەواوو لێکجیای زانین.

بۆچوونی دیکارت لەمەڕ جیاوازی نێوان جەستە و دەروون، خۆی لەخۆیدا زەینی خوێنەرانی فەلسەفەکەی رووبەڕووی ئەم پرسیارە کردەوە کە ئەگەر دەروون و جەستە دوو جەوهەری لێکجیان، چۆن هەردووکیان دەتوانن لە تێگەیشتنی هەستەکی و ئیرادە پێکەوە رەفتار بکەن و وەکیەک کاریگەرییان لەسەریەک هەبێت و بە دیوێکی دیکەدا، کە لەگەڵ باسەکەماندا گونجاوە، هۆکارێتی دەروون و جەستە چۆنە؟

بەپێی بیردۆزەی خودی دیکارت، ئەم مامەڵەیە لە لیمفێکی گچکەدا ئەنجام دەدرێت، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مێشکەوە: ((بە دیهەرگیزی زیاتر، پێدەچێت گوایە بە ئاشکرا سەلماندومە ئەم بەشەی جەستە کە دەروون ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیکی بێهۆ تێدا دەسەپێنێت، هەرگیز دڵ تێکڕای مێشک نییە، بەڵکو تەنیا ناوەییترین بەشیەتی «واتا لیمفی تایبەتی زۆر گچکە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی مێشکەوە و لەسەرووی رەوتێکەوەیە کە بە هۆیەوە، رۆحی ئاژەڵی کلۆرکردنی بەرایی مێشک پەیوەندی بەکلۆرکردنی دواتریەوە هەیە، وا هەڵپەسێراوە کە بەکەمترین جوڵەی ناوی دەجوڵێنرێت، رەوتی ئەم رۆحی ئاژەڵە تا ئاستێکی زۆر دەگۆڕێت. بە پێچەوانەوە، گچکەترین گۆڕانکاری کە لە ڕەوتی رۆحی ئاژەڵدا دەکرێت، رەنگە لە گۆڕینی جووڵەی ئەم لیمفە زۆر کاریگەر بێت.)) (6، ل: 156). بەڵام ئەم وەڵامە قەناعەتپێکەر

بەزەین ناگاٹ و هەروەک کێشەکە وەکخۆی دەمێنێتەوە» هەرچۆنێک بێٹ، دەبێٹ دەروون و جەستە لە خاڵێکدا پێک بگەن، چونکە لە مرۆڤدا دەروون کاریگەری بەسەر جەستەوە هەیە و جەستەش بەسەر دەروون. گاسندی لە کتێبی رەخنەکان و وەڵامەکاندا بەم چەشنە باسی ئەم رەخنەیە دەکاٹ: ((ئەگەر لەڕاستیدا ئەم بەشە شتێکی فیزیکی بێٹ، بە هەمانشیوە وەکخۆی ماوەتەوە، چونکە خاڵێکی وا درێژەی کێشاوە و حەتمەن بەشەکانی ماون، بەڵام ئەگەر ئەم بەشە خاڵێکی ماتماتیکی بێٹ، دەزانی کە خاڵێکی لەم چەشنە تەنیا لەخەیاڵدا هەیە)) (5، ل: 424). بەمشێوەیە، کێشەی کاریگەری بەرامبەری دەروون و جەستە، کە بەشی سەرەکی باسی هۆکارێتی لەئێستادا، لە دیکارتەوە تا هیوم پێکدێنێٹ، پێدەخاتە مەیدانی فەلسەفەوە و زەینی تەواوی فەلسەفەی داهاتووی دیکارٹ بەخۆیەوە خەریک دەکاٹ. هەموویان فەلسەفەکەیان لەڕووی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرنامەڕێژ دەکەن.

### 2.2. ماهیەتی جەستەکان

وێڕای کێشەی پەیوەندی هۆکارێتی دەروون و جەستە، کە بەهۆی دەوالیزمی دیکارٹ هاتۆتە دی، کێشەیەکی بنچینەی تریش لە فەلسەفەدا هاتەئاراوە کە رەگوڕیشەی بۆ هزری بێرکلی دەگەڕێتەوە. دیکارٹ مادە بە جگە لە درێژبوونەوەی پەتی نازانێ و بیروباوەڕێکی وا ئەم پرسیارە لە فەلسەفەدا دەخاتەڕوو چۆن شتێک کە درێژبوونەوەی پەتیە دەتوانێٹ لە جەوهەری ماددی دیکەدا کاربکاٹ. بەمەش «کێشەی دانانی هێزی هۆکارێتی لە جەستەشدا کێشەیەکی شکستٹ نەهێنەری تر بوو کە دیکارٹ هێنایەدی» (12، ل: 37).

### 3.3. ڕاڤەی میکانیکی جیهان

دیکارت جیهانی سروشت و ماددەی سەر بە یاسا میکانییەکان ناساندو هۆی بکەری بەناوی هۆی میکانیکی ڕاڤە کرد. هۆکارێتی بۆ جووڵەی شوێن تەرخانکراو، ئەم تیۆرە جگە لەبەرچاو نەگرتنی هۆکانی کۆتایی یان بە قەولی خۆی، ئامانجی خوا، لەخۆ ناگرێت. بەدەستەواژەیەکی دی، جیهانێکی بێ ئامانج و هۆکانی کۆتاییش شایانی تێگەیشتنە و شوێنکەوتەی هۆی کۆتایی بێ فایدەیە کە دیکارت دەی ناسێنێت. دیکارت لە بابەتی جیاجیادا، سوورە لەسەر ئەم بیرو باوەڕەی خۆی. لە ڕاستیدا، دیکارت لۆژیک و تێگەیشتنی کۆتایی ڕەتدەکاتەوە نەک کۆتایی بوونی شمەکەکان ڕەت بکاتەوە.

«چونکە یەک: دوای ئەوی دیکە زانیم سروشتی من تابلێی لاواز و داخـراوە و بە پێچەوانەوە، خودی خوای گەورە، هەموو لایەکی لێ ناگیرێت و کۆتایی نەهاتووە، دەکرێت بە ئاسانی بزانین خوا توانای بەسەر شمەکی نەبڕاوەدا هەیە کە هۆکارەکانی لە سەرووی دەست پێگەیشتنی لۆژیکیمەوەیە و تەنیا هەر ئەو بەڵگەیە بەسە تا قەناعەت بکەم کە جۆری هۆی وەک دەڵێن کۆتایی دەربارەی شتی فیزیکی، هیچ کاریگەریەکی بە سوودی نابێت، چونکە هەوڵ بۆ قوڵبوونەوە لە شمەکەکانی خوا بۆ من گونجاو نییە، جگە لەسەرکێشی» (4، لا: 75 – 74).

«سەرەنجام شوێن ئەوە ناکەوین بزانین خوا چ ئامانجگەلێکی لە خوڵقاندنی جیهان هەبووە و توێژینەوە لە هۆکانی کۆتایی بە تێکڕایی، لە فەلسەفەی خۆی دەخاتەلاوە، چونکە نابێت ئێمە ئەوەندە خۆخوازبین کە پێمانوابێت دەبوو خوا لە کارەکانی ڕاوێژی پێ کردباین. بە لەبەرچاوگرتنی خوا، بەناوی ئافەریدەی هەموو شت، تەنیا تێدەکۆشین تا بە یارمەتی

ئیشکی سروشتی کە خوا خستوویەتیە ناومانەوە، بزانین ئەوشتانە چۆن توانیویەتی بێنەدی کە ئێمە بەهۆی هەستەوە ئیدەگەین» (3، بەشی یەکەم 28، ل: 245).

بەڵام ئەو متمانە نەبوونە بەهۆی کۆتایی و سنووردارکردنی هۆکارێتی بۆ جووڵەکانی شوێن، لە فەلسەفەی دیکارت، لەلایەک لەسەر شانی ئەو فەیلەسوفانەیە کە سەرقاڵی مەسەلە ئاینییەکان بوون، وەک بێرکلی، تاڕادەیەک ئینی دێناو دەبووە هۆی ئەوەی فەیلەسوفەکان لە بەرامبەریدا، هەوڵبدەن جارێکی دی هۆی کۆتایی بۆ فەلسەفە بگێڕنەوە و لە لاکەی دی، بووە هۆی ئەوەی تا کەسانێکی وەک هۆبزو سپینۆزا بە جەختکردنەوەی زیاتر، لە ڕاڤەی میکانی جیهان بکۆڵنەوە.

3. چارەسەری خراوەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هۆکارێتی لە ئێستادا

دوای دیکارت، فەیلەسوفەکان زیاتر چەند تیۆرێکیان بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوبراو لە بابەت هۆکارێتی، خستۆتە روو، گەر بمانەوێت ئەم تیۆرانە تا سەردەمی بێرکلی، بە گشتی، بەیان بکەین، دەتوانین بیانکەین بەسێ گرووپەوە:

**1.3. تیۆری هۆبز**

بۆچوونی هۆبز، لە سەرێکی ئەم لایەنە فراوانەی تیۆرەکانە کە هەمووشتێک لە پەیوەندی بە جووڵەی جەستە راڤە دەکات و تەنانەت جووڵەی دەروونیش بۆ جوڵەی جەستە کەم دەکاتەوە: «ناکرێت هیچ هۆیەکی جووڵە هەبێت مەگەر شتە جووڵاوەکانی دەورووپشت» (11، ل: 73). کەوابوو لە فەلسەفەکەیدا، شوێنێک بۆ هۆکارێتی دەروون بوونی نییە و هۆی تایبەتی جەستەکانە.

2.3. تیۆری کەسانی وەک لایب نیتز، سپینۆزا و مالبرانش

قبووڵکردنی پەیوەندی نێوان دەروون و جەستە و بوونی دەرەوەیان، رووی هاوبەشی تیۆرەکانی ئەم فەیلەسوفانەیە کە هەوڵیانداوە بە دانە پاڵی هۆ بە خوا، کێشەی پەیوەندی هۆکارێتی نێوان دەروون و جەستە و هەروەها پەیوەندی هۆکارێتی نێوان جەستەکان چارەسەر بکەن.

**3.3· تیۆری بێرکلی**

بەپێی بۆچوونی بێرکلی، دەکرێت لە بەرامبەر تیۆری هۆبزو لەلاکەی دی ئەم لایەنەی تیۆرەکانی دابنێت. جەوهەری ماددی و بوونی مادی جەستە سەربەخۆکان لە زەین رەتدەکرێتەوە و هۆکارێتی تایبەت دەکرێت بە دەروون. بۆچوونی بێرکلی سەبارەت بە هۆکارێتی، لە دوو بەشدا ئەنجام دەدرێت:

1.تیۆری نەرێنی (رەتکردنەوەی هۆکارێتی ماددە): لەم بەشەدا، بێرکلی لە هۆکارێتی رەتکردنەوەی ماددە دەکۆڵێتەوە. ئەم قۆناغە هەمان ئایدیالیزمی بێرکلی و بەشی زۆری فەلسەفەکەی پێکدەهێنێت کە لە دەرەوەی ئەم باسەیە.

2.تیۆری ئەرێنی (سەلماندنی هۆکارێتی دەروون): لەم قۆناغەدا، بێرکلی دوای سەلماندنی ئایدیالیزمی خۆی، هۆکارێتی بە تایبەت بە دەروون دەزانێت و بۆ ئەم کارە چەند بەڵگەیەک دەخاتەڕوو کە ئەم لێکۆڵینەوەیە رەخنە لەم بەڵگانە دەگرێت و هەڵیاندەسەنگێنێت.

3. تەرخانکردنی هۆکارێتی بۆ دەروون، لە فەلسەفەی جۆرج بێرکلیدا

بە گشتی، دەرخستنی دەروون و هۆکارێتییان لە فەلسەفەی بێرکلی دا، شیاو نییە، چونکە لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی تەنیا هۆکانی ماددی دەخاتە ململانێوە و وەڵامی ئەو نارەزایەتیانە دەداتــەوە کە دەربارەی

ڕەتکردنەوەی هۆکاریێتی سروشتی دەردەبڕدرێت، بەڵام دەربارەی هۆکاریێتی ئیرادەی دەروون تەنیا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و بە سەلماندنێک کە ماکی کێشەیە، لە سەلماندنی دەکۆڵێتەوە و هیچ وەڵامێکی قەناعەتپێکەری ئەو کێشانە ناداتەوە کە سەرچاوەی لێدەگرن. بۆیە، وێڕای ئەوەی کە دەروون بۆ فەلسەفەکەی ژیاریە، زۆر بە کەمی باسی کردووە. سەلماندنێک کە بێرکلی دەربارەی دەروون، لە بەشی دووەمی نێزی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئەنجامی دابوو. بەڵام بە هەمانشێوە لە نامەیەکدا بۆ سامۆئێل جۆنسۆن دەنوسێت، لەڕێگەی سەفەر بۆ ئیتالیا، ونمکرد: «دەربارەی بەشی دووەمی نامەکە، لەمەڕ بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، ڕاستییە کە پێشکەوتنی بەرچاوم تێدا ئەنجام دابوو، بەڵام ئەم دەستنوسە تاڕادەیەک پێش چواردە ساڵ لەڕێگەی سەفەر بۆ ئیتالیا، ونبوو پاشان، ئەو دەرفەتەم نەهێنا تا شتێک بە ناوی نوسینی دووبارەی هەمان بابەت بخەمەڕوو» (9، ل: 175).

بێرکلی هۆکاریێتی و چالاکی پێکدەچوێنێ و تەنیا ئیرادە بە کارا دەزانێت. کەوایە، دەروون بەهۆی حەقیقی دەزانێت و هیچ هۆکارێک جگە لە هۆکاریێتی ئیرادەی قبووڵ نییە. بۆ نموونە، لە بڕگەی 85ی کتێبی یاداشتەکان جەخت لەم کارە دەکاتەوە:

«N.S. دەڵێم هیچ هۆکارێک (بە مانای وشە) جگە لە هۆکاریێتی ئیرادە، بوونی نییە. هیچ شتێک کارا نییە دەروون نەبێت. تۆ بڵێی ئەوە تەنیا وەرگێڕانی وشە بەوشەیە، تەنیا بە پاشکۆکردنی جۆرێک مانای نوێیە بۆ وشەی هۆکاریێتی. خەڵک لە چ ڕوویەک نەیانتوانی مانای کۆنی بەدەست بێنن، بۆچوونێک بەهۆی بۆچوونێکی تر بزانی کە هەمیشە بەدوایدا دێ.

وەڵامـدەدەمـەوە ئەگەر ئێوە کارێک بکەن، ڕاتـان دەکێشمە زۆر شوێن. دەڵێم ئەگەر ئێوە بە پەنەوی بەم مانا نوێیەی وشەی هۆوە

بلکێن، ناتوانن لە گرفتاربوون لە بیروباوەڕێک رابکەی، کە خۆشحاڵی بە ڕەتکردنەوەیان بن» (14، ل: 117).

هەروەها بێرکلی لە بەندەکانی 855 و 856ی کتێبی یاداشتەکانیدا بەم چەشنە دەڵێت: «N . دەبێت بە دیهەرگیزەوە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر هۆی دەروونی و فیزیکی بکەین» (بنەمای 855) (هەمان).

N. دەکرێت بە شێوەیەکی شایستەتر ناویان بنێی (هۆکارە فیزیکییەکان)ی پێگە، بەڵام (بۆ رەزامەند بوون) دەکرێت ناوییان بنێی هۆکارەکان. بەڵام دەبێ هۆ بەشتێک لێکبدەینەوە کە هیچ کارێک ناکات.» (بنەمای 856) (14، ل: 117).

تائێرە، بێرکلی پێمان دەڵێت تاکە هۆی واقیعی شتێکە کە ئیرادەی هەیە، بەڵام دەبێت ئەم بابەتە بسەلمێنێت. بێرکلی سەلماندنی ئەم کارە بەجیا دەردەبڕێت کە سەرباری رەتکردنەوەی هۆکارێتی سروشتی، هۆکارێتی هەریەک لە دەروون (دەروونی خۆی، دەروونی کۆتایی هاتووی ترو خودی کۆتایی نەهاتووی خوا) بسەلمێنێت.

5. سەلماندی هۆکارێتی و چالاکی دەروون بە گشتی

بێرکلی لە بەرایی، ئێکرای هۆکارێتی دەروون، دەسەلمێنێت و پاشان بەجیا لە سەلماندنی هەریەک لە دەروونی (برێتییە لە دەروونی خوا، دەروونی خۆی و دەروونی مرۆڤایەتی تر)، دەکۆڵێتەوە. دیارە لێرەدا، دەبێت بیربهێنرێتەوە کە ئەم سەلماندنە ئایدیالیزمی بێرکلیش دەگرێتەوە «لەوانە دەکرێت گرنگترین سەلماندنەکانی کە لە فەلسەفەکەیدا لەڕووی سەلماندنی هۆکارێتی دەروون، بە گشتی، خراوەتەڕوو لەم دوو بابەتەی خوارەوەدا کورتی بکەیەوە:

1.5، سەلماندن لەسەر بنچینەی رەتکردنەوەی ماددە

سەلماندنی یەکەم لە ڕێگای بیروباوەڕی ماتریالیستی بێرکلیەوە، دەبێت، دیارە بێرکلی لە هیچ شوێنێک، ڕاستەوخۆ ئەم سەلماندنەی، دەرنەبڕیووە، چونکە ئەگەر ئەم سەلماندنەی بەم شێوەیە، بەهۆی سادەبوونی دەردەبـڕی، سەرنجێکی وای لێ نـەدەدرا. کەوابوو بێرکلی بۆخۆی، بە هەمانشێوە کە دەیبینین، سوود لە سەلماندنی باشتر وەردەگرێت، بەڵام لێرەدا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تیۆری بێرکلی دەربارەی هۆکارێتی دەروون، بە کورتی، دەکرێت بەمجۆرە دەریبڕی:

1. تەنیا دەکرێت جەوهەرەکان هۆ بن (پێشەکی یەکەم لەنێوان زۆربەی فەیلەسوفەکانی پێش بێرکلی و هاوسەردەمی دا، باو بوو).

2. جگە لە جەوهەری دەروون، بوونی نییە. بێرکلی لە بنچینەدا ئەم پێشەکیەی لە بنەمای حەوتەم نامەی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان دەردەبڕێت: «لەوەی گوترا پێویست دەکات، کە ناکرێت هیچ جەوهەریک جگە لە ڕۆح هەبێت، واتا ئەوەی تێگەیەنراوی دەکات. بەڵام بۆ تەواووکردنی بەڵگەی سەلماندنی، ئەوەندە بەسە لە زەینی بگرین کە چۆنایەتی بەرجەستەی شتەکان وەک ڕەنگوشێوە و تام و بۆن و لەمجۆرانە، واتە وێناکردنی نیشانەی هەست «گومانیش لەوەدا نییە کە وێناکردن ناتوانێت لە شتێکی بیرنەکەرەوەدا هەبێت و بـاوەڕی بە ناکۆکی ئەو ناوەرۆکە لێکدژەی نێوانی دەبێت، چونکە بوونی وێناکردن هەمان تێگەیشتنە. کەوایا هەمانشتە کە چۆنایەتی هەستپێکراو، واتە ڕەنگ و شێوە و هتدی، تێیدایە، دەبێت تێگەیەنراویان بکات. بۆیە، بۆ وێناکردنەکان بە جەوهەریان هەڵگری بیرنەکەرەوە ڕازی بێت.»(2، بنەمای 7، ل: 27).

دەکرێت لەم دوو پێشەکییەی بێرکلی، بگەینە ئەو ئەنجامەی کە چونکە دەروون تەنیا جەوهەرە ئامادەکانن، هۆکارێتیش بۆ ئەوان تەرخانکراوە.

### 2.5. سەلماندن لە ڕێگەی کاردانەوەی بۆچوونەکان

جیهانێک تەنیا بریتیە لە دەروون و وێناکردنەکان کە بێرکلی دەیناسێنێت، بۆیە بێرکلی سەرەتا بۆ سەلماندنی هۆکارێتی دەروون، بەهۆی کاردانەوەی وێناکردنەکان هەنگاو دەنێت. لەو باوەڕەدایە کە وێناکردنەکان ناچالاکن، ناتوانن هۆ بن و بەمەش تەنیا دەروون بۆ هۆ بوون، دەمێننەوە. دیارە دەبێت بیربهێنرێتەوە کە لێرەشدا، بەڵگەهێنانەوە بەجۆرێک، بە باوەڕی بێرکلی، پەیوەندی بە ڕەتکردنەوەی ماددەوە هەیە، بەڵام زیاتر پشت بە کاردانەوەی وێناکردنەکان دەبەسترێت. ئەم بەڵگەهێنانەوە لە بنەماکانی 25، 26ی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، دەخرێنە بەرباس کە لێرەدا بەڕیزەوە باسی دەکرێت:

1. بەرایی یەکەم «تێکڕای وێناکردن و هەستپێکراو و ماناو بەڵگەکانمان، بە هەر ناوێک بیانخوێنینەوە، ناچالاکن و هیچ جۆرە توانا یان هەوڵێکیان نییە. بۆیە، هیچ نزیکایەتێکی هزری ناتوانێت وێناکردنەکەی دیکە ئامادە بکات یان بیگۆڕێت»(2، بنەمای 25، ل: 37).

لێرەدا، ڕەنگە کەسێک بێرکلی تووشی کێشە بکات کە گەرچی وێناکردنەکانمان ناچالاکە، وێناکردنەکان ئەو شتانە نین کە پیشانیان دەدەن و وێناکردنە ناچالاکەکان دەتوانن بوونی کارای شتەکان پیشان بدەن. وەک نمونە، هەرچەند وێنا کردنی ئاگر دار ناسوتێنێت، گوایە ئەم وێناکردنەی ئاگر دەرەکییە و دەکرێ ئاگر هۆی سووتانی دار بێت. بێرکلی پێشبینی ئەو کێشەیەی کردبوو، هەر بۆیە، لە درێژەیدا، بە بەڵگەوە وەڵامی ئەم کێشەیە دەداتەوە و خوێنەر بۆ بنەمایەک دەباتەوە، کە لە بەندی 8ی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی دەرەکی چۆنایەتی بەرایی پیشانی دابوو «واتا ئەم بنەمایە ناکرێت جگە لەنێوان دوو وێناکردنی لێکچوو

بدۆزینەوە». کەمێک دیهەرگیز بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات کە دەروونی سروشتی وێناکردن پێویستی جێگیری و کاردانەوەیە، بۆیە شیاو نیە وێناکردنی کارا یان هۆی شتێک و تەنانەت، بە هەمانشێوە کە لەبەندی 8ی روونمان کردەوە، دەرخەر یان نموونەی بوونی کارایەک بێت. لێرەدا، ئاشکرا دەبێت کە رەهەند و شێوە و جوڵە شیاو نیە، هۆکاری نیشانەی هەستێنی مرۆڤ بێت. کەوابوو ئەم کارانە پووچەڵ دەبێنەوە، کە بەرهەمی هێزی دەرەنجامی شێوە و ژمارە و جووڵە و ئاستی گەردیلەکانی ماددەیە» (هەمان سەرچاوە).

2. ئێمە لە زنجیرەک وێناکردنی پێکەوە بەستراو دەگەین کە هەندێکیان تازە دەکرێنەوە و هەندێکی دەگۆڕێت . کەوایە دەبێت شتێک مایەی هێنانەدی و گۆڕانی ئەم وێنایانە بێت، کە پێیەوە بەستراون» (2، بنەمای 26، ل: 37).

3. «پێشتر، دەرکەوت کە ئەم هۆکارە نەشیاوە چۆنایەتی بێت نەک وێناکردن و یا پێکهاتەیەک لە چەند وێناکردنێک «کەوابوو مەحاڵ نییە و دەبێ جەوهەری بێت» (هەمان سەرچاوە).

4. جەوهەری جەستەیی یان ماددی نییە (لە قۆناغەکانی ئایدیالیستی، دەربارەی سەلماندنی هۆکارێتی دەروون، باسی چۆنیەتی سەلماندنی ئەم بەراییە کرا).

5. بەمەش، تەنیا جەوهەری کارای ناجەستەیی، واتە رۆح دەمێنێتەوە کە هۆی وێناکردنەکان بێت (هەمان سەرچاوە، ل: 38).

لە شوێنێکی دیکە کە بێرکلی بە جۆرێکی تر باسی هەمان سەلماندن دەکات، لە دیالۆگی دووەم لەسێ هەڤپەیڤینەکەدا:

«هیل: ئەوەی تۆ دەیڵێی بێهۆ نییە. بەڵام وەک ئەوەیە کە رێک لە مەبەستەکەم نەگەیشتووی. من ناڵێم خوا یان رۆحی کۆتایی نەهاتوو هۆی

شایستەتری هەموو شتێک نییە. من دەڵێم هۆی ناسەرەکی و نزمتر هەیە کە سەربەهۆی باڵایە و لە هێنانە ئارای وێناکردنەکانمان، بەشدارە، بەڵام نەک بەپێی ئیرادەی خۆی یان فەرمانیی رۆحی، بەڵکو بەهۆی ئەوجۆرە بکەرەی کە سەر بە ماددەیە، واتە جووڵە.

فیل: لێت دەپرسم ئایا هەموو وێناکردنەکانت، چونکە خۆی لەخۆیدا چالاکی نییە، ئەوپەڕی ناچالاک و جێگیر نییە؟

هیل: بەڵێ بەم چەشنەیە.

فیل: ئایا چۆنایەتی هەستپێکراوی شتێک بەشێکە لە وێناکردنەکان؟

هیل: چەندجار بڵێم بەشێک نییە.

فیل: بەڵام چما جووڵەی چۆنایەتی هەستپێکراو نییە؟

هیل: بەڵێ هەستپێکراوە.

فیل: کەوایا لەم کاتەدا، چالاک نییە.

هیل: هاوڕاتم. لەڕاستیدا، تەواو ئاشکرایە کە هەرکاتێک پەنجەم دەجووڵێنم ناچالاک و وەرگرە و تەنیا ئیرادەی من کارایە، کە دەیجوڵێنێت.

فیل: ئێستا دەمەوێت بزانم یەکەم، بەو پشتڕاستکردنەوەیەی کە جووڵە چالاکی نییە، ئایا چالاکی بەبێ ویست و ئیرادە، وێناکردنە یان نا. دووەم: ئەگەر شتێک بڵێم کە لە هەموویدا هیچ وێناکردنێکمان نەبێت بێمانایە یان نییە و سەرەنجام، بەتێبینی و رامان لەو پێشەکییە، ئایا گریمانەی هۆی کارتێکەر و کارای جگە لەڕۆح بۆ وێناکردنەکانی بەردەوام پووچەڵ و نەشیاو نییە؟» (1، دیالۆگی دووەم، لا: 74 – 73).

دیارە بێرکلی لێرەدا، لە ڕێگەی ناچالاک بوونی جووڵە بە شێوەیەکی تایبەتی، دەگاتە چالاکی دەروون و تەنیا جووڵەی بۆ سەلماندنی هۆ بوونی شتێک بێ بەس نییە، بەڵکو سەرباری جووڵە، دەبێ چالاکیش ئامادە بێت

تا بتوانێت ناوی بنێ هۆ و ئەوە شتێکە کە تەنیا لە ئیرادەدا هەیە. خاڵێکی تر کە دەکرێت لە دەستەواژەکانی سەرەوە هەڵبهێنجرێت کە بێرکلی لێرەدا، چالاکی و ئیرادە وەک ئەو وشانە لە زەین دەگرێت، کە دەکرێ ئاڵوگۆڕ بکرێن.

لێرەدا، رەنگە بکرێت بێرکلی تووشی کێشە بکەی کە تەنیا هۆی دەروونـی بە شێوەیەکی تێکڕایی سەلماندووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە چالاکییەکانیان بسەلمێنێت «واتا هەمان چالاکی کە وێناکردنی لەبەر نەبوونی لە هۆبوون بەدەرنا. هەروەها، چونکە دەوری هۆکاری دەروون دەربارەی خوا و دەروونی کۆتایی هاتوو جیاوازە»، دەبێ بەڵگەهێنانەوە لەو تێکڕاییە بە دەربێ و هەرکام لەم هۆکارانە، بەجیا هۆکارێتیان ئاشکرا بکرێت، بەڵام بێرکلی لە درێژەی کتێبی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە بنەماکانی 28 و 29، لە چارەسەری ئەم دوو کێشەیە دەکۆڵێتەوە.

**6. سەلماندنی هۆکارێتی دەروونی خود**

بێرکلی کێشەی چالاکی هۆکارێتی دەروونی خود بە پەنابردنە بەر وێناکردنی خەیاڵی، چارەسەر دەکات، واتا بەهۆی ئەزموونی کەسی تێدەگات کە دەتوانێت بە ئیرادە، وێناکردنی خەیاڵی هەرچۆنێکی بیەوێت بێنێتە ئاراو بە هۆیەوە، چالاکی هۆکارێتی و هەروەها بوونی دەروونی خود بسەلمێنێت. ئەم سەلماندنە سەلماندنی دیکارتمان دەربارەی سەلماندنی بوونی دەروون بیردێنێتەوە، بەڵام جیاوازی نێوان دیکارت و بێرکلی بنچینەییە: دیکارت دەیەوێت بەهۆی گومان و هزرێک لە خۆیدا، بوونی بسەلمێنێت، بەڵام بێرکلی دەیەوێت بەهۆی چالاکی، ئەنجامی بداو لە تیۆرەکەیدا زیاتر پشت بە چالاکی و ئیرادەی دەروون دەبەستێت(9، ل: 55).

بێرکلی لە بنەمای 28ی ئێزی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەمشێوەیە باسی چالاک بوونی دەروون دەکات: «دەبینم بە ئارەزووی خۆم دەتوانم، لە زەینی خۆم، وێنایەک بوروژێنم و بە کەیفی خۆم ئاڵوگۆڕییان بکەم و بیانگۆڕم. شتێک جگە لە ئیرادەی خۆم لەم کارەدا، بەشدار نییە و هەرکە بمەوێت، وێنایەک لە خەیاڵمدا دەردەکەوێت یا دەسڕێتەوە و نامێنێت و شوێن بۆ وێنایەکی تر دەکاتەوە. هەمان بەدیهاتن و سڕانەوەی وێناکان بۆخۆی دال لەسەر چالاکی زەینە. ئەم کارە تەواو خۆپارێز و لەسەر بنەمای ئەزموونە، بەڵام کە باسی فاکتەرە بیرنەکەرەوەکان دەکەین و توانای بەدیهێنانی وێناکان بەبێ بەشداری ئیرادەیان دەدەینە پاڵ، لەڕاستیدا، یاری بەوشە دەکەین» (2، بنەمای 28، لا: ‎-9 38). هەڵبەتە بێرکلی لە بنەمای 29ی کتێبی زانستە مرۆڤایەتییەکان، وێناکردنی هەستپێکراو و لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئیرادەمانی دەزانێت و بە هەمانشێوە کە لە باسی داهاتوودا دەیبینین، دەیانداتە پاڵ خودا.

سەلماندنێک کێشەی زۆر دەنێتەوە، کە بێرکلی بۆ چالاک بوونی نەفسی خود خستوویەتییەڕوو، کە هەریەک لە شرۆڤەکارانی، بەجۆرێک ڕەخنەیان لێگرتووە، بەڵام بەگشتی، دەکرێت ئەم ڕەخنەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەرببڕدرێت:

بە هەمانشێوە کە لە باسی داهاتوودا دەیبینین، یەکەم کێشەی بەڵگەهێنانەوەی بێرکلی تەواوو چالاک نەبوونی دەروونە کە لە هێنانەدی بەشێک لە وێناکردنەکانی، هەمان وێناکردنی هەستپێکراو بێت، ناچالاکە. کەوابوو چۆن دەروونێک دەکرێت لە ڕامان لە خود، لە چالاکی خۆی بگات، کە تەواو چالاک نییە؟ (9، ل: 55).

کێشەیەکی تر ئەوەیە کە خەیاڵکردنەوە بۆ مرۆڤ پێویست نییە و

هەندێک لە مرۆڤەکان ئەمجۆرە وێناسازییەیان نییە. ئەم مەسەلەیە، کە بێرکلی خەیاڵی کارا بە بەشێکی پێویستی ژیانی هەر مرۆڤێک دەزانێت، رەگوڕیشەی لە مەیلی بۆ لۆک دایە، چونکە لۆک و بێرکلی هزر لەگەڵ وێنەسازی و خەیاڵ، پێکدەچوێنن. بەمەش بێرکلی ناچارە کە پێیوابێ خەیاڵی کارا بەشی پێویستی ژیانی هەموو مرۆڤێکە (8، ل: 209).

کێشەیەکی شێلگیرتر ئەوەیە، ئەگەر ئێمە خۆمان بۆ لایەنێکی کارا تەرخان بکەین و قبووڵمان بێت کە دەروون کارایە، رووبەڕووی هەموو جۆرە چالاکیەک بووینەتەوە. یەکەم چالاکی، ئێمە بە ئیرادەکردن، دەتوانین وێنای خەیاڵی لە زەینی خۆماندا، بەرجەستە و هەموو گۆڕانکاریەکی تێدا بکەین کە بمانەوێت. بێرکلی جەخت لەوە دەکاتەوە و ناوی دەنێت کاری خەیاڵ. کۆمەڵی دووەم کە زۆرتر وەک چالاکی دەروون لە زەینی دەگرین، ئەو چالاکییانەن کە بەهۆی جەستەمانەوە ئەنجامی دەدەین. چالاکی وەک رێکردن، جووڵاندنی ئەندامەکانی لەشمان و هتد لەمجۆرە چالاکییانە هەژمار دەکرێن کە دەکرێت ناوییان بنێی چالاکی فیزیکی. گەرچی لە فەلسەفەی بێرکلیدا زیاتر باسی چالاکی جۆری یەکەم کراوە، هیچ جیاکارییەک لەمەڕ کاری فیزیکی ئەنجام نەدراوە. کێشەی ئەم جۆرە کارانە لە فەلسەفەی بێرکلی، وێنای دیارو شمەکی واقیعین. وێنای ئاشکرای خوا دەکات «ئەم وێناکردنانە بەچالاکی ئەو هەژمار دەکرێن. کەوابوو، لەمەودوا ناکرێ وەک چالاکی من هەژمار بکرێن، بەمەش تاکەرێی بێرکلی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، کە جۆناتان دنسی پێشنیازی کردووە، بێرکلی بڵێ ئێمە بۆ ئەنجامدانی کاری فیزیکی، بە شێوەیەک لەگەڵ خوا بەشداری، دەکەین. بەڵام ئەم چارەسەرەش کێشەیەکی هەیە؛ واتا چونکە خوا بە تەنیاو بەبێ هاوکاریمان، ناتوانێت ئەم کارە بکات (8، ل: 56). بە دیوێکی دیکەدا، ئێمە

دەتوانین بێرکلی تووشی کێشە بکەین کە خوا بەبێ دەروونی مرۆڤایەتیش دەتوانێت وێنای دیار (کاری فیزیکی) بخوڵقێنێت و بۆ ئەم کارە، پێویستی بەبوونی دەروونی مرۆڤایەتی نییە.

**٠7 سەلماندنی بوون و هۆکارێتی خوا بەهۆی جیاوازی نێوان چالاکی و هەڵچوونە دەروونییەکان**

لە درێژەیدا، بێرکلی لە بنەمای 29، باسی دەکات کە ناتوانێت چالاکی وێناکردنی ئاشکرا ببینێت، کە دەروون لە هێنانەدی وێنای خەیاڵی ئەنجامی دەدات. لەڕاستیدا، ئێمە لە بەدیهێنانی وێنای هەستپێکراو ناچالاکین، بەمەش، ئەنجامگیری دەکات کە دەبێت دەروونێکی دیکە هێنابنییە بوونەوە. لەم ڕێگایەوە، لەسەری دەڕوات، بەڵگە بۆ سەلماندنی بوون دێنێتەوە و باسی هۆکارێتی خوا دەکات کە ڕەگی لە بیروباوەڕیدایە بۆ هۆکارێتی. دیارە بێرکلی باسی بەڵگەی بینراوو ڕێساش دەکات (10، ل: 74) کە لە باسەکە بەدەرە و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی نییە. هەرچۆنێک بێت، باسکردنی سەلماندنەکانی بێرکلی لە سەلماندنی هۆکارێتی خوا، بەهۆی ناچالاکبوونی دەروون لە وێناکردنە ئاشکراکاندا بەمجۆرەیە:

«هەر کاتێک بەسەر بۆچوونەکانماندا زاڵبین، بەمشێوەیە ئیبینی دەکەم وێناکردنێک سەربە ئیرادەی من نییە، کە ئێستا بەهەستەکان، ئیدەگەم. کاتێک بە نوێژی نیوەڕۆ، چاوەکانم دەکەمەوە، دیتن یا نەدیتنی شتەکان بە کەیفی من نییە و ناتوانم دیاری بکەم کە چ شتێک دەکەوێتە بەرامبەرم یان نادیارمەوە. بە هەمانشێوە هێزی بیستن و هەموو هەستەکان، شێوەی کێشراوو چاپکراوی ناویان مەخلوقی ئازادیم نییە. کەوایە ئیرادە یان ڕۆحێکی دیکەیە کە دەیانهێنێتە ئاراوە» (2، بنەمای 29، ل: 39).

دەکرێت بەمشێوەیە باسی سەرەتاکانی ئەم بەڵگەهێنانەوە بکەی:

سەرەتای یەکەم: هەموو ڕووداوێک هۆیەکی هەیە. دەکرێت ئەم سەرەتایە لە بەڵگەهێنانەوەی بێرکلیدا، تێبینی بکەی کە بێرکلی بەبێ بەڵگەهێنانەوە باسی دەکات، چونکە زیاتر فەیلەسوفەکانی پێش ئەویش باوەڕییان بەو کارەی هەبوو.

سەرەتای دووەم: ئێمە لە وێناکردنی هەستێنی دەگەین کە خۆمان هۆکاری نین. لێرەدا، بێرکلی جیاوازیەک لە زەین دەگرێت کە لەنێوان شوێنی چالاکی و کاردانەوەمان لە وێناکردنەکان، تێگەیشتنی وێناکردنە هەستێنیەکان بەدەر لە قەڵەمڕەوی چالاکیمانی دەزانێت و باوەڕی وایە کە ئێمە هۆکارییان نین.

سەرەتای سێیەم: جەوهەری جەستەیی نییە تا هۆی ئەم وێناکردنانە بێت.

بەمەش، دەبێت ڕۆحەکەی تر ئەم وێناکردنەی خوڵقاندبێ کە ڕۆحی خودایە. لێرەدا، پێویستە سەرەتا باسی ئەو ڕەخنەیە بکرێت، کە لە بەڵگەی سەلماندنی هۆکارێتی دەروون و هەروەها وەڵامەکانی بێرکلی بۆ ئەم کێشانە، گیراوە.

پێش بێرکلی، لۆکیش ناچالاک بوونمانی لە وێناکردنی هەستێنی قبووڵ کردبوو (7، لا: 6 – 405). دیکارتیش هەمان باوەڕی هەبوو، بەڵام پاساوی شتی دەرەکییان بۆ ئەم تێگەیشتنە هێناوەتەوە و هۆیەکانیانی بە شتی دەرەکی زانیووە. وەک نموونە، دیکارت لە ڕامانی سێیەم، لەمەڕ تێگەیشتنەکان، بەم چەشنە دەڵێت: «کەوایە داواکاری سەرەکیم لێرەدا، رامانمە لە چەمکگەلێک کە بە رواڵەت سەرچاوەیان بۆ شتی دەرەکی دەگەڕێتەوە و چ بەڵگەگەلێک ناچارم دەکات تا بەهاو شێوەی شتی دەرەکی بزانم. لە سەرەتای یەکەم، وادەنوێنێ کە سروشت ئەم وانەیەی فێرکردووم.

ئەمە لە ناخی خۆمدا دەدۆزمەوە کە ئەم چەمکە پەیوەندی بە ئیرادەمەوە نییە، چونکە زۆرجار بە پێچەوانەی ویستم دەزێنە زەینمەوە. بۆ نموونە هەرئێستا، چ بمەوێت و چ نەمەوێت، هەست بەگەرما دەکەم و هەربۆیە، دڵنیام کە ئەم هەستە یا لانیکەم، ئەم چەمکی گەرمیە بەهۆی شتێکی جگە لەمن، واتە گەرمی ئاگرێک کە لە پەنای دانیشتووم، لە زەینمدا دەرکەوتووە. شتێک لەوە بەڵگە نەویستتر نابینم، بڕیارم هاوشێوەی خودم بۆ دەگوازێتەوە و لە زەینی خۆم، بەڕێوەی دەبات کە هەمان شتی دەرەکییە نەک شتێکی دیکە» (4، لا: 56 – 55).

چارەسەری پرسیارەکە لە فەلسەفەی بێرکلیدا ئەوەیە، کە ئەم سەلماندنە چ تایبەتمەندیەکی هەیە کە بێرکلی لە جیاتی شتی دەرەکی دەگاتە هۆکارێتی دەروون؟ نایابی سەلماندنی بێرکلی، هەروەک لە بەرایی بەشی هۆکارێتی دەروون و لە بڕگەی 850 یاداشتە فەلسەفییەکانی وەک شایەت باسکرا، بێرکلی هۆکارێتی بۆ چالاکی و هۆ بۆ کارا دەگۆڕێت و باوەڕی وایە کە شتێک جگە لە ئیرادە کارا نییە. کەوایا، بەهۆی ناچالاکبوونمان لە وێناکردنە هەستپێکراوەکان، لەجیاتی گەیشتن بە هۆکارێتی شتی دەرەکی، دەگاتە هۆکارێتی دەروون. لە سێ هەڤپەیڤیندا، بە دوورو درێژی، باسی ئەم بابەتە دەکات و وەڵامی ئەو کێشانە دەداتەوە، کە هیلاس باسی دەکات: «چەمکی کارێکی جیا لەویستم نییە و ناتوانم پێموابێت کە جگە لە رووح داوا لە هیچ شتێک بکرێت. بۆیە، هەرکە باسی بوونەوەرێکی کارا دەکەم ناچارم رۆحم لە نەبوو هەبێت. سەرباری ئەمانە، چ لەوە ئاشکراترە کە شتێک بۆخۆی پێیوانیە، ناتوانێت ئەوەم بداتێ و ئەگەر پێیوایە حەتمەن رۆحە. بۆ ئەوەی ئەگەر بشێ باشتر بابەتەکەت تێ بگەیەنم وەک تۆ دەڵێم، چونکە ئێمە لەدەرەوە کارمان تێدەکرێت، دەبێت بوونی هێزێک لە دەرەوە

پشتڕاست بکەینەوە کە لە بوونەوەرێکی غەیری خۆمان دابێت. تائیرە، کۆکین، بەڵام لەمەڕ ڕەگەزی ئەم بوونەوەرە ناکۆکین، من دەڵێم ئەوە ڕۆحە و تۆ دەڵێی ئەوە ماددەیە کە نازانم (و تۆش نازانی) چ سرووشتێک سێیەمە. بەڵام من بەم شێوەیە، دەیسەلمێنم کە ڕۆحە. من لەدیتنی بوونی بەرهەم، ئەنجامگیری دەکەم کە کارەکانی هەیە و وەک کارێکە، داواکاری و خواستی هەیە و حەتمەن دەبێ ئیرادەشی هەبێت. هەروەها ئەو شتەی تێیدەگەم، دەبێ بۆ خۆی یان سروشتی سەرەکییان هیچیان ناتوانن، جگە لە هوشیار هەبن، کەوایە بوونی هوشیاریش جێگیرە، بەڵام هوشیار و ئیرادە هەمانشتە کە چەمکی زەین یان ڕۆحە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆی وێناکردنەکانم، بە دەربڕینی ڕاست و ورد، هەمان ڕۆحە.» (1، دیالۆگی سێیەم، لا : 6 – 105).

دەکرێت بەڵگەی پێشتر تووشی کێشەیەک بکەی کە تەنانەت گەر قبووڵی بکەین وێناکردنی نائیرادی (هەستپێکراو)، دەبێ جگە لەئێمە هۆی هەبێت، ناتوانین بڕیار بدەین کە تاکە هۆیە. بەدەستەواژەیەکی دی، بۆچی بەهۆی ئەم بەڵگەیەوە، دەگەینە هۆیەک و نەک هۆی جیاجیا؟ لە ڕاستیدا، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە شیمانە دەکرێت چەند هۆ لە هێنانەدی ئەو وێناکردنانە، بەشدارن. جۆناتان دنسی بەم چەشنە لە پێشەکی هەڵەچنی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، باسی ئەم کێشەیە دەکات: «لاوازیەک کە لە بەڵگەی بێرکلی دا هەیە و تا ئاستێک، لەگەڵ ئەوانی دی بەشدارە، ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ئێمە قبووڵی بکەین کە وێناکردنی هەستەکان پێویستیان بەهۆیەکە و دەکرێ تەنیا دەروون هۆ بن، بە دڵنیاییەوە دەمانەوێ بزانین چ شتێک پێمان دەڵێ کە دەروونێک و هەمان دەروون هۆی هەموو هۆی هەستەکانمانە. ڕەنگە چەند دەروونێکی بەهێز پێکەوە پێویست بێت. ئەگەر

ئەمە شیاو بێ کە بەڵگەهێنانەوەی بێرکلی هێشتا سەلماندنێک نییە بۆ خوای تاکی مەسیحی، ئەبای رواڵەتی فرە جۆری شەریک دەبێت. بەڵام شیمانە دەکرێت هەوڵدەدات تا بەڵگەبێنێتەوە جیهان (واتە وێناکردنی هەستت) ئاماژەکانی خوایەکی تاکو تەنیای لەخۆگرتووە تا کۆمەڵێک» (9، ل: 39).

بە هەمانشێوە کە جۆناتان دنسی باسی دەکات، شیمانە هەیە کە بێرکلی هەوڵبدات ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. وەک نمونە، دەکرێ ئاماژە بەبنەماکانی 63 و 30ی بنەماکان بکرێت کە بێرکلی، رێساو هاوپەیوەستی وێناکردنەکان وەک بەڵگەیەک لەسەر رەحمەت و حیکمەتی خالقییان دەزانێت کە دەکرێت بە جۆرێک گوایە هەوڵبێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە: «وێناکردنەکانی دەرەنجامی هەستی بەهێزتر و ئاشکراتر و جیاوازتر لە وێناکردنەکانی سەرچاوەگرتوو لە خەیاڵن و سەقامگیری و رێسا و دیسپلین و پەیوەندییان هەیە و دەستەبەربوونیان بەسەر ناکۆکی خەیاڵەکانی بەرهەمی ئیرادەی مرۆڤایەتی، بە رێکەوت و ئاڵۆز نییە، بەڵکو بێ پسانەوە و بەردەوام و رێکوپێک دەستەبەر دەبن و پەیوەندی و پەیوەستی سەرسوڕهێنەریان پێکەوە، نیشانەی حیکمەت و رەحمەتی ئافەریدەیانە» (2، بنەمای 30، ل: 39).

### 8. هۆکارێتی دەروونی کۆتایی هاتووی تر

سەرباری دەروونی خود، کۆمەڵێک دەروونی تر، بێجگە لەخۆشی هەیە؛ بەمەش بێرکلی دەبێ بوونی دەروونی مرۆڤی دیکەش بسەلمێنێت. ئەو سەلماندنە رەگی لەبەیەک گەیشتنی هۆکارێتی دایە کە بێرکلی بۆ سەلماندنی ئەم دەروونە باسی دەکا، چونکە لێرەشدا، بەهۆی ئەم بنەمایە لەسەلماندنی دەروون دەکۆڵێتەوە، کە هۆکارێتی شتێک نیە جگە لەئیرادە. کە وێناکردنەکان و دەروون بەوپەڕی لێکجیا دەزانێت «رۆح جەوهەری کاراو

دابەش نەکراوە و ئێستا کە وێناکردنی جێگیر و نێپەڕە و قایم بەخود نیە و بەهێز بوون و ناوکەکەی لە زەین یان جەوهەرە رۆحیەکانە» (2، بنەمای 89، ل: 72) و هەروەها قایل بەبنەمای هاوشێوەیە، واتە ئەم بنەمایەی کە ناکرێ وێناکردن هاوشێوەی هیچ شتێک بێت مەگەر وێنایەکی تر. بەمەش لەڕوانگەیەوە، ناتوانین وێنایەکمان لە دەروون هەبێت: «دانی پێدادەنێم کە هیچ وێنایەک لەخوا یان رۆحێکی تر نیە، چونکە بوونیان کارایە و ناشێ بەهۆی کاری تەواوو ناچالاک، نمونەی وێناکانمان، دەرکەوون» (1، دیالۆگی سێیەم، ل: 94). هەروەها لەوباوەڕەدایە کە ئێمە «لە بابەت بوونی هەموو رۆحە کۆتایی هاتووەکان، ناسینی بەڵگەنەویستی بێهۆ یان زانستی بەڵگەدارمان نییە» (هەمان سەرچاوە، ل: 97). ئەوانە شیمانەن و دەکرێ ئێمە بەهۆی ڕەفتارو وێناکردنێک لەبوونیان بگەین، کە لەناخماندا دەیانورووژێنێت. وێناکردنە خەیاڵیەکان چالاکیەکی باڵای ئەم دەروونەن، بەڵام چونکە ئەم وێنایانە تایبەت بەخودی ئەو دەروون و کەسێتیەیە، ئێمە ناتوانین بەهۆیەوە، لەبوونیان بگەین. چالاکی فیزیکی، جۆرێکی دیکەی ئەم چالاکیەن. وەک نمونە، دەبینم کە ئێوە دەستتان دەجوڵێنن و وێنا کردنێکم تێدا دەورووژێنێ و ئەمجۆرە چالاکییە هەمان شتە کە بێرکلی پەنای بۆ دەبات تا دەروونی تر و هۆکارێنییان بسەلمێنێت. بەمەش، ئێمە تەنیا لەڕێی وێناکردنی هەستپێکراو دەتوانین لەبوونییان بگەین، کە دەروونی دیکەی ناخمان دەوروژێنێت: «لە سەرەوە، بەباشی ئاشکرایە کە ناتوانین لەبوونی رۆحی تر بگەین، بەهۆی کارەکان و وێناکردنەکانی ناخمان نەبێت کە دەیورووژێنن. من لە جووڵە و گۆڕانکاری و پێکهاتەی جۆراوجۆری وێناکردنەکان دەگەم و هەموویان بەبوونی هەندێک لە هۆکاری لاوەکی هاوشێوەم سەرپشک و ئاگادارم دەکەنەوە، کە لەگەڵ ئەم وێنانە بەشدارن لە

بەرهەمهێنانیان. بەم گوتەیە، زانستەکەم بۆ هەموو ڕۆحەکان، بە پێچەوانەی زانستێک بێهۆو ڕاستەوخۆ نییە کە وێنای دەکەم بەڵکو لەسەر داوەری ئەو وێناکردنانە وەستاوەتەوە کە وەک بەرهەم و نیشانەی هاوکاتی دەیدەمە پاڵ هۆکارەکان یان ڕۆحەکانی جیاواز لەخۆم» (2، بنەمای 145، ل: 104).

هیلاس لەسێ هەڤپەیڤیندا ڕەخنەی لەم بەڵگەهێنانەوە گرتووە کە لەلایەک، بێرکلی بوونی مادده بەوهۆیە ڕەت دەکاتەوە، کە هیچ وێنایەکیمان نییە، بەڵام لەلاکەی دی، کێشە ئەوەیە بۆچی نەتوانین هەمان سەلماندن بۆ بوونی جەوهەری ماددی، وەک هۆی وێناکردنەکان، لە زەین بگرین؟ بەمەش، دەبێ بێرکلی بوونی دەروونـی دیکەش ڕەتبکاتەوە و یابوونی ماددەش قبووڵ بکات (1، دیالۆگی سێیەم، ل: 96).

بێرکلی لە وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەیە دەڵێ بوونی جەوهەری مادی سەرباری شایانی وێنا نەکردنی، چەمکێکی لێکدژە، بەڵام دەربارەی دەروونی کۆتایی هاتوو، ئەم لێکدژیە نییە و بەلانیکەم دەتوانین بوونییان شیمانە بزانین: «لە دەروون چەمکی جەوهەری ماددی و لەپێناسە کردنیدا، لێکدژی و جیاوازی ئاشکرا هەیە. بەڵام لێکدژیەکی لەم چەشنە لە چەمکی ڕۆحـدا، نییە، چونکە وێناکان لەشتێکدا هەبێت کە تێی ناگات یان بە ڕەفتاری شتێک بێنەدی بۆ خۆی لێکدژە، کە کارا نییە. بەڵام هیچ لێکدژیەک لەوەدا نییە کە بڵێین کاری بەڵگەدار وێنای هەیە یا کاری کارای هۆکانیانە» (هەمان سەرچاوە، لا: 7 – 96).

ئەم ڕوانگەیەی بێرکلی کە دەروونـی مرۆڤایەتی دەتوانێ وێنای هەستپێکراو بەرهەم بێنێت (دەتوانێت بەڕێکی، ناویان بنێت «شیکاری بێهۆی ئایدیالیستی») کێشەی خوڵقاندووە کە دژی بنەمای فەلسەفیەکەیەتی. دیارە لە بەرهەمەکانی دیکەی بێرکلیشدا چەند ئاماژەیەک هەیە کە داکۆکی

لەم روانگەیە، دەکاتْ. بۆ نمونە، دەکرێ ئاماژە بە بنەمای 548ی یاداشتە فەلسەفیەکانی بکرێ: «ئێمە بۆخۆمان لاقەکانمان دەجولێنین، ئێمەین کە ئیرادەی جولاندن دەکەین» (13، ل: 57). یا هیلاس لە سێ هەڤپەیڤیندا، کە باسی تاوانەکانی مرۆڤ دەکا بەزەین دەگا کە بێرکلی لە هۆکارێتی دەروونەوە ئەم لێکدانەوەیەی قبوولکردووە (1، دیالۆگی سێیەم، ل: 101). لەم شیکارەدا، ئێوە ئیرادە دەکەن کە لاقەکانتان بجوولێتْ و بە بێهۆ، وادەکەی وێنای هەستپێکراوی جولانی لاق بێتە دی. یەکەم کێشە ئەوەیە کە بێرکلی لەو باوەڕەدایە وێنای هەستپێکراو هەمان شتی واقیعین و تەنیا بەهۆی رەفتاری خوا دێنەدی: «گەرچی چەند شتێک هەیە کە قەناعەتمان پێدەکاتْ فاکتەری مرۆڤایەتی لە بەرهەمهێنانیان بەشدارن، بەڵام لای هەموو کەس روونە کە ئەوەی ناودەنرێن بەرهەمی سروشتی، واتە بەشی زۆری وێناکردنەکان و ئەو هەستانەن کە هۆکارییانە... هەموو شتێک لە بەرهەمی دەسەڵاتْ و هەرچی هەیە، لە بەرەکەتی بوونیەتی» (2، بنەمای 146، لا: 5 – 104).

ئێستا ئەگەر سەلماندنی بێرکلی لە سەلماندنی دەروونی کۆتایی هاتوو بەهۆی کارەکانیان، لە زەین بگرین، دەبینین کە ئێوە دەستتان دەجوولێنن، لە مندا دەبینەهۆی وێناکردنی جولاندنی دەستْ کە بۆخۆی جۆرێک وێناکردنی هەستپێکراوە و پرسیار ئەوەیە کە چۆن لە کاتێکدا خوا ئەم وێناکردنەم تێدا دەخولقێنێتْ، دەروونی مرۆڤایەتی تر کارەکە دەکاتْ؟

بە زەین دەگاتْ کە بێرکلی لە بنەمای 147ی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەجۆرێک دەیەوێتْ ئەم کێشەیە بە بەستنەوەی وێناکردنی هەستپێکراو بەخوا چارەسەر بکاتْ: «بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەوانی دی، ئیرادەی مرۆڤ جگە لەوە کاریگەری نیە کە ئەندامی لەشی خۆی بجولێنێتْ،

بەڵام ئەم جوڵاندنە هاوکات یان وێناکردنێک ببزوێنێت لەزەینی ئەوی دی بۆ خۆی کارێکە تەواوو بەویستی خوای باڵادەست گرێدراوە. تەنیا کە بە پاراستنی سەرجەم بوونەوەرەکان، بە وشەی توانای خۆی وا پەیوەندی نێوان رۆحە بڕیار لێدراوەکانی فەرمووە کە لە بەرەکەتی خۆی، دەتوانن لە بوونی یەکدی بگەن» (2، بنەمای 147، ل: 105). بەڵام لێرەدا، بەزەین دەگات بێرکلی سەرباری ئەوەی کە مالبرانش بەهۆی گریمانەی مادده وەک هۆی شوێن، رەتدەکاتەوە، بۆخۆی بەداوی شیکاری «شیکاری ئایدیالیستی هۆی شوێن»ەوە دەبێت «بەم مانایە کە دەروونی مرۆڤ ئیرادە دەکات کارێک بکاو ئەوکاتە، خوا سەبەبی جووڵاندنی ئەو مرۆڤە دەبێت. کەوایە دەتوانین هەمان ئەو کێشانە لێرەدا وەرگرین و بڵێین خوا بەبێ گریمانەی بوونی رۆحەکانیش دەتوانێت ئەم وێناکردنانە بخوڵقێنێت کە دابوونیە مالبرانش (13، ل: 58). جۆناتان بنێت دەڵێ: دەتوانین بنەمای 147ی بنەمای زانستە مرۆڤایەتیەکان لەمەڕ هۆکارێتی دەروون لە فەلسەفەی بێرکلیدا بە دوو شێوە، تێبینی بکەین: «1. تۆ دەبیە هۆی جووڵاندنی جەستەت و خوا دەبێتە هۆکار کە من تێی بگەم و یان بەو چەشنەی کە دەیجوڵێنی تێی بگەم. 2. تۆ ئیرادە دەکەی کە جەستەت بجووڵێنی و خودا دەبێتە هۆ کە جەستەت بجووڵێ و بەمەش، دەبێتە هۆ لە جووڵەکەی بگەم» (8، ل: 230). لە درێژەیدا، جۆناسان بنێت هیچ یەک لەم دوو رێبازانە تەبای بنەماکانی فەلسەفەی بێرکلی نابینێت: «خودا هۆی بێهۆی هیچ گۆڕانکاریەکی چۆنایەتی هەست پێکردنمە کە من هۆی نیم. کەوابوو ئەگەر خوا هۆی بێهۆیە، لەم کاتەدا، بوونی دەروونی مرۆڤایەتی چ شتێک روونەکاتەوە؟ بێگومان بێرکلی ناڵێ کە ئیرادەی تۆ یا جوڵەی دەستی تۆ وادەکات خوا لە مندا گۆڕانکاری بکات. هەروەکو دەبێت کە کاری تۆ هەرچیەک بێت وەک بزووێنەری باڵا نییە کە

خودا تا ئاستێک، سنوردار یان هانبداث، من بگۆڕێث. ئەوەی خوا دەتوانێث بەشتێکی لاوەکی ئەنجامی بداث، هەرچۆنێک بێث دەتوانێث بەکاری خۆی ئەنجامی بداث. بەمەش، دەوری تۆ پێویسث نییە. کەوابوو، پێموایە، هیچ رێپێدراوێک نییە کە تۆ لەم کاتەدا، دەورث هەبێث یا هەرگیز بوونی هەبێث» (8، ل: 220).

لە ئەنجامدا، بە زەین دەگاث بێرکلی لەمەڕ هۆکارێتی دەروون، رووبەڕووی دوو جۆر شیکار بۆتەوە: شیکاری ئایدیالیستی بێهۆ و شیکاری هۆکانی شوێن لە جۆری ئایدیالیستی، کە هیچکام لەوانە لەگەڵ فەلسەفەکەی کۆک نییە.

بە زەین دەگا بێرکلی گرفتاری هەمان ئەو کێشانە بێث کە بۆ تیۆری حجابیی تێگەیشتنی لۆک درووستی کردبوو (هەمان سەرچاوە)، جۆناسان بنث تیۆری بێرکلی تووشی کێشەیەکی دیکە دەکاث. گادفری وسی بەمشێوەیە هەمان رەخنە دەگرێث: «بێی گریمانە بکەین کە تا ئاستێک، توانیبووی شیکاری بێهۆ بەم بیروباوەڕە پێکەوە بگونجێنێ کە خودا هۆی هەموو وێنا هەستپێکراوەکانە «ئایا ئەنجامگیری وێناکردنی جوڵاندنی لاق بۆ بوونی نفوسی مرۆڤایەتی، بەڵگەیەکی گوماناوی نییە؟» (13، ل: 59).

هیلاس لەدیالۆگی سێیەمدا، دەیەوێث قەناعەث بە فیلۆنۆس بکاث کە دەتوانین مادە وەک ئامێرێک یان هۆی ئامادەکار لە زەین بگرین کە بە ئامادەبوونی، خودا وێناکانمان دەخوڵقێنێث، بەڵام فیلۆنۆس لە وەڵامی ئەم مەسەلەیە دەڵێث ئەگەر مادده وەک ئامێر یان هۆی ئامادەکار لە هێنانەدی وێناکان لە زەین بگرین، لە توانای خودا کەم دەکاتەوە و بەمەش ئەم گریمانەیە بێهودەیە: «ئایا رێساو یاسایەک ناتوانێث بە حیکمەث و توانای خوایی روونبکەیەوە، کە لە زنجیرەی وێناکردنەکانمان یان لەڕەوتی

سروشتدا دیتراوە؟ ئایا ئەو گریمانەیەی کە جەوهەری بیرنەکەرەوە کار لە خودا دەکاو رێنمایی و بانگهێشتی دەکا کە کێ و چۆن ئیرادە بکاتْ. لە کەماڵی سیفاتەکانی کەم ناکاتەوە؟» (1، دیالۆگی دووەم، ل: 78) . کەوایە لێرەدا، دەتوانین بێرکلی تووشی هەمان کێشە بکەین دەربارەی هۆکارێتی دەروونێکی تر و بڵێین کە خودا دەتوانێتْ بەبێ گریمانەبوونیان لە فەلسەفەکەیدا بێهودەیە. جۆناسان بنێیش وەک گادفری وسی، تاکە رێگای رێکاری بێرکلی لەم کێشەیەدا بە پەنابردنە بەر خێرخوازی خودا دەزانێتْ و لەو باوەڕەدایە بێجگە لەمە، بێرکلی ناتوانێتْ گریمانەیان بکاتْ (8، ل: 221) .

**9. پەیوەندی نێوان ئیرادە و رەفتاری مرۆڤ**

بە گوێرەی جیاوازیەک کە تا ئێستا دەربـارەی کارەکانی ئیرادە ئەنجامدرا، ئەگەر ئێمە تیۆری شیکاری بێهۆی باڵا لە فەلسەفەی بێرکلی بەڕەفتاری مرۆڤ، قبووڵ بکەین، بە زەین دەگاتْ کە مرۆڤ بە کاری ئیرادە، دەتوانێتْ وێنای هەستپێکراو بەرهەم بێنێتْ. یان بە دەربڕینێکی تر، کارێک بکاتْ. بەڵام هەرچۆنێک بێتْ، لە فەلسەفەی بێرکلیدا، لێکدانەوەیەک دەربارەی چۆنیەتی پەیوەندی ئیرادە بە کارەکەیەوە، لەمجۆرە شیکارەدا نییە. دیارە دەبێ بیربهێنرێتەوە کە ئەگەر ئێمە کاری ئیرادە بەم مانایە وەربگرین کە هەر مرۆڤ ئیرادە بکاتْ دەتوانێتْ ئەنجامی بداتْ، تیۆرێکی مەحاڵە و نەک تەنیا بێرکلی بەڵکو هیچ فەیلەسوفێکی تر باوەڕێکی لەم چەشنەی نییە. بۆ نموونە، ئەگەر من ئیرادە بکەم کە کێو بەرز بکەمەوە، بە دواییدا، ناتوانم بە ئیرادە ئەم کارە ئەنجام بدەم.

بەڵام ئەگەر کاتێک شیکاری ئایدیالیستی لە هۆکار قبووڵ بکەین، لەم کاتەدا، من ئیرادە دەکەم و بە دوایدا، خودا وێنای هەسپێکراو دەخوڵقێنێتْ

و لە ئەنجامدا بە زەین دەگا کە لەنێوان ئیرادەی من و کاری ئەنجامدراو، جیاوازی هەیە و ئەم دووە لێکجیان. چەند بڕگەیەک لە کتێبی یاداشتەکانی بێرکلیدا هەیە کە ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە، بڕگەی 499، 699 و 107ی ئەم کتێبە کە بەدوای یەکدا، لێرەدا، دەهێنرێنەوە: «مانای هۆکارێتی وەک جیاواز لە شوێن چییە؟ هیچ شتێک مەگەر بوونێک کە دەیەوێت ئاکام بەدوای ئیرادە بێت» (8، ل: 206).

«جیاوازی لەنێوان ئیرادە و تواناداد هەیە. ڕەنگە ئیرادە بەبێ توانا هەبێت، بەڵام هیچ توانایەک بەبێ ئیرادە نییە. توانا بەڵگەی ئیرادەیە و هاوکات ئاکامێکە، کە بەدوای ئیرادەدا دێت» (هەمان سەرچاوە).

«لاوازی سەیری مرۆڤ، مرۆڤی بێ خودا، لەبەرد و دار لاوازترە، تەنیا ئەمە توانای هەیە کە بەهۆی ویستە ئەنجام نەدراوەکانی بەدبەخت بێت. «هەرگیز ئەمانە توانایەک نین» (هەمان سەرچاوە). کەوابوو لەنێوان ئیرادەی دەروونی مرۆڤایەتی و ئەنجامەکەی هیچ پێویستییەک نییە، چونکە خودا دەتوانێت بە جۆرێکی دیکەی بخوڵقێنێت. بەمەش گەرچی بێرکلی جەخت لە ئازادی ئیرادەکان دەکاتەوە، ناتوانێت بڵێت چۆن دەتوانین دەسەڵاتمان هەبێت لە کاتێکدا کە بۆ خۆمان هۆکاریان نین.

پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئێمە چۆن دەتوانین کارێک جیابکەینەوە کە دوای ئیرادە دێت و پێشبینی بکەین دوای فڵان ئیرادەی تایبەتی، فڵان کاری تایبەت دێت؟ وینکلەر بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، دەڵێت بێرکلی هۆکارێتی هاوڕێکی ئەقڵانیەت کردووە، واتا لە بنەمای 107ی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان، گوتوویەتی: ئێمە دەتوانین بە تێگەیشتنی ویستی خودا بەبێ گریمانەی توخمی پێداویستی، ئەقڵانیەت بە یاسا سروشتییەکان ببەخشین، چونکە دنیای ئافەریدە دەستکردی وەستایەکی حەکیمە، واباشترە

کە فەیلەسوفەکان فکری خۆیان (لەسەر ناکۆکی بیروباوەڕی هەندێک) لەمەڕ دۆزینەوەی هۆی ویستی شتەکان بەکاربەرن. من هیچ جۆرە بەڵگەیەک نابینم ئاماژەی بە ویستی جیاجیای شتی سروشتی شایستەی بۆ دۆزیوەتەوە و لەبەر ئەو، لە بنەمایەکدا لە رووی کەماڵی حیکمەت خوڵقێنراون، کە رێگەی راست بۆ جیاکردنەوەی ئەو شتانە و لایقی گرنگی حیکمەت نەبێت (2، بنەمای 107، ل: 83). بەمەش ئێمە دەتوانین دەربارەی رەفتاری مرۆڤیش رێبازێکی چارەسەر بگرینەبەر و بەهۆی تێگەیشتنی ویستی خۆمان عەقڵانیەت بە کارو جووڵەمان بدەین و بە دیتنی رێسایەک ئەم عەقڵانیەتە زیاد بکەین کە ئەم ویستە دەکەونە خواریەوە (14، لا: 131 و 132) و پێشبینی بکەین کە پاش ئیرادەی تایبەتی، کارێکی تایبەتی دەکرێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، راستە کە دەتوانین بە ئاشکراکردنی مەبەستمان عەقڵانیەت بە ئیرادەکانمان ببەخشین، کەچی هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، چونکە خودا بکەری سەرەکییە و کاری فیزیکی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

**10. ئەنجامگیری**

1. بێرکلی هۆکارێتی بکەری سەرەکی بەشتێکی کارا دەزانێت و تەنیا ئیرادەکان لە فەلسەفەکەیدا، ئەم تایبەتیەیان هەیە ؛ بۆیە دەروون تاکە هۆکاری واقیعین. ئەم دەروونە یان خودا یان دەروونی مرۆڤەکانە.

2. چالاکی خودا بەهۆی وێناکردنە هەستپێکراوەکان، دەسەلمێنرێت «بەمشێوەیە لە دۆزینەوەی وێناکردنە هەستپێکراوەکاندا ناچالاکین و هۆکەیان نین. کەوابوو هۆکارێتی جگە لە دەروون نییە، دەبێت دەروونێکی دیکە هۆی ئەم وێناکردنانە بێت، بێرکلی ئەمە بە دەروونی خودا دەزانێت. دەکرێ رەخنە لەم بەڵگەهێنانەوە بگیردرێت کە هەرچەند لەم سەلماندنە، دەبێ دەروونێک هۆی وێناکردنەکانمان بێت، رەنگە چەندین دەروون

پێکەوە دەوریان لە هێنانەدی ئەم وێنا کردنانەدا هەبێت، بەمەش، ئەم سەلماندنە چالاکی خودای تاک و تەنیا ناسەلمێنێت.

3. بێرکلی چالاکی نەفسی خۆی بەهۆی ئەزموونی وێناکردنە خەیاڵیەکان دەسەلمێنێت. بەڵام ئەم سەلماندنە دوو کێشەی گرنگی تێدا هاتووە: یەکەم هەموو مرۆڤەکان توانای خەیاڵکردنیان نییە و هەندێکیان ئەو توانایەیان نەماوە». بۆ نموونە، دەکرێت ئاماژە بە منداڵێک بکرێت کە هێشتا لە وێناکردنی زۆر هەستپێکراو نەگەیشتوون تابتوانن بەهۆی وێناکردنە خەیاڵیەکان لە زەینی خۆیاندا بیگونجێنن. هەروەها لەم سەلماندنە، هیچ جۆرە چالاکیەکی فیزیکی (وەک هەڵگرتنی قەڵەم) بۆ دەروون، ناسەلمێنرێت، چونکە چالاکی فیزیکی لە فەلسەفەی بێرکلیدا، هەمان وێناکردنی هەستپێکراوون و خودا دەیانخوڵقێنێت و مرۆڤ لە ئەنجامدانی ئەم کارە، ناچالاکە. گەرچی بێرکلی لە هەندێک دەستەواژەدا، باسی دەکات کە دەتوانین بۆ خۆمان کاری فیزیکی ئەنجام بدەین، کەچی هەرگیز نەیتوانی پیشانی بدات چۆن هەم ئێمە و هەم خودا پێکەوە دەتوانین هۆی وێناکردنە هەستپێکراوەکان بین.

4. دوا کێشەی بێرکلی دەربـارەی هۆکارێتی دەروونــی ئەوی دیکەیە، چونکە بۆ سەلماندنی دەروونی ئەوی دی، پەنا بۆ وێناکردنە هەستپێکراوەکان یان ڕەفتارێک دەبات کە دەروونی ئەوی دی دەیهێنێتە ئارا و دەتوانین لە ڕێگەیەوە لەبوونی دەروونی ئەوی دی بگەین. بۆیە دەکرێت تووشی هەمانکێشەی بکەین کە چۆنچۆنی هەم خواو هەم دەروونی مرۆڤایەتی پێکەوە دەتوانن وێنای هەستپێکراو بخوڵقێنن. بێرکلی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، پەنا بۆ نێوانگیری خودا دەبات. بە دیوێکی دیکەدا، گەرچی نفوسی تر ئیرادە دەکەن، خوا وێناکردنی هەستپێکراو لە

ئێمەدا بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەم جیاوازیەش دوو کێشەی بنچینەیی بۆ فەلسەفەی بێرکلی دەخوڵقێنێت. لێرەدا بێرکلی بەجۆرێک، گرفتاری شیکاری ئایدیالیستی تیۆری هۆکاری شوێن دەکات، چونکە لێرەدا، کاری دەروونی تر سەر بە ویستی خوایە و بەمەش هەمان ئەو کێشانە بۆ خۆشی رەوایە کە بۆ مالبرانشی درووست کردبوو». بە هەمانشێوە کە گریمانەی هۆی شوێنی بە رەشبین دەزانی لێرەدا، هەم دەتوانین بڵێین کە گریمانەی بوونی رۆحەکانی تریشە. ناسینی دەروونی مرۆڤایەتی تر بەهۆی وێناکردنەکانەوە کێشەی دووەمی ئەم تیۆرەیە، بۆیە بێرکلی لێرەدا، خۆی تووشی کێشە دەکات کە بۆخۆی تیۆری حجابی لۆکی تووش کردبوو. واتە بێرکلی لێرەشدا دەبێ بڵێت گریمانەی بوونی رۆحەکانی دیکە بۆ لێکدانەوەی وێناکانمان بێهودەیە.

5. سەلماندنی هۆکارێتی دەروونی مرۆڤ کە ئامانجی بێرکلی بوو بۆ رەتکردنەوەی جیهانی ماددی، رەخنەیەکی تێکڕایی تیۆری هۆکارێتی بێرکلیە، بەڵام بە کردەوە دیتمان کە بەڕای خۆی هیچ کارێک جگە لە خەیاڵ و ئیرادەکردن بۆ دەروون، نەسەلمێنراوە و بەڵگەکەشی لە سەلماندنی کاری فیزیکی بۆ مرۆڤ ناتەواوە، کە لە فەلسەفەکەیدا هەمان وێناکردنی هەستپێکراوە.

6. سەرباری ئەو رەخنەیەی کە لە فەلسەفەی بێرکلی لە سەلماندنی هۆکارێتی گیراوە، هەرچۆنێک بێت، دەبێ ئەو کێشانە لە زەین بگرین تا خاڵی ئەرێنی تیۆرەکەی بزانین، کە لە قۆناغی خۆیدا رووبەڕووی بۆتەوە. بۆ نموونە، لە سەردەمی بێرکلی، تیۆری هۆکاری شوێنی مالبرانش دەروونی مرۆڤ وەکو شتی ماددی تەنیا کاتێک دەزانێت کە تێیدا خودا کارێکی دەکرد و تیۆری بێرکلی دەیتوانی وەڵامێکی باش بێت بۆ تیۆری مالبرانش. لەڕاستیدا، بێرکلی دەیەوێ بڵێت بە پێچەوانەی بۆچوونی مالبرانش، هەموو

مرۆڤێک کە شعوری هەیە، بەهۆی ئەزموونی دەروونی ئێدەگاث کە لانیکەم دەربـارەی خولْقاندنی وێنای خەیاڵی، کارایە و دەتوانێث هۆ بێث نەک شوێن. هەرچۆنێک بێث، دەکرێث لێکدانەوەی هەمەلایەنەی ئەم کێشانە هاوکارمان بێث باشتر لە فەلسەفەی بێرکلی بگەین کە بۆخۆی دەرفەتی زیاتری دەوێث و لێرەدا پەیوەندی بەم باسەوە نییە.

**سەرچاوە:** www. SID. ir

-دکتۆر منوچهر صانعی درەبیدی (مامۆستای یاریدەدەری زانکۆی شەهید بەهەشتی)،

-دکتۆر محمد سعیدی مهر (مامۆستا ی یاریدەدەری زانکۆی تەربیەتی مدەرس)،

-محمد علی محمدی (پسپۆڕی زانکۆی تەربیەتی مودەرس).

# کورتە مێژووی دەروونناسی

نوسینی: S· Hani· M·m

بنەما زانستە مرۆڤایەتییەکان کاریگەرترین وتاری بێرکلی بوون، کە بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر «ئایدیالیستی زەینی»، «نامادی خوازی»، «غەیرە ماددی بوونخواز»ی بۆ بێرکلی دەستبەر کرد و ئەمانە ئەو شتانە بوون کە هاوکاری کرد تا کتێبە گچکەکەی گوتارێک بێ لێکدانەوە و تێگەیشتنی خراپی بۆ بکرێت لە فەلسەفەدا. سڕینەوەی ماددەخوازی ماتریالیزمی ئەوە بوو بێرکلی بە دوایەوە بوو دەرەنجامی ئەم کارە بە درۆخستنەوەی چەمکی شاراوە یان ئاشکرای مادده خوازانەی گوتاری لۆک و تیۆرەکانی ژنۆمەتریکی دیکارتی و هۆبز دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵ بوو.

### دیڤید هیۆم 1711 - 1776

هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤی بڵاوکردەوە. پاڵپشت بە بۆچوونی لۆک لەسەر پێکهاتەی ئەندێشە سادەکان جەختی لە ئەندێشە ئاڵۆزەکان کردەوە، لە کاتێکدا هزری بیرهێنانەوەی بەشێوەیەکی ئاشکراتر بەدی هێناوە و گەشەی پێدا. زەینی وەک مادەی لەبەین بردو گوتی کە چۆنیەتی وەک مادده مام دووەمینە. زەین تەنیا بەهۆی تێگەیشتن، شایانی دیتنە. لە هەمووی گرنگتر، جیاوازی نێوان دووجۆر ئەندازەی ماددەی نووسی: «تێگەیشتنی ئیمپرسنەکان و وێناکان و ئەندێشەکان، تێگەیشتنەکان تووخمی بنچینەیی و بنەمای بوونێتی و بەردەوامی زەینن. ئەمانەن هاوپەیوەند و خۆیەتی بە هەست و تێگەیشتنن. ئەندێشەکان ئەزموونی زەینین کە ئێمە

لە نائامادەیی تووخمە هاندەرەکان دەمانبن. هاوتای ئەمڕۆ دەبێتە وێنا. هیوم ئەم دوو چەمکەی لە زاراوەی دەروونناسانە یان لە گەڕانەوەی بۆ هەر مەسەلەیەکی هاندەری دەرەوەیی پێناسە نەکرد و لێکی نەدایەوە. ئەم چەمکە زەینییانە بەپێی سەرچاوە یان چاوگ جیاوازی نییە، بەڵام بە گوێرەی هێز و توانای ڕێژەییان جیاوازن. تێگەیشتنەکان بەهێز و پتەون، لە کاتێکدا ئەندێشەکان تەنیا وێنا کردنێکی لاوازی تێگەیشتنەکانن. دوو تیۆری لەبواری بیرهێنانەوە پێشنیاز کرد: (1) لێکچوویی یان چوونیەک.(2) دراوسێیەتی کات و شوێن. کارەکانی دەکەوێتە دەستەی ئەزموون سەرچەشنی یان بیرهێنانەوە خوازییەوە. باوەڕی وابوو بە هەمانشێوە کە ئەستێرەناسان یاسای جیهانیان بەهۆی کاریگەری هەسارەکان دیاری دەکەن، دەکرێت یاسای دنیای زەینیش دیاری بکەیت.

**جێمز مایل 1773 - 1836**

جێمز مایل باوەڕی وابوو کە زەینی مرۆڤ بە تەواوی ناچالاک و کارتێکراوە. پێیوابوو کە زەین، ئامێرێکە وەک سەعاتێک کاریکردووە و لەسەر بزووێنەری دەرەکی کار دەکات. گرنگترین کارو یارمەتی بۆ دەروونناسی کتێبەکەی، شیکاری دیاردەی زەینی مرۆڤ بوو کە لە ساڵی 1829 نوسی. مایل دەری دەخات کە دەبوایە زەین بەهۆی شیکار یان کورتبوونەوەی بۆ بەشەکانی بەرایی بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە. باوەڕی وابوو کە ئەندێشەکان و هەستەکان تەنیا جۆرەکانی زانراوی پڕۆسەکانی زەین نین. وای دەزانی ئەندێشەکان بەرهەمی پڕۆسەی ئەو هەستانەن کە لە یەک کات و بە ڕێسای زانراو روویان داوە. بۆیە، جێمز مایل بە ئەزموون سەرچەشنێکی بەریتانیی هەژمار دەکەن، کە لەسەر دەوری بنچینەیی پڕۆسەکانی هەست

و پەیوەندی نێوان پرۆسەکانی هوشیار و بیرهێنانەوە قووڵبۆتەوە. جۆن ستیوارت مایل، کەسێک بوو کە باوەڕی بە زانستی کیمیایی زەیینی هەبوو، کوڕی جێمز مایل بوو.

### جۆن ستیوارت مایل 1806 - 1873

جۆن ستیوارت مایل ئەزموون سەرچەشنێکی بەریتانیی بوو پەیوەندی بە بیرهێنانەوەخوازییەوە هەبوو. بیرهێنانەوەخوازی شرۆڤە دەکات کە چۆن وێناکردنەکان یان ئەندێشەکان دەتوانن گرفتار و گیرۆدەی داوی یەکتری بن و دەبوایە چەند یاسایەکی بیرهێناناوە هەبێت. مایل بە پێچەوانەی باوەڕی باوکیەوە، باوەڕی وابوو کە زەیین چالاکە، هزری کیمیایی زەینی داهێنا کە تێیدا لەو باوەڕەدا بوو کۆکردنەوەی دوو بۆچوون یا ئەندێشە کە متوربەی یەکتری بوون لە کۆکردنەوەی دوو ئەندێشە بە تەنیایی گەورەترە. بە تەنیشت لێکۆڵینەوەکانی مایلەوە، کتێبی جۆراوجۆری نوسی کە کاری جێمز، گشتالت و ڤۆنتی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

### سەدەی نۆزدە

دەروون ناسی لە فەلسەفە جیابۆوە و فۆرمەلەبوونی بنەماکانی دەروونناسی لەسەر بنەمای ئەزموونی لەجیاتی گومانکردن دەستی پێکرد. «تەنیا لە سەد ساڵێکی ئەم دواییەدا پەسەند کرا کە ناسینی مرۆڤ لەجیاتی گومانکردنی فەلسەفی دەکرێت بابەتی توێژینەوەی زانستی بێت» (ئەندرسۆن، 1995).

### ویلهێلم ڤۆنت 1832 - 1920

ویلهێلم ڤۆنت لە 14ی ئۆگۆستی ساڵی 1832 لە ئەڵمانیا لەدایکبووە. ڤۆنت یەکەم تاقیگەی دەروونناسی لە لایپزیگی ئەڵمانیا لە ساڵی 1879 دامەزراند و یەکەم بڵاوکراوەی بەناوی فیلۆسۆفیس ستودنی بڵاوکردەوە، کە راپۆرتی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی تێدا بوو. ڤۆنت لە ساڵی 1875 تا 1917 لە زانکۆی لایپزگ سەرقاڵی وانەگوتنەوە بوو. ئەنستیتۆی دەروونناسی لە زانکۆی لایپزگ دامەزراند. ڤۆنت بە بونیاتنەری دەروونناسی وەک بەشێکی فەرمی ئەکادیمی و یەکەم دەروونناسی فەرمی مێژوو هەژمار دەکرێت. باوەڕی وابوو بنچینەی دەروونناسی دیتنی تاقیکردنەوەیە. زۆربەی دەروونناسانی وەک ئیچنەری پەروەردە کرد. رێبازی لێکۆڵینەوەی بە زۆری ناوەوەیی بوو (بە گوتەی ئەندرسۆن 1995، تەماشاکەرانی بەهێز کە ناوەرۆکی هوشیاری خۆیان لە هەلومەرجی رێک کۆنترۆڵکراودا شیدەکردەوە).

### هرمان هلمۆلتز 1821 - 1894

هرمان هلمۆلتز لەساڵی 1821 لە پۆسندامی ئەڵمانیا لەدایکبوو. بەهۆی لێکۆڵینەوە دەربارەی فیزیک و فیزیۆلۆژی ناسراوە و وەک بیرمەندێکی گەورەی سەدەی 19 سەیر دەکرێت. هلمۆلتز بەهۆی تیۆری هەڵێنجەرانەی ناهوشیار، بۆ نمونە تێگەیشتنی دیتنی فەزا، ناسراوە. داکۆکیارێکی زانستە سرووشتییەکان بوو پەیوەندیەکی تایبەتی بە خێرایی ئەندازەی جووڵەی دەمارەوە هەبوو. لێکۆڵینەوەکەی یەکێک لەو سەرەتاییانە بوو کە سەلماندی تاقیکردنەوە و ئەندازەپێوی پرۆسەکانی دەروون فیزیۆلۆژی سایکۆفیزیۆلۆژی شیاوە. هلمۆلتز تیۆری تازە دامەزراوی دیتنی رەنگی هلمۆلتزی هێنایەدی.

### هرمان بینگهاوس 1850 - 1909

بینگهاوس لە زانکۆی بۆن خوێندوویەتی. وەک دکتۆری لاوی فەلسەفە دامەزرا تا پرۆسە باڵاکانی زەینی تاقی بکاتەوە و شرۆڤەیان بکات کە ڤۆنت لەبیری چوبوون. تاقیکردنەوەی ساڵی 1879 لەگەڵ بینگهاوس وەک تاکە تاقیکردنەوەی ئەم دەستپێکرد. ئەنجامەکەی لەساڵی 1885 ئامادە بوو، ئامادە بۆ ئاشکراکردنی یاسا بنەماییەکانی فێربوون یەکەم سوود وەرگرتنی لە حینجە بێماناکان بەکاربرد. حینجە بێماناکانی مانای نەبوو، بۆیە نەکەوتنە ژێر کاریگەری فێربوونی پێشترەوە. هەروەها بەم بەڵگەیە سوودی لە حینجە بێماناکان وەرگرت وەک هیچ کامێکییان بۆ فێربوون لەوی دیکە ئاسانتر نەبوو. هەروەها بینگهاوس لە فەرامۆشی کۆڵییەوە. دەیویست لیستگەلێک لە حینجە بێماناکان، لە هەر لیستێکدا (13) دانەی پاراستووە و ئەندازە پێوی بکات تا حینجەکان فەرامۆش بکات، دەرەنجامەکەی لە چاڵوچۆڵی فەرامۆشی کورت بۆوە.

### سێر فرانسیس گاڵتۆن 1822 - 1911

گاڵتۆن وەک دامەزرێنەری زانستی چاکسازی رەگەز دەناسن کە بەرهەمهێنانی هاوشێوەی کۆنترۆڵکرد تا هەلومەرجی رەگەزی مرۆڤ چاکبکات. گاڵتۆن باوەڕی بەوە نەبوو کە ناوەندی ژیان کەسایەتی مرۆڤ دیاری بکات. باوەڕی وابوو کە بەهای کۆمەڵایەتی ناوەوەییە. هۆگری کۆمەڵێکی گچکەی دانیشتووان، واتا کەسانی ریزپەڕ بوو. گاڵتۆن بلیمەتی میراتی خستەڕوو کە «پێشنیاز دەکات توانای خودی تاکێک سەرچاوەگرتوو لە میرات پیشان بدات». رێبازەکانی ئاماری گاڵتۆن هەڵسەنگاندنەکانی نێوان مرۆڤەکانی ئاسانکرد. ژمارەیەک رێبازی گرنگی باوی ئەمڕۆی داهێنا و یەکەم

کەس بوو کە ئاماری بە شێوەیەکی ڕێسامەند لە دراوەکانی دەروون ناسانە بەکاربرد و هەروەها ڕێژەی هاوپەیوەستی داهێنا. هەروەها توێژینەوەی بنەمایی دەربارەی باسی سروشت لە بەرامبەر پەروەردەی ئەنجامدا و تەکنیکی وەبیرهێنانەوەی ئازادی هێنایەدی.

### ئێدوارد تیچنەر 1876 - 1927

لە ساڵی 1867 لەدایکبووە، شوێنکەوتەی تیۆرەکانی دەروون ناسانەی ویلهێلم و ڤۆنت بوو. ئامادەیی لە زانکۆی مال ئۆرن و ئۆکسفۆرد بەهۆی هاوکاری تێچوونی خوێندن قبوڵکرد چونکە خێزانەکەی زۆر کەم دەرامەت بوون. زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی خۆی بە وانە گوتنەوە لە زانکۆی کۆرنێل لە نیۆیۆرک بەسەربرد. ڕوانگەی تیچنەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕە هەڵچنرابوو کە هەموو هوشیارییەکان شایانی دابەزینین بۆ سێ دۆخ: هەستەکان، کە هۆکاری بنچینەیی تێگەیشتنن «وێناکردنەکان، کە وێنای شکڵ گرتووی زەینمان تا ئەوەی وەریدەگرێت دەستنیشانی بکات و بینەخشێنن و سۆزەکان، کە بەشی پێکهێنەری ورووژانەکانن. لە ساڵی 1915 تیچنەر ناوەڕۆکی تیۆری «مانا»ی خۆی ڕێکخست. بەپێی ئەم تیۆرە، ناوکی (مانا) بۆ ئەزموونی خاوی وەک هەستکردن بەتیشک، دەنگ، بەرکەووتن و دینامیزم دەگەڕێتەوە «پێکهاتەی جەوهەری بیرهێنانەوەکان کە ئەزموونی خاو پێشی خستووە و دەرکەوتوون. پێکهاتە شتێکە کە مانا دەداتە هەبوون، هەروەها تیچنەر باوەڕی وابوو ورووژاندنی هەستەکان تووند بوون کە لە هەستەکانی ناخی لەش هەڵقوڵاوون. تیچنەر لە ساڵی 1927 کۆچی دوایی کرد.

## ویلیام جێمز 1842 - 1910

ویلیام جێمز، بنەمای دەروونناسی، یەکەم کتێبی وانەیی دەروونناسی نوسی کە تـەوەری چالاکی قۆناغەکەی بوو. چەمکی کاریگەرخواز یان کردەگەرا لە دەروونناسی جێمز خرایەڕوو کە بە زانستێکی سروشتی دادەنا. کاریگەر گەرایی هاوڕێکی کەسانی زیندووی دەورووبەریان بوو. هەروەها جێمز لە تیۆری جێمز نەما بەشداری کرد. ئەم تیۆرە پیشانی دەداتْ کە ئێمە بەهۆی کارێک هەستْ بەورووژان دەکەین کە دەستی دەکەینێ. بۆ نموونە، هەستدەکەین هەراسانین، چونکە لە دۆخی هەڵاتن و راکردنداین.

## سەرەتای سەدەی بیست

## ئێدوارد تۆڵمەن

تـەوەری کاری ئێدوارد تۆڵمەن سەلماندنی ئەم بابەتە بوو کە چاوەڕوانییەکان و پیشاندانەوەی دەروونی ئاژەڵەکان رێنمایی هەڵسوکەوتی هەردووکیان دەکـاتْ. (گاڵتۆن، 1994) بـاوەڕی وابوو کە مشکەکان بۆ تەواوکردنی کەلێنێک سوود لە نەخشەیەکی ناسانە وەردەگرن نەک پاراستن و خستنە یادەوەری و ئەمکارە بە دانانی مشکەکان لە کەلێنی جیاواز . شوێنێک کە راهاتن پیشان بداتْ. مشکەکان بەبێ رۆیشتن بۆ شوێنی راهاتوو دەگەنە خاڵی کۆتایی. ئەمکارە پشتگیری تیۆری نەخشە ناسانەیان دەکاتْ.

## وۆڵفگانگ کوهلەر

وۆڵفگانگ کوهلەر بەهۆی رەخنە بەرایییەکەی لە تاریفکردنی چارەسەری مەسەلەکان ناوبانگی پەیدا کرد. تویژینەوە بەناوبانگەکەی لەگەڵ مەیمونێک بە ناوی سوڵتان، بوو کە دوو داری حەیزەرانی پێدرا بوو.

مۆزێکی دەرەوەی قەفەس کەوتبووە مەودایەکی زیاتر لەوەی کە بتوانێت بەهۆی دارەوە دەستی بیانگاتێ، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ مەیمونەکە هەوڵیدەدا تا بەهۆی دارەکانەوە دەستی بگاتە مۆزەکان، کە هەموو جارێک نەیدەتوانی. دوای ئەوەی ئاژەڵەکە هەردوو دارەکەی فڕێدایە سەر زەوی، دیتی کە لە خاڵێکی دەستنیشانکراو بۆ ماوەیەک کپ دانیشتووە. کوهلەر چارەی دۆزراوەی لە ناکاوی دوای ماوەیەک بێدەنگی ناونا بۆچوون و بەم چەشنە ئەنجامگیری کرد کە ئەم تایبەتمەندییە جۆرێک چارەسەری کێشەکە بووە.

**سێر فریدریک بارتلت**

سێر فریدریک بارتلت بەهۆی توێژینەوەکانی دەربـارەی مێشک ناسراوە. جەختی لە توێژینەوەی ژێر هەلومەرجی سروشتی کردەوە. لەم رووەوە، لێکۆڵینەوەی تاقیگەیی بە گوماناوی لە قەڵەمدەدا. بیری دەکردەوە تاقیکردنەوەکانی رابردوو یارمەتی نۆژەنکردنەوەی ئەو مادانەی داوە کە شایانی بەدەست هاتنەوەن. ڕێبازێکی بەکار برد کە ناوی بە دەست هێنانەوەی قاتبەندی بوو. ئەم ڕێبازە ڕێگەی دەدا تاقیکردنەوەی چیرۆکەکان زیاتر لە شوێنێک بەمەودای یادەوەری جۆراوجۆر بیربێننەوە. لەسەر زانیاریەک قوڵبۆوە کە بیردەهێنرایەوە و «بیر نە دەهاتەوە «. دەرەنجامەکەی پیشانیدا کە هەرچەند زەمەنی بەدەست هێنانەوەی تاقیکردنەوەی زیاتر لەکاتی دیاریکراو درێژە بکێشێت (بەدەست هێنانەوە) بە شێوەیەکی بەرەو پێشچوو زیاتر شێوێندراوە. بۆیە «تیۆری مێشکی درێژ ماوەی رەتکردەوە کە ماددەی هەڵگیراو بەبێ گۆڕان تا کاتی بەدەستهێنانەوە دەمێنێتەوە». مێشکی وەک پڕۆسەیەکی چالاک و زۆرجار نادرووست دەزانی. «شەڕی تارماییەکان» چیرۆکێکی بەناوبانگ بوو کە سوودی لێوەردەگرت.

**بی ئێف سکینز 1904 – 1995**

بەهۆی تیۆری مەرجسازی هۆکاری بەناوبانگە. بـاوەڕی وابوو ڕەفتار و زمان بەهۆی بەهێزبوونی فێربوونەوە دەبن (سولسۆ، 317 – 318). سندوقی چکۆڵەی سکینەری داهێنا، کە بۆ کۆنترۆڵ و ڕوپێووی ئاکاری فێربوونی ئاژەڵەکانی بەکار دەبرد. باوەڕی وابوو گۆڕانی ئاکار لە دەرەنجامی وەڵامدانەوەی تاکەکانە بۆ هاندەرەکانی دەورووبەر. بەڕای ئەو شۆڕش ناسی لەجیاتی پێشکەوتن، هەنگاوێک بۆ دواوە بوو لە مێژووی دەروون ناسی (موورای، 415). لە نێوان بەرهەمی زانستی سەرەکی ئەوو ئاکاری ئۆرگانیزم (1938) و ئاکاری ئاخاوتن (1957) بەرچاو دەکەوێت. ئاکارخوازی بووە هۆی ئەوەی توێژینەوەی ڕووداوەکانی زەینی بخرێتە لاوە. تا ئاستێکی زۆر ئەم مەسەلەیە کاردانەوەیەک بوو لە بەرامبەر ناوەوەیی. لە ئەمریکا شۆڕشی ئاکاری هەبوو. ئاکارخوازان باوەڕییان وابوو دەروون ناسی دەبێ تەنیا پەیوەندی بە ئاکاری دەرەوە هەبێ و «نابێت هەوڵبدرێ کاردانەوەی زەینی شیکار بکرێت کە ژێرخانی ئاکارە» (ئەندرسۆن، 1995). ڤاتسۆن (1930) وتی: «ئاکارخوازی بانگەشە دەکات کە هوشیاری چەمکێکە نادیارو سوود لێوەرنەگیراو». «بەرنامەی بیرمەندێکی ئاکار خواز و هەموو مەسەلەیەک کە بەرهەم دێنێت نەک تەنیا بۆ 40 ساڵ ڕێگری هەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەکی شێلگیر لە دەروونناسی ناسانە دەکات.. ڕەنگە گرنگترین یارمەتی درەنگ وەختی ئاکارخوازی، لایەکی هونەرێکی ئاڵۆز و سەخت و بنەمایی بۆ هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەیی هەموو بەشەکانی دەروونناسی، لەوانە دەروونناسی ناسانە بێت». (ئەندەرسۆن، 1995).

## سەرهەڵدانەوەی جارێکی دیکەی دەروون ناسانە

بە وتەی ئەندرسۆن (1995)، دەروونناسی ناسانە سەرەتای لەنێوان دەیەکانی 50 و 70 دەرکەوت. گەشەی ئەمڕۆی دەروونناسی ناسانە بەهۆی جەنگی جیهانی دووەم بە قوڵبوونەوەی توێژینەوە لەسەر ئاکار و سەرنجی مرۆڤ، پێشکەوتنەکان لە زانستی کۆمپیوتەری، بە تایبەت بابەتی هۆشی دەستکرد و نوێکردنەوەی مەیلەکان بوو بۆ بەشی زمان ناسی.

## نوام چۆمسکی (1928)

نوسینی وتارە رەخنەییەکانی نوام چۆمسکی لەسەر کتێبی سکینەر دەربارەی زمان (ئاکاری ئاخاوتن) لە رۆژنامەی زمانی ساڵی 1959، خاڵی وەرچەرخانی بەناوبانگی دەروونناسی ناسانەیە. چۆمسکی لە دامەزراوەی تەکنۆلۆژی ماساچۆست زمان ناسێک بوو، بانگەشەی کرد بەم چەشنەی کە سکینەر دەری دەبڕێت، زمان بەهۆی پڕۆسەی هاندەری وەڵامەکەی دیاری ناکرێ، چونکە ئەم شێوازە لە هەندێک راستی باوی زماندا جێی باوەڕ نییە. بەکاربردنی داهێنەرانەی زمان وەک پڕۆسەیەکی ناوەندی باشتر دیاری دەکرێت تا پڕۆسەیەکی دەورووبەر. زمان رێگەیەکە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان (ئەندێشەکان)، رێگەیەک کە ئەم بۆچوونانە لەو رێگەیەوە بۆ زمان دەگۆڕێن پڕۆسەی ناسینە (بنجافیلد، ل 41)، پیشانیدا زمان لەوە ئاڵۆزترە کە یەکێک پێشتر باوەڕی هەبووە و دیاریکردنی ئاکارخوازانە ناتوانێت بە شێوەیەکی لۆژیکی ئاڵۆزییەکانی زمان دیاری بکات. زمانی چۆمسکی دوو جۆر ستراکتۆری لەخۆ گرتبوو: ستراکتۆری رواڵەتی و ستراکتۆرە قووڵەکان.

دیڤید **راملهارت و جێمز مەک کیلە لەند**

راملهاڵ و مەک کیلەلەند، یەکەم نموونەی دەروونناسی ناسانەی نووێن. ناوەکانیان بەجێهێنانی هاوتەریبی ئاڵۆزی لەگەڵە. ئەم مۆدیلە جەختندەکاتەوە بەجێهێنانی زانیاری هاوکاڵ (هاوتەریبی) بە شێوەیەک کە لێکدژی بە ریزێک (یەکی لە کاتێکدا)یە روودەداڵ. تیۆرەکەیان ئاشکرای دەکاڵ کە زۆربەی یەکەی ئەنجامدانی سادە بەرپرسی ناردنی نیشانەی هاندەرو واز بە یەکەکانی دیکە دێنن. باوەڕییان وایە بە تێگەیشتن لەم تایبەتمەندیە بنچینەییە، ئەم سیستەمە ئاڵۆزە شایانی دیاریکردنە. ئەم ئایدیالە کە ئەنجامدانێکی وا برێتیە لە تووخمی بە یەکەوە بەستراوو گەڕانەوە بۆ مۆدیلی دەمار، تیۆری پەیوەندخوازی ئامادەیان دەکاڵ.

**جۆرج مایلەر**

جۆرج مایل مامۆستای زانکۆی پرینستۆنە. بەجێهێنانی زانیاری لێکدەداتەوە و توێژینەوەکەی لەسەر مـاوەی مێشکی مـاوە کوورڵ چڕدەبێتەوە. ناوی بە «ژمارەی جادوویی 7» گرێی خواردووە. ئەم تیۆرە دەڵێ دەکرێ زۆرینەی خەڵک 7 وێڕای / کەمکردنەوەکانی 2 مادە لە مێشکی ماوە کورتی خۆی بیربێننەوە. هەروەها ئاشکرای کرد کە بەدەسڵ هێنانەوەی زانیاری کاتێک باشتر پێکدێڵ کە لەیەکتری دابڕابن.

**ئالان نیو ۆڵ**

نیوۆڵ، بیرکاری زانێکە کە دەروونناسی ناسانە بۆ پێشنیازی سیستەمەکانی کۆمپیوتەری بەکار بــردووە. چل ساڵی لە فێرکردنی دەروونناسانی ناسانەی ماناو ئاماژەی هۆشی دەستکرد خەرجکردووە. نیوۆڵ

وەکو چالاکییەکانی چارەسەری مەسەلە، ئەماشای چالاکی ناسانەی کردووە. هەندێک لە کارەکانی دیکەی قوڵبوونەوە لەسەر جیاوازییەکانی کارناس لەگەڵ ئازەکاری لە مێشکدایە. نیوۆڵ و مەیمون پێکەوە کارییان لەسەر هۆشی دەستکرد کردووە لە زانکۆی مایلۆن.

دەروونناسی ناسانە لە دەیەی 1950 بە خێرایی گەشەی کردووە. ڕووداوێکی زۆر گرنگ بڵاوبوونەوەی کتێبی دەروونناسی ناسانەی ئۆلریک نیسر لە ساڵی 1967 بوو. ئەم کتێبە حەقانیەتی نوێی بەم بەشە بەخشی و لە شەش بەش پێکهاتووە لەگەڵ مەسەلەی ئێگەیشتن و سەرنج و چوار بەش بە بابەتی زمان، مێشک و ئێفکرینەوە. کاری داهاتووی نیسرو ڕووداوێکی گرنگی دیکە، سەرەتای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی دەروونناسی ناسانە بوو لە 1970. ئەم ڕۆژنامەیە زۆر هەوڵیدا مانا بەم بەشە بداث. بەشێکی زۆر نوێ بە ناوی زانستی ناسانە، دەرکەوتووە کە هەوڵدەداث هەوڵە ئوێژینەوەکانی دەروونناسی، فەلسەفە، زمانناسی، زانستی دەمارناسی و هۆشی دەستکرد ئێکرا بکاث. دەکرێث مێژووی ئەم بەشە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی زانستی ناسانەوە، لەساڵی 1976 هەژمار بکەی (ئەندرسۆن، 1995).

سەرچاوە: http://fates.cns.muskingum.edu/~psycweb/history/cognitiv.htm

ئرجمە: سید هانی موسوی.

# سەرچاوەی ناسین،
# لە روانگەی جۆرج بێرکلییەوە

عبدالعلی دست غیب

کێشەی تێگەیشتن و چۆنایەتی ناسینی شمەک و دیاردەکان، گرنگترین کێشەی فەلسەفە بووە و هەیە. هەموو شرۆڤە کارێک دەیەوێت بزانێ ناسینمان لە چ رێگەیەکەوە دەستەبەر دەبێت؟ لەڕێی هەستە پەتییەکان؟ بەهۆی هەستەکانی هاوشانی بوونی وێناکردنە دەروونییەکان؟ لەڕێگەی ئەزموون و رامان؟... فەیلەسوفەکان وەڵامی جیای ئەم پرسیارانەیان داوەتەوە، بەڵام بە درێژایی مێژووی زانست و فەلسەفە دوو کۆمەڵی فەیلەسوفەکان لەمەیدانی ناسین لە ئەبستراکتی بنەمای دانانی ئەزموونی هەستی یا هزری دەروونی، کەم وێنەترن. گرووپی یەکەم، ناویان ئەزموونگەراییە و گرووپی دووەم، بۆچوونگەرا.

جۆن لۆک فەیلەسوفی بەریتانی ئەمپریزم (ئەزموونگەرا)یە. بەگژ ((تیۆری)) هزری دەروونیدا دەچێتەوە، لەگەڵ تیۆرێک کە بەو پێیە، بەهۆی ئەزموونەوە فێری بابەتێکی کەم دەبین. واتە بە هاوکاری ستراکتۆری خودی ژیریمانەوە، ناسینی ئەبستراکت و تێکڕاییمان دەبێت. لۆک دەڵێ زانست و مەعریفەی مرۆڤایەتی لەکاتی لەدایکبوون وەک دەپەیەکی مۆمی (لەوحەی سپی)یە کە ئەزموون لەسەری دەکێشرێتەوە. بێگومان لەم مەیدانەدا لە پێوانە بەنەیارانی راستتر دەکات، هەرچەند ئەو لێکدانەوانە ئەوەندە گونجاو نییە کە ئەوو نەیارانی بەکارییان دەبرد و کێشەیان لەگەڵییاندا هەیە، کە فەیلەسوفەکانی ئەمڕۆ بەکارییان برد. راسڵ دەنوسێت: ((دەبێ بوترێت دەزگای دەروونی مرۆڤایەتی زیاتر لە «کاردانەوەکان» پێکدێت تا

لە «وێناکردنەکان»)). هەروەها ئەندامی هەستێنی، لیمف و ماسولکەکانمان بە دانەوەی جۆرێک وەڵامی تایبەت، رێنمایی دەکرێن کە لە ئۆرگانەکانی جەستەیی مرۆڤ هەمان رەفتاری گرنگی کارای دەرەوەیی هەیە. تووخمی هەبوو لە ناسینی پێگەی وەڵام کە بە ئۆرگانەکانی جەستەییمان هاوئاهەنگ و دەبەسترێنەوە، رەنگە بکرێت بە پیشاندەرەوەی هەمان شتی بزانی کە نەیارانی لۆک لە هزری دەرەوەیی ئیرادەیان دەکرد. بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە لە بەرامبەریدا هەستەکانمان لە گۆڕێیە، ناکرێت ئەو توخمە بەپیشاندەری بۆچوونی دەروونی بزانی. ئایدیالی دەروونی ئایدیالی مایەی سەرفرازین، چونکە مانمانیکی پەتی، بریتین لە تیۆلۆژی سروشتی و ئەخلاق، بەڵام هیچ کەس شانازی بە کۆکە کۆک و پژمینەوە ناکاو، کاتێک چۆن ناسینمان لە ئەزموونەوەیە کە لۆک هەوڵدەدات لە دوویان بدات، فەلسەفە لە زێدەڕۆیی زۆر کۆسپی تەوقکەر ئازاد دەکات، هەرچەند تیۆرەکانی بەسەر یەکدا کەڵەکە بوو هەمان ئەو تیۆرانە نییە کە دەکرێت ئەمڕۆ قبووڵی بکەین.

هەروەک کە گوتمان لۆک باوەڕی بە ئەزموونە. لەو روانگەیەوە ئەو هەستە کە وێنامان تێدا دەورووژێنێت. وێنە لە ئەزموون و هەستەوە دێ و رامان بەهۆی بۆچوونەوە درووست دەبێت. هەندێکجار بۆچوون سادەیە و جاری وایە ئاڵۆز. بۆچوونێک کە لە دوو هەستەوە دێت، وەک تامی شیرین بۆچوونی ئاوێتە درووست دەکات: شیرینی شەکر هەم پەیوەندی بە جەستە یا دەممانەوە هەیە و هەم وەکو تامی شیرین. خەسڵەتەکانی جەستە لە جەستەدان و بۆچوونی دەربارەیان لە مێشکدایە. رامانە وەک کارتێکەر دەیانخوڵقێنێت. بەرژەوەندی زانست و مەعریفە لە ئەزموونەوە دێت، هەندێکجار سەرچاوەی زانیاریمان ئەزموون و جاربەجاریش رامانە. چالاکی مێشک سەرچاوەیەکی ئەبستراکتە، بەڵام مێشک چالاکی ئەنجام

ناداتْ مەگەر بە باوەڕی ئەزموونی، کەوابوو بۆچوونی دامەزراوەییمان نییە.

لایب نیتز لەدژایەتی لۆک و داکۆکی کردن لە ئەندێشەکانی دامەزراوەیی، باسی بنەماکانی ئەقڵ (ژیری) دەکاتْ. دەبوایە یاساکانی رامانی ئەقڵانی و تاریفی قوڵی واقیعیەتْ روانگەی ئەم بنەمایانە بن. لایەنگری بنەماکان تاریفکردنی چۆنیەتی شتەکان، واتە ئەمانە دەبێتْ چۆن بن – دەگەیەنێتْ. دۆزراوە زانستییەکان پێوەندیان بە دیاردەکانەوە هەیە و زانستی سروشتی پیشاندەرەوەی جیهانە بەو جۆرەی کە بەڕێکوپێکی دەردەکەوێتْ، لە کاتێکدا جیهان بەوجۆرەی کە بە ڕاستی هەیە تەنیا بەهۆی بنەماکان لە – خودی بەڵگەنەویستی رامانی عەقڵانی دەناسرێتْ. ئەم دوو بنەمایە وێکچووی ((حەقیهەرگیزی باوو بەڵگەنەویستْ))ن.

ا– بنەمای پێویستی نەبوونی لێکدژ، کە بە هۆیەوە داوەری دەکەین کام راڤەکاری راستە، کە لێکدژ یان ناتەبا راڤەکاری درۆیە.

ب – بنەمای بەڵگەی پێویستْ. بەهۆی ئەم بنەمایەوە تێدەگەین کە ناتوانین لەواقیعیەتی حەقیقی یا هەبوو، هیچ دەربڕینێکی حەقیقی بدۆزینەوە مەگەر بەهۆی ((بەڵگەی پێویستْ)) کە دەڵێتْ بۆچی ئەو واقیعیەتە یان دەربڕینە بەم شێوەیە نەک شێوەیەکی دیکە.

بەڵگەهێنانەوەی لایب نیتز لەسەر بنەمای راسیۆنالیزمە. راسیۆنالیزم واتە لایەنگری کردنی بنەمای هاوتای ژیری. لەم سیستەمەدا، ئەزموونیش لە مەیدانی پێوەردایە. ((راسیۆ)) واتا ژیری و عەقڵ. بەمەش سیستەمی فەلسەفی ناودەنرێتْ راسیۆنالیزم، کە دوا پەناگەی ژیرییە. واتا بەڵگەهێنانەوەی هاوتای بنەماکانی کاری خود. کە دەبێ واقیعیەتْ پێودانگی بنەماکانی ژیری بێتْ، دەبێ ستراکتۆری بەڵگەهێنانەوە لەسەر بنەمای دژایەتی کردن بوەستێنەوە. دژایەتی کردن چەمکێکی بەرفراوانە و بریتیە لە بنەما لێکدژو ناتەباکان.

دژایەتی کردنی لۆژیکی یان لێکدژ، چەمکێک وێنا دەکەین، شیکارەکەی وێنایەک پێشێل بکات کە داومانەتە پاڵ وەک ئاوی ئاگرین یان ئاسنی دار کە بوون و وێنایەکی یان پێویستی رەتکردنەوەی بوون و وێناکەی دیکەیە کە لێکدژی کەوتنە بەرامبەر یەکدی دوو شت یان دوو رووداوە کە یەکیان دژی ئەوی دیکەیە وەکو شەوو رۆژ. لێکدژی لە چەمکەکاندایە و ناتەبایی لە شتەکانی لایب نیتز و لەسەر بنچینەی ئەم دوو بنەمایەی عەقڵانی لۆژیکی حەقیقی بەشیاو دەزانێت، لە کاتێکدا کە لۆک بنەماکانی لەسەر پێگەیەک رۆدەنێت کە هاوتای ژیری گشتی (عەقڵی تەندروست)ە، واتە ژیریەک کە هەموو مرۆڤەکان هەیانە.

بێرکلی و هیوم هەردووکیان بنەماکانی لاک بەرە و ئەنجامگیری لێکدژ و قسەی بێ سەروبەرە و بێهودە ئاسا دەبەن. لە روانگەی بێرکلییەوە هەستکردن وێنا درووست ناکات. هەریەکەمان بێهۆ وێنایەکمان لە شتەکان هەیە و ئەم وێنایە زانست و مەعریفەیە. ((شتی سپی))مان نییە، کەوابوو کاتێک کە دەڵێین شتی سپی وەکو وێنای شتی سپیە. لای هیوّم تێگەیشتن لە پەیوەندی راستەقینەی شتەکان لە توانای ئێمەدا نییە، ئێمە تەنیا هەست بە چۆنیەتێک دەکەین بێئەوەی کە بتوانین رێژەی واقیعی ئەم چۆنیەتیانە و هێزی بەدیهێنەرییان بناسین.

راسل دەنوسێت: ((پێمواية پڕ بە پێستی خۆی، ئاوڕ لە فەلسەفەی بێرکلی نەدراوەتەوە. هاوڕای ئەم فەلسەفەیە نیم، بەڵام پێمواية سیستەمێکە شارەزایانە درووست بووە و رەت و ئینکارکردنی وەک هەموو دەزانن باوەڕی بە واقیعیەتی ماددە نییە و دەیگووت هەموو وێناکردنەکان لە زانست و مەعریفەتدایە. لە بواری یەکەمدا هاوڕامی هەرچەند نەک بەهۆی ئەو سەلماندنانەی کە دەیانهێنێنەگۆڕێ. لەبەستێنی دووەمدا پێمواية

سەلماندنەکانی رواڵەتی و ئەنجامگیریەکەی شیمانە نەکراوە، هەرچەند بەوپەڕی دڵنیاییەوە ((درۆ)) نییە)).

کێشمەکێشی راسیۆنالیزم و ئەمپریزم ئاڵۆزیەکی سەیری لە مەیدانی فەلسەفە هێنایەئارا. یەکێک دەیگووت فەلسەفە بریتیە لە زانست دەربارەی شتی شیاوو پیشاندانی ماهیەتی توانایان و سەرچاوەی ناسینمان وێنای دامەزراوەییە و ئەوی دی دەیووت سەرچاوەی ناساندنی وەک هەستەکان و سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە و بۆ سەلماندنی تێکڕایی پێویست ناکات ئێمە لە بوونی خۆمان دووربکەوینەوە. لایب نیتز ئەندێشەکانی دامەزراوەیی دیکارتیشی تێپەڕاند و بەزۆر بوونی ئەندێشەی «موناد»ەکان گەیشت و تەنانەت جەستەیش درووست بوو لە «موناد»ەکانی بێ جەستەی زانیدا. لەلاکەی دی زانستی ئەزموونگەرا گەشەی کرد و فیزیکی نیوتن زۆربەی چەمکە کۆنەکانی مەیدانی زانست و فەلسەفەی وەدەرنا. شەڕی کۆتایی نەهاتووی راسیۆنالیزمەکان و ئەمپریستەکان مەیدانی بۆ گومانگەری چۆڵکرد و لە ئەنجامدا هیۆم هاتە مەیدان و بە گومانی خۆی پەلاماری بونیادی میتافیزیکی داو بەرەتکردنەوەی بنەمای هۆکارێتی تەنانەت متمانەی زانستیشی لەکەدار کرد. کانت لەم قۆناغەدا دێتە مەیدانەکەوە و بەکەڵەکە کردنی بەرژەوەندی جیاجیای زانست و فەلسەفە، هزری مرۆڤ بەرەو رێگایەکی نوێ رێنمایی دەکاو پیشانی دەدات کە هەموو لالێکردنەوەیەک بیرلێکراوە نییە.

لە ڕوانگەی کانتەوە کاتێک فەلسەفە و تەنانەت زانست دەستپێدەکات کە پرسیارکردن لە مرۆڤدا خەبەری دەبێتەوە و ئەوە ئەزموونە کە بنەمای ناساندنمان دەداتێ (ئەزموون لەتاقیکردنەوە بەرفراوانترە)، ئێمە دوای بەکارهێنانی هێزی هەڵسەنگاندن، تێدەگەین هەندێک لەم ئەزموونانە،

بنەما یان سەرچاوەی تریان هەیە. دەبێ لە سەرەتادا هەستمان بە شتانێک کردبێت و کاریان تێکردبین و دەربارەی ئەم کاریگەرییە هزرێکمان هەبێت تا بزانین پێش ئەزموونە یان دوای ئەزموون. کەوابوو زانیاری هەرچەند لەگەڵ ئەزموون دەست پێدەکات، هەمووی لەئەزموونەوە نایەت. ئەزموون ژیانە کە ئاگایی و زانیاریمان پێدەدا و تێدەگەین هەندێکیان ((ئەپریوەر)) ین و هەندێک سەربە ئەزموون. هەموو شووناسەکەمان ئەزموونی نیە. ئاگایی و زانیاری ئەزموونی چەمکی ئەزموونی هەیە، چونکە چەمکی گۆڕانکاری تێدایە، ئەزموون نییە. بەڵام ئاگایی و زانیاری پەتی بۆ نموونە، راڤەکارییەکان ((جەستە فراوانترە)) یان ((جەوهەری بەردەوامە))، لە دەرەوەی ئەزموونە. کانت دەڵێت بەهۆی ستراکتۆری زانست و مەعریفەمان کاریگەری هەستی ماددەی خاو لەلایەک و چوارچێوە دیارەکانی هێزی تێگەیشتن و زەمەن و شوێن بەهۆی ئێمەوە فەراهەم دەبێت و پەیوەندی بە مەیدانێکەوە هەیە کە ناتوانین بیناسین، چونکە دراوە بەردەوامەکانی ستراکتۆری زانست و مەعریفەمان هەموو دیاردە ناسراوەکان لەم بەشەی زەمەنی و شوێن و هاوتای چوارچێوەی هێزی تێگەیشتن دەبن. هۆکارێتی لەو هێزە زانست و مەعریفەیە و زیاتر لە توخمەکانی دیکەی زانست و مەعریفە گرنگترە. بەمەش هەرچەند رەنگە ((هۆکارێتی )) لەجیهاندا لە -خۆی (لە خۆیدا) بوونی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەکان، واتا شتەکان بەو شێوەیەی لەسەرمان دەردەکەوون، ئاکامی دیاردەکانی ترن و وەک لە جیهانی واقیعیەتدا، (زمان نییەو زەینیە). شتەکان بەو شێوەیەی کە لەسەرمان دەردەکەوون یان پێش ئەزموونن یان دوای ئەزموون. هەروەها شوێن پەیوەندی بەزانست و مەعریفەمانەوە هەیەو بۆیە دەکرێت ئەندازە بە چەمکێکی پێش ئەزموون بزانرێت و ئەم لۆژیکە پێویستی بە توێژینەوەی

جیهانی دەرەوە نییە. کانت بیردەکاتەوە کە ئەندازەی ئەقلیدسی تەواو حەقیقیە، چونکە گوایا دەکرێت ((بنەما بەڵگەنەویستەکان))ی ئەقلیدیسی بێ کەوتنە دواوەی خودی لێکدژی رەتبکاتەوە.

ئێستا دەبێت لە فەلسەفەی بێرکلی بکۆڵینەوە کە لە رامانی تازەشدا بایەخی هەیە. جۆرج بێرکلی (1685 تا 1753) لە ئیرلەندا هاتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی خۆی لە دبلن خوێندو دوای تەواوکردنی لە (کۆلێژی ترینیتی) زمانەکانی عیبری و یۆنانی وتەوە (1707). پاشان بوو بە قەشە (1732). بەرهەمە گرنگەکانی بریتین لە: کێشە ئاساییەکان (دژی بنەماکانی فەلسەفەی لۆک، 1702 تا 1710)، بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان (1710)، گفتوگۆی هیلاس و فیلۆنۆس (1713) و کتێبی فەیلەسوفێک (1732). تیۆری گرنگی تیۆری نامادی بوونی جیهانە. رەخنەی لە لۆک گرت کە جیهانی رۆحی و جیهانی مادی لێکجیاکردەوە و وێناکردنە هەستێنی و هزرەکانی، جیاواز ژمارد.

بێرکلی ئیلهامی سەرەکی و بنەڕەتییەکەی لە میتافیزیکی لۆک وەرگرت. گرنگیەتی کارەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی بە ئایدیالیزمی خۆیەوە هەیە کە بە دوورو درێژی لە کتێبی ((بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان)) باسیکراوە. لەو روانگەیەوە جیهان هەڵگری شتێک نییە مەگەر رۆح و ئایدیالی رۆحەکان. بێرکلی بیری کردەوە ئەم تیۆرە، دەرەنجامی رەخنە هەڵنەگری ئەو رێبازە ئەزموونگەرایەیە کە لۆک خستبوویە بەردەمی. رێبازی لۆکی قبووڵ کردبوو، هەروەها بیری دەکردەوە تاکە رێبازە کە هاوئاهەنگی هەستی هاوبەشی (تێگەیشتنی گشتی) مرۆڤایەتییە. جارێک ئایدیالیزمەکەی بەرهەمی پیشاندانەوەی زانست و مەعریفەی چەمکی ((ئەندێشە))ی روونتر، هەرچەند سنووردارترە، سنووردارتر لە وەی کە بتوانێت لە تیۆری لۆک

ئەنجامگیری کرابێت. لە روانگەی بێرکلییەوە، ((هزرەکان)) کەسانی تایبەتی ((لاوەکیەکان))ی زانست و مەعریفە، واتا ریزبەندی بێهۆکان ((تێگەیەنراوو)) ن کە بەهۆیانەوە، ناوەرۆکی هزرەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەمانە هەموویان ناوەرۆکی بە کردەوە واقیعی و زانست و مەعریفە لەخۆدەگرن. وێناکردن، ئەزموونی هەستپێکراو، هزرەکان، چەمکەکان ، هەموو هەمووان بە مانایەک هزر یان وێناکردنێکن، چونکە هەموو ریزبەندیە بێهۆکانی تێگەیشتنی زانست و مەعریفەن، کە بێرکلی لەزەینی دایە.

کانت و ئەوانی دی لە یەکجێ کردنێکی وای هێزە زانستی و مەعریفییەکان (کە ئەوەندە پێکەوە نایەکگرتوون) لە چوارچێوەیەکدا رەخنەیان لێگیراوە. لە ئایدیالیزمی دیکارت و بێرکلیدا، هەلومەرجی تێکڕایی ئەزموون لە زەین نەگیراوە. ئەزموون هەم هەلومەرجی ماددی هەیە و هەم هەلومەرجی رواڵەتی. بەپێی یاسای ناساندنی شێوەکانی زەمەن و شوێن مەرجی رووکەشی و شتە دراوەکان (هەستپێکراو) مەرجی مادییەتی. بێرکلی تەنیا جەوهەری ماددی رەتکردەوە، بەڵام هیۆم هەردوو جەوهەرەکەی بە گوماناوی هەژمارکرد. ژان ڤال ئین لە سەدەی ئێستاشدا رەخنە لە قسەکەی بێرکلی دەگرێت کە ((جەوهەری مادی نادۆزرێتەوە))، بەمەش کانت تاکە کەسێک نییە کە گوتەکەی بێرکلی رەتدەکاتەوە. بەڵام شیمانە دەکرێ تەنیا کانت بوو کە باسی کارتێکەرترین رەخنەی ئەم تیۆرەی کردبوو. لەم سەلماندنە کە ئەمپریالیستەکان تەنیا بەم بەڵگەیە دەرەنجامی خۆیان بە قەناعەتپێکەر دەزانن کە هۆشیاری و تێگەیشتنی تێکەڵاو دەکەن و بەمشێوەیە چەمکەکانی هێزی تێگەیشتن «هەستپێکراو» دەکەن و لە وەرگرتن و ئەنجامگیری لۆژیکی مرۆڤایەتی، ماهیەت و رەفتاری هەردووکیان بە ناڕاستی پێشان دەدات.

هەرچۆنێک بێت بێرکلی بە خستنەڕووی ئەم گریمانەیە، بۆ خستنەڕووی ئەو دەرەنجامانە درێژەی بە کارەکانی خۆیدا کە لای خۆی و زۆربەی هاوسەردەمانی پابەندکەری دەنواند. یەکەمجار پەلاماری تیۆری ((ئەبستراکت))ی لۆکی داو بانگەشەی کرد وەک هەر شتێک کە هەیە بەتایبەتی (لاوەکی)یە، کەوابوو شتێکی وەک ئەندێشەی ئەبستراکت (پێڕەوی کردن) ناکرێت هەبێت. لە نموونەی وێناکردنی ئەبستراکتی سێگۆشە لە زەین بگری، گریمانە دەبێت کە بۆ هەبوونی هەموو شێوەکانی سێگۆشە (سێگۆشەیی) و نەک شێوەی تایبەتی سێگۆشە لە هەمانکاتدا، دەبێت وێناکردنی بیرهێنراوە، نە وێناکردنی سێگۆشەی گۆشە جیاجیا بێت، نە وێناکردنی سێگۆشەی هەردولا یەکسان. بەڵام ئایا بێمانا نییە بیر لە سێگۆشەیەک بکەینەوە کە لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا نادیار بێت؟ وەڵامی راشکاوانە بۆ ئەم پرسیارە هەیە: لۆک نەک بۆ سێگۆشەیەک، بەڵکو بۆ ئەندێشەی سێگۆشەی دەگێڕایەوە، پێکەنیناویە گریمانە بکەین کە ئەندێشە (وێناکردن)ی سێگۆشە بۆخۆی وەکو سێگۆشەیەک بێت و بەمشێوەیە لە هەموو شێوەکانی خۆیدا دیارو ئاشکرا بێت. بەڵام بێرکلی لە یەکجێ کردنی وێناکردنەکان و وێنەی زەینی لەژێر ناونیشانی کاتەگۆریەکی یەکتای زەینیدا، ئەم وەڵامەی قۆرخ دەکرد. وێناکردنی سێگۆشەیەک بە مانایەک لە هەموو تایبەتمەندییەکانی سێگۆشەیەکدا بەشدارە کە پیشانی دەداتەوە. بێرکلی لەم رووەوە لەم گریمانەیەدا مافی خۆیەتی کە دەتوانێت هەمان هێندە وێنەی ئەبستراکتی سێگۆشەیەکی هەبووبێت کە سێگۆشەیەکی ئەبستراکت دەتوانێت هەبێت و وەک وێنایەک بۆ بێرکلیز نموونەی بەڵگەدار بۆ هەموو وێنا زەینییەکان، دەبێت ئەنجامگیریەکەی بەمشێوەیە بە شێوەیەکی تەبا بوون ئاڕاستەتر بەزەین بگات. بەڵام دەبێ بپرسرێت بۆچی ئەم پێکهاتە و

یەکجێ کردنی وێناکردن و وێنە زەینییەکان دەبێت قەناعەتکەر بنوێنێت؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەوڵی بێرکلیدا درزی نێوان ئەزموون و ئەو هزرە پڕبکاتەوە کە بەهۆی تیۆری ئەزموونی ((مانایی)) پڕ نەکراوە و مابۆوە. بێرکلی ئەزموون و وێناکان ئاوێتە و یەکسان دەکات: ((تێگەیشتن لە کتێبی سوور، وێنەی کتێبی سوور، وێناکردنی کتێبی سوور... هەموویان نموونەی تاکە جۆرێکی شتێکن، لە ناخدا جیاوازن نەک ماهیەت. بۆیە پیشاندانی ئەم بابەتە سەخت نییە، چونکە وشەکان بەهۆی بەکاربردنیان لە ئەزموونددا مانادار دەبن: هەرشتێک کە وشەیەک پیشاندەدا، سەرەنجام ئەزموون (یا وێنا)کردنە و بەمەش هەرگیز پێویست ناکات گومانێکی لەمجۆرە لە فکرماندا هەبێت کە بە گۆکردنی وشە چ شتێک ئیرادە دەکەین. ئێمە تەنیا پێویستمان بەوەیە بۆ ئەزموونێک بگەڕێینەوە کە وشە دەلالەتی لەسەرە (ئەمە تایبەتمەندی فەلسەفەی راسیۆنالیزمە کە هەموو گشتگیرەکانی زەینی لەژێر ناونیشانێکەوە، بەڵام ئەوەش تایبەتمەندیەکی راسیۆنالیزمە کە بە دیهەرگیزێکی زۆرەوە جیاوازی دابنرێت لەنێوان تێگەیشتنەکانی ((ئاشکرا و جیاواز))ی کە پەیوەندییان بە ژیریەوە هەیە و تێگەیشتنی هێزەکانی تێکەڵاوتری زەینی کە چالاکییەکانی هەست و خەیاڵ پیشاندەدەن. لای بێرکلی جیاوازیەکی لەم چەشنە پووچە.

ئایدیالیزم: بێرکلی هەستدەکات دەکرێت ئێستا وەڵامێک بۆ پرسیاری بونیادی فەلسەفە ئامادە بکات، هەروەکو بۆخۆی دەیبیی. ئەمە پرسیارێکە لەمەڕ چەمکی بوون و هەبوون چییە؟ یەکەم وەڵامی بێرکلی بۆ ئەم پرسیارە: بوون و هەبوون، واتا تێگەیشتن و بوونە مەیدانی تێگەیشتن ئەگەر هەموو شتێک کە رووبەڕووی دەبینەوە ئەندێشەیەک بێت، کەوابوو ئەو کاتە بنەمای ((هەبوون)) دەبێت لە ماهیەتی ئەندێشەکانی (وێنا)کردندا

بدۆزینەوە. هەرچۆنێک بێت ڕەشبینیە بیربکەینەوە وێناکردنەکانی دەرەوەی زانست و مەعریفە هەبێت و هەبوون لە زانست و مەعریفەدا بە مانای تێگەیشتن بەهۆی زانست و مەعریفەوەیە. لەم ڕووەوە ناکرێت شتێک هەبێت، تێگەیەنراو نەبێت، کەوابوو هەر دەربڕینێکی فیزیکی بێمانایە، کە خۆی دەخاتە داوی هەبوونی شتێکی تێنەگەیەنراوەوە. بێرکلی بە تایبەتی بیردەکاتەوە باوەڕ بەوەی ناو دەنرێت ((جەوهەری ماددی))، هیچ مانایەکی نییە. ئەم وشانە پەیوەندییان بە هیچ ئەندێشەیەکەوە نییە و لە ئەنجامدا بێمانایە. تەنانەت ئێمە نازانین دەمانەوێت بڵێین چ کاتێک کە خۆمان بەرهۆدە و پابەندی هەبوونی شتێک دەکەین کە دەلالەتی لەسەر ناو هەیە.

ئـەم ئەنجامگیرییە توندوتیژە (کـە دکتۆر جۆنسۆن دەکرێت بیرلێکردنەوەی بە پێلاقەدان لە تاوێرێک ڕەت بکاتەوە)، بەپێی تیۆری بێرکلی لە تێگەیشتنی گشتی جیاواز نەبوو. بە پێچەوانەی، ئەمە تەنیا نادیاری میتافیزیکییە کە دەکرێت کەسی ئاسایی بباتە جێیەک کە لە بارەیەوە گومان بکات، بەم بەڵگەیە کە ئەو وشەیان بەگوێرەی ناوی تایبەتی بەکار دەبرد و بەم هۆیە تەنیا پشتگیری هەبوونی شتانێکی دەکرد کە بە تێکڕایی وێنایان دەکات، واتا ئەو شتانەی کە ئەزموونیان دەکات.

کەوابوو ئەو ((شتی ماددی)) چین کە بەردەوام بەمشێوەیە بۆیان دەگەڕێینەوە؟ بێرکلی خۆی بەدوور دەگرت کە بڵێت وێناکردنە، چونکە بۆ هەر مێزێک نەک تەنیا یەک، بەڵکو زۆر و ڕەنگە بێبڕانەوە زۆر تێگەیەنراو هەیە. بەمەش وشەکانی «مێز» نەک تەنیا بە وێنای تێکڕای تاک، بەڵکو دەلالەت لە ((کۆمەڵێک لەوێناکان)) دەکات. ئەم تیۆرە بەو شێوەیە ئاڵۆزە کە بێرکلی پیشانی ئەم پرسیارانەی دەدات. ((مانای چییە کە بڵێم مێز هەیە لە کاتێکدا کە تێی ناگەین؟)). وەڵامەکەی بە پلەی یەکەم، دەربڕینی

لەمجۆرە لەوە زیاتر مانای نییە کە ئەگەر ئێمە ناچار دەبووین بۆ ئەو شوێنە بگەڕێینەوە کە مێزەکەی لێیە، ئەو کاتە بە ئاشکرا ئێی دەگەین. بە قسەیەکی دیکە ئەو دەربڕینە نەک بۆ ئەندێشەیەکی کاری راستەقینە، بەڵکو بۆ ئەندێشەیەکی شیاو دەگەڕێنەوە. ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزیەک لە فەلسەفەی بێرکلی دێنێتە ئاراوە کە بە بەشێک پێداگرییان خێرا دەخاتەلاوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی وەک سەرچاوەی سەرەکی دژوار لەسەر ئەو تیۆرانە دەستنیشانکراوە، وەک تیۆری: چۆن یەکەکانی وەک ئەندێشە شیاوەکان دەکرێت ئامادە بێت؟

سەلماندنەکانی بێرکلی دەربــارەی تیۆرەکەی، تا ئەو جێیەی کە تەنیا بەڵگەکانی سەلماندنی سەرلەنوێی بێهۆی تیۆری ((هزرەکانی نین، بریتین لە پەلاماری زیندووی دژی لۆک، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئەمرۆ بە زەین دەگات. رستەی لەخشتەبەر، بێرکلی جیاوازی چۆنایەتی یەکەم و دووەم رەتدەکاتەوە و بیردەکاتەوە هەرجۆرە بەڵگەیەک دەبێ بە یەکسانی ناواقیعی بوونی چۆنایەتی یەکەمیش بسەلمێنێت، کە بۆ ناواقیعی بوونی چۆنایەتییەکانی دووەم جێگیر بێت. تەنانەت تیۆری لۆکی دەربارەی ((جەوهەر)) دەخاتەلاوە و بانگەشە دەکات ناتوانین وێنایەکمان لە ((زیرالیت))ی پەتی داماڵراو لە چۆنایەتیەکەیمان هەبێت و لە ئەنجامدا ناتوانین بزانین ئامانجمان لە گەڕانەوە بۆ شتێکی وا چیە. بێرکلی لە زەینی بوونی وێناکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە زەینی بوونی چۆنایەتیەک بەڵگەدێنێتەوە کە هۆکارەکانیان پیشاندەدات ئەویش بە شێوەیەک کە یەکجێ کردنی سادە ڕوانینانەی هزرەکان و هەستەکان ئاشکرا دەکات و بەم شێوەیە نیپویست بوونی هزرەکان بە گەڕانەوە بۆ بەڵگە بەناوبانگەکانی دیکارتی بۆ پێویست نەبوونی هەستەکان جێگیر دەکات. دەبێ ئەمڕۆ ئەو

مەسەلەیە لەوە ئاشکراتر بێت کە لای هاوچەرخانی بێرکلی بوو ئەم بەڵگە نەرێنیە سوودی لە متوربەکردنی نابەجێی دەستەواژە و پێوەرە بە پەلەکان وەردەگرێت. بێرکلی ((جەوهەر))ی لۆکی تێکەڵی جۆر (قوماش)ی ماددی جیهانی فیزیکی دەکات، (گەرچی ئەو هەڵەیە بە تەواوی خەتای ئەو نییە)، جیاوازی نێوان خودی واقیعی و رواڵەتی لەبەرچاو ناگرێ و نەزانانە وشەی ((هزر)) بۆ ناونانی چۆنایەتییەکان، هەستەکان و ئەو چەمکانە بەکاردەبرد کە دەرەنجامیانە. کورتوکرمانجی ناتوانێت بە شێوەی قەناعەتپێکەر مەسەلەیەک واتا مەسەلەی پەیوەندی دیاردە و واقیعیەت ئاشکرا بکات، کە بە راستی سەرقاڵی خۆی کردووە. دەکرا بە شێوازێکی باشتر باسی درووشمەکەی ((بوون واتە تێگەیشتن)) بکات. ((بوونی جیهان ئاشکرابوونە)) و سەنگ و بەهای لۆژیکناسی بەڵگەکانی ئەوکاتە دەمانتوانی بزانین کە بێ ئەملاولا دەگاتە ئێرە، ئەوە حەقیقەهەرگیزی پێویستە کە هەموو شایەتەکانم دەربارەی چۆنیەتی هەبوونی شتەکان لەو لۆژیکە بێهۆو هەموار نەکراو بەدەست دێت، شتەکان چۆن بەزەین دەگەن؟، بەڵام لە گەڕانەوەم بۆ جیهان، ناتوانم مەبەستێکی وام هەبێت کە بۆ جیهانێک بگەڕێمەوە جگە لەم جیهانە کە دەیناسم (چونکە لە بەشێکی ئەم شێوەیە ناتوانم بزانم ئامانج چیە.) بەمشێوەیە باسی ئەوە دەکەم، واقیعیەتێکی شاراوە و بنەمایی لە قسەکردن دەربارەی بابەتەکان نییە، کە لەودیوو پشت هەموو هێزە بینراوەکانم هەبێت، بەڵکو تێکڕای دنیای بەرچاوە.... واتا لە باسکردنی بابەتەکان، من باسی کۆمەڵەیەک دەکەم کە لە چاوپێداخشاندنەوەمدا دەتوانم ببینم.

((جیهانی من)) هەمان جیهانە. بە زەحمەت باسکردنی بەشێک لە جیهانی دیکە کە لەودیوو ئەم جیهانەوەیە هەبێت، کە دەیبینم، نەک بەوردی شایانی لێکۆڵینەوە، بەڵکو بێمانایە. بۆیە ((دیاردەکان)) یان ((چۆن

بەزەین دەگاتْ))، کۆمەڵە وشەیەکە بە پێویستْ بۆ حاڵەتی زەینی بینەر دەگەڕێتەوە و وا دەردەکەوێتْ کە بینەر، لە مەیدانی سەلماندنی هەبوونی شتەکان نە بەڵگەی هەیە و نە هێزی بیرکردنەوە کە زەینی نین.

هاوتای یان ناهاوتای وێناو زانستْ و مەعریفە: ئەو کێشە راستەقینەیەی کە بۆ بێرکلی دەخرێتەڕوو تەنیا کێشەیەک ئەوە بوو، کە دەستنیشانی دەکاتْ: چۆن دەکرێتْ بۆچوونێکی وا قبووڵ بکرێتْ و لەم دەرەنجامە رابکەی کە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە و دەزانم ناخی قەڵغانی بەئاگایی خودی خۆمە و بەمشێوەیە بوارم بەدەستەوە نیە کە بە دەربڕینی بوونی ناخگەلێکی جگە لەخۆم رابگەم. بێرکلی بەشێوەیەک رووبەڕووی ئەم کێشەیە بۆوە کە شێوازی دیکارتْ بیردێنێتەوە. دەربارەی بوونی خوایەکی هەمەزان و (کن فیکن) بەڵگەدێنێتەوە، کە لە ڕاستیدا نەک وەهمەکان، بەڵکو واقیعیەتی جیهانی دەپارێزێتْ، کە زۆر گیانی تێدان. هەرچۆنێک بێتْ هەروەک بێرکلی بە ئاشکرا دەیبینی، نەیدەتوانی یەکسەر رووبەڕووی ئەم مەسەلەیە بێتەوە، بەبێ ئەوەی یەکەم، پیشانی بداتْ کە وشەکانی وەک ((گیان)) یان ((رۆح)) بەپێی تێگەیشتنەکانی خۆی بە راستی مانایان هەیە. ئەو کێشانە پشتڕاستْ دەکاتەوە کە لەم مەیدانەدا هەیەو بانگەشە دەکاتْ کە زانستْ و مەعریفەی خۆی، ((هزر)) نییە، چونکە لەگەڵ هیچکام لە پێکهاتەکانی خۆی یەک و یەکسان نییە. بەمشێوەیە ئایا من ئایدیالێکی زانستْ و مەعریفەی (زەین)ی خۆم هەیە؟ ئەگەر ئێوە هەموو پێکهاتەکانی زانستْ و مەعریفە بخەینە لاوە، زانستْ و مەعریفەتْ بۆخۆی لانەبردووە، چونکە زانستْ و مەعریفە نە لەگەڵ هیچکام لە پێکهاتەی خۆی و نە لەگەڵ تێکڕای پێکهاتەکەی یەک و یەکسان نییە، لەڕاستیدا بە زەین دەگاتْ کە زانستْ و مەعریفە رێک بە مانایەک کە لۆک دەڵێ دەبێتْ ((جەوهەر))

بێت، واتە زانست و مەعریفەی خوارەوەیە (بنەما و بونیاد)ی نالۆژیکییە. بێرکلی کە ناچار بوو هەموویان قبووڵ بکات، بە پێویستی زانی بڵێت (وەک بڵێی ئەم کارە مەسەلەکان روونتر دەکاتەوە) ئێمە لەم ((زیرالیت)) نەک وێناکردن، بەڵکو چەمکێکی عەقڵانیمان هەیە. تاسنوورێک ئەم پێشنیازە بە دیتنەکانی خوارەوە هەموار دەبێت. یەک: ئەزموونێکی (تاک)مان هەیە کە بە زانست و مەعریفەوە بەستراوەتەوە و ئەو ئەزموونە بە ئیرادە و بڕیارە کە بە هۆیەوە، وێناکردنی خۆمان دەربارەی ((هۆکارێتی حەقیقی)) دەست دەکەوێت. دواتر کە ئێمە دەتوانین بەهۆی گەشە پێدانی بنەمای ((رەفتار)) ی کە بەسەر وێناکان دەگشتێنرێت، ئەم مانایە دەربـارەی ((جەوهەری زەینی)) بخەینەڕوو، کە ((بوون)) وەکو تێگەیشتنە و گشتاندنی بەسەر وێنەی ئەقڵانی (چەمکە عەقڵانییەکان)ی جەوهەر. لەم بوارەدا بنەمای ناوبراو بەم شێوەیەی لێدێت: بوون و هەبوون وێکچووی تێگەیشتنە.

بەم شێوەیەیە کە ئێمە بەهۆی پەیوەندی تێگەیشتن لە ماهیەتی زانست و مەعریفە (زەین) دەگەین. تێگەیشتن پێویستی بە دوو هۆکارە: واقیعیەتی هۆکارێک واتە ئەندێشە و واقیعیەتی رێژەیی واتە تێگەیشتن، رێژەیەک کە واقیعیەتی هۆکارێکی تر واتە پێویستی بە ((زانست و مەعریفە)) ی نێوان هەردووکیانە. وا بەزەین دەگات کە گوایا تێگەیشتن ((رایەڵی پەیوەندی)) و قبووڵکردن) لەنێوان گەوهەر و خستنەڕوودا شاراوەتەوە. بێگومان تێکەڵاوکردنی ئەندێشەکان و چۆنایەتیەکان لەلایەن بێرکلی و روانگەکەی کە جەوهەر دەبێت ((بنەمای کارا)) لەخۆ بگرێت و لەم رووەوە تەنیا دەکرێت زەینی بێت، بۆتە مایەی ئەنجامگیرییەکی وەها.

بێرکلی بە یەکلاکردنەوەی کێشەی ماهیەتی زانست و مەعریفە بەگوێرەی ویستی خۆی، هەستی دەکرد دەتوانێت پشت بە بەشی دیکارتی

سەلماندنەکەی خۆی ببەستێت. (دیکارت دەسپێکەری دوو جوڵانەوەیە یەک لە میتافیزیکی و دوو لە تیۆری لۆژیک. لە تیۆری یەکەم جەخت لە درزی نێوان زەین و مادده یان درزی نێوان گیان و جەستە دەکاتەوە). بەهۆی ئەم کارە و بەڵگەی بوونی خودا بەم دەرەنجامە چاوەڕوان نەکراوە گەیشت کە بەڕاستی جیهان ئەو شتەیە کە تەنیا دیار بێت، جیهان بەوجۆرەیە کە بەسەر ((عیلمی)) خودادا دەردەکەوێت هەرچەندە لۆژیکمان لەم دەرکەوتنە، ناتەواوە ئێمە دەتوانین تەواو دڵنیابین لەم باوەڕەماندا تەفرەمان نەخواردووە، کە ئاکامی قەناعەتپێکەر و ئاسایی ئەو تێگەیشتنانەیە کە خودا لە ئێمەدا بە ئەمانەت دانراوە.

زێدەڕۆترین بەشی تیۆلۆژی ((خواوەندیەت))، بێرکلی لە سەلماندنی ڕێبازە نوێیەکەیدا، سەلماندنی بوونی خودایە.

(بەڵگەی بوونی دیکارتی دەیووت، چونکە من وێنایەکم لە کەماڵ هەیە، بەڵام خودی ناتەواوم دەبێت خودی کامڵ ئامادە بێت کە وایکردووە تێبگەم و ئەم خودی کامڵە لە بوون دەچێت). سەلماندنی بێرکلی لەم مەیدانەشدا چەمکی عەقڵیەکەی ئاشکرا دەکات دەربارەی ((جەوهەری ڕۆحانی)) وەک تاکە سەرچاوەی رەفتاری مرۆڤ و هەم سەربە چەمکی ئەقڵی (چەمکی ژیرانە)یە. بە راستی دەزانێت کە دەکرێت جیاوازی لە نێوان هزرەکاندا بکەین کە دەربارەیان کاراین و ئەوانەی دەربارەیان ناچالاکین. دەتوانم بە شێوەیەکی ئازاد وێناکردن یان هزرەکان بە زانست و مەعریفە بهێنم و وەک تەکنەلۆژیای چالاکی زانست و مەعریفەم دەستنیشانی بکەم. بەڵام ئەندێشەکانی تر بە تایبەت کۆمەڵە رایەک کە لەژێر ناونیشانی ریزبەندی هەستەکان و باوەڕ جێگیر دەبن، بە هەمانجۆر لەبەردەست ئیرادەمدا نییە. ناتوانم فەرمان بەخۆم بکەم باوەڕ بکات فەرەنسا لە بەریتانیا گچکەترە، یا لە

جێیەک مێزێک لە بەرامبەر تاقیکردنەوەی پیاوێکدا ببینە، یان لە قامکەکانیدا هەستێ بە ئازار بکاو لەمجۆرانە... لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەندێشە نائیرادییانە بە زەین دەگا کە گوشاری بۆ کاری ژیانی گەورەم هێنابێت.

ڕێبازەکان لە کوێوە دێن؟ بێگومان نەک لەمن، چونکە ناتوانم دەریان بکەم نەک ریفۆرمیان بکەم. ئایا سەرچاوەیان شاری ئاواتە؟ نهێنی ژیان و پابەندکەرییان شتێکی دیکە دەڵێت، دەوری هێزێکی دیکەیان بەسەر خۆیاندا هەیە، بەڵام ئەم هێزە دال لەسەر بنەمای کارایە، واتە دال لەسەر ئیرادەیە – کە گیان بەبەر تێکڕای جەوهەری ڕۆحانیدا دەکات. کەوابوو ئەنجامگیری دەکەین کە ئەو ئەندێشانە بوونەوەرێکی تریان تێدا داناوم، بوونەوەرێکی زۆر گەورەتر، زاناتر و بەتواناتر لە من.

ئەم ئەنجامگیریە ئەو بەژن و باڵایە نییە، کە بە شێوەیەکی ئیۆلۆژی خوازراوە. ئەگەر بە بەڵگەی دیکەی بڕازێنینەوە و لە مەیدانێکی گوماناوی گیری دوو ئاگرەی بێرکلی دەربارەی تواناکانی خۆی و خوێنەرانی لە بەرزکردنەوەی لۆژیکێک دابنێین، کە ئەزموون ئامادەی دەکات، ڕەنگە وەک پێویست قەناعەتپێکەر بە زەین بگات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەلماندنە پێگەی لاوازە. ئەم گریمانەیە کە وەک من دەربارەی وێنای ناچالاکم، دەبێ بوونەوەرێکی دیکە سەبارەت بەو کارا بێت، لانیکەم گرتنی پێویستی بەسەلماندنە. جارێ هەر لەو چاوپێداخشاندنەوەیە کە بێرکلی وەک دیکارت هەنگاو بۆ ئەرکی هیلاک کەری نۆژەنکردنەوەی جیهانی تێگەیشتنی گشتی، دەهاوێت. بە شێوەیەک خۆی لە زەین دەگرێت کە نەکەوتۆتە بەردەم هیچ گۆڕانکارییەکی بنەمایی مەیدانی تێگەیشتنی گشتی، هیچی نەکردووە جگە لە جێگیرکردنی جارێکی دیکەی پێشکەوتنی دیاردە و بەمشێوەیە لەناوبردنی خورافەی میتافیزیکی کە ناوی موبارەکی ((جەوهەری ماددی))یان پێداون.

ئەنجامی باسەکە: کورتکردنەوەی دەستکەوتەکان یان باوەڕی ئیمپریالیستەکانی بەرایی بەریتانیا سەختە، بەڵام بە زەین دەگات کە رایەڵەی دیاریکراوی فەلسەفەکەیان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەتایبەت لێرەدا مەیلێک هەیە کە تیۆری لۆژیک بخەنە بەرامبەر میتافیزیک. ئەمان لەم کارەدا، دەگەنە خاڵێکی لەبار کە لەو خاڵەدا، بتوانێت میتافیزیک لە مەحەکی رەخنە بدات و تەنانەت بەناوی بابەتێکی بێمانا پشتگوێ بخرێت. بەڵام بەردەوام پاڵنەرێکی دیکە بۆ هەمان مەیل هەیە کە بەشێوەیەکی مێژوویی دەربارەی، تەوەری بووە. ئەم پاڵنەرە کە لەبەرهەمەکانی دیکارتیشدا باس دەکرێ ، گەڕانی بنەمایی لۆژیکە و بۆیە گەیشتن بە تیۆری رەزامەندبەخش دەربارەی ئەوەی دەتوانین بزانم و لەمێشکم دایە، بەپێی ئاشکرایی و تێگەیشتنێک کە بۆ من بەدەست دێت. بەم شێوەیە ئێمە لەهەموو ئەزموونگەراییە باوەکانی وەفادار، بە روونی رەگی کەسی یەکەم دەدۆزینەوە، باوەڕێک کە دەڵێ تێکڕای فەلسەفە دەبێ بەهۆی گەڕانەوەی کۆتایی بۆ ئەزموون و بەهۆی توێژینەوە وردەکاری ئەم واقعیەتانە یەکلابکرێتەوە کە چۆنچۆنی شتەکانم بۆ دەردەکەون.

ئاڵۆزیەکی زۆر لە ناخی ئەم کاروبارەدا سەرهەڵدەدات، بەڵام بە هەمانشێوە رووناکی زۆر. لە نموونەکەدا دەردەکەوێت وێنایەکی دیاریکراو – کە زیاتر بە دەرەنجامی بەڵگەی فەلسەفی هەژمار دەکرێت، لە ڕاستیدا دەبێتە پێگەی تـەوەری هەموو میتافیزیکیە حەقیقیەکان و بریتین لە چەمکەکانی هۆکار، مەسەلەی لۆژیک، هەبوون و جیاوازی نێوان دیاردە و واقیعیەت. هەمانکات پشت بەستنی تیۆری فەلسەفی بەتیۆری ماناو بەتێگەیشتنی تواناکانی زانستومەعریفەی مرۆڤایەتی ئاشکراتر دەبێت. کاتێک هیۆم ناچاربوو ئەنجامگیری بکات کە بە دەرەنجامی حەقیقی گریمانەکانی

ئەزموونگەرایی دەژمێردرێت، هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی ئەو شتە بێنێتە گۆڕێ کە لۆک و بێرکلی تەنیا لە ئـارەزووی دابـوون، واتە تەرخانکردنی فەلسەفە بۆ تێکدانی میتافیزیک و بونیادنانی زانستی کامڵ دەربارەی سروشتی مرۆڤایەتی.

سەرچاوە:

-کیهان فرهنگی / 254.

# له نۆمینالیزمەوە تا ئایدیالیزم

جۆرج بێرکلی
فریدالدین سبط

## پێشەکی

جۆرج بێرکلی، فەیلەسوف و ماتماتیک زانی بەناوبانگی ئیرلەندی، دامەزرێنەری قوتابخانەی ئایدیالیزم. کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری ماتماتیک، دەروونزانی، پزیشکی و فەلسەفە نوسیووە. لەوانە دەکرێت لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئاماژە بە کتێبەکانی: بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان و سێ دیالۆگ بکەین، کە باسی بنەما فەلسەفییەکانی خۆی کردووە. هەوڵدراوە لەم وتارەدا لە ڕوانگەیەوە لە چەمکە تێکڕاییەکانی ئەبستراکت و یۆتۆپیایی بکۆڵرێتەوە، کە لە کتێبی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگیراوە.

جـۆرج بێرکلی (1685 – 7531) فەلسەفەکەی بە ئامانجی بەگژداچونەوەی (بە گومانەکان و مادیگەرایان) و سەلماندنی بوونی خوا، خستەڕوو. لەوباوەڕەدابوو کە هیچ گومانێک لە درووستی هەستەکانمان نییە و ئەگەر گومانێک لە درووستی هەستەکانمان دەخرێتەڕوو، بۆیە کە دەمانەوێت لە هەموو شتەکان بگەین و پێمانوایە ماهیەتی شتەکان هەمان چەمکەکانی ئەبستراکتە. ناتوانین تێگەیشتنێکی درووستمان بۆ چەمکە ئەبستراکتە تێکڕاییەکان هەبێت. لەبەر ناتەواوی هۆکارەکانمانە دەڵێم ناتوانین تێگەیشتنێکی درووستمان بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان (ماهیەتی شتەکان) هەبێت و ماهیەتی شتەکانمان لێ شاردراوەتەوە. بێرکلی رەخنە لەم قسەیە دەگرێ و دەڵێت: شاردنەوەی ماهیەتی شتەکان و نا تەواوی هۆکارەکانمان بەپێچەوانەی حیکمەتی خوایە. چونکە خوا مەیلی شارەزابوونی

ماهیەتی شتەکانی پێداوین و ناکرێت شارەزابوون لە شتەکان وا دابنێت ئەقڵی مرۆڤایەتی نەیانگاتێ. لەبەر ناتەواوی هۆکارەکانمان نییە ناتوانین لە ماهیەتی شتەکان بگەین، بەڵکو بەهۆی میتۆدی هەڵەیەکە کە دەیکەین و ئەم ئەبستراکتە کێشەی هەیە. بێرکلی سێ پێناسەی ئەبستراکت دەکات کە بریتین لە:

1- ئەبستراکتی تێکڕایی و وێناکردنە تێکڕاییەکان.

2- ئەبستراکت و جیاکردنەوەی چۆنیەتی لە چۆنایەتی شتەکانی تر بە شێوەیەک کە لە دەرەوەی چۆنایەتییەکان پێکەوە بەستراوو ئاوێتەن و جیاکردنەوەیان لێکدی و هەروەها جیا تێگەیشتنیان لە یەکتری لە دەرەوە نەگونجاوە.

3- ئەبستراکت و جیاکردنەوەی چۆنیەتی لە چۆنایەتی شتەکانی تر بەشێوەیەک کە لە دەرەوەی چۆنایەتیەکان پێکەوە بەستراوو ئاوێتەن، بەڵام جیاکردنەوەیان لە یەکتری و هەروەها بەجیا تێگەیشتنیان لە دەرەوە گونجاوە.

بێرکلی ئەبستراکتی یەکەم قبووڵ ناکات، چونکە دەڵێت ناتوانم وێناکردنی تێکڕایی سێگۆشەیەک بکەم کە نەگۆشەی نەوەد پلە بێ و نە گۆشەی یەکسان و نە دوولای یەکسان و نە گۆشەی جیاواز، بەڵکو هەموویان و هیچکامیان. لەڕاستیدا وێنای تێکڕایی ئەبستراکتی وێناکردنێکی پێکهاتوو لە بەشەکانی، لەمپەری گشتی دەبێت. هەروەها ئەبستراکتی دووەمی قبووڵ نییە چونکە دەڵێ ناتوانم لە شتێکی تایبەتی جیا لە رەنگ و رەهەند و شێوەکەی بگەم و هەروەک ناتوانم جیا لە رەنگ و شێوەکەی، لە رەهەندەکەی بگەم. بەڵام ئەبستراکتی سێیەم قبووڵ دەکات، چونکە دەڵێ دەتوانم بەجیا لە شێوە و رەنگ لە بۆنی سێو بگەم و بەجیا بیخەمە زەینمەوە.

لەو باوەڕەدایە کە باوەڕ بوون بە چەمک و بۆچوونی ئێکڕایی ئەبستراکت بۆ وشە دەگەڕێنەوە. وشەیەکە ئاگایی مرۆڤایەتی هێندە تاریک و ئاڵۆز و دژوار کردووە. بۆیە وشە بۆتە مایەی باوەڕبوون بەچەمکەکانی ئێکڕایی ئەبستراکت، چونکە فەیلەسوفەکان لەو باوەڕەدان کاتێک دەمانەوێت وشەی گشتی بە باڵای بۆچوونی لاوەکی و ڕاستییە ناسەرەکییەکان دابڕێن کە دەلالەت لەو هەموو ڕاستی و بۆچوونە لاوەکییانە بکات، دەبێت چەمکێکی ئێکڕاییمان هەبێت تا وشە بەهۆی ئەو چەمکە ئێکڕاییەوە بۆچوونە لاوەکییەکان پشتڕاست کاتەوە، چونکە وشە بە تەنیاو بێهۆ ناتوانێت چەند بۆچوونێکی لاوەکی پشتڕاست کاتەوە، بەڵکو وشە بێهۆ تەنیا بۆچوونێکی دیاریکراوی لاوەکی پشتڕاست دەکاتەوە. ئەمان باوەڕیانوایە کە ئەم چەمکە یان بۆچوونی ئێکڕاییە دەبێ لە هەمان بۆچوونە لاوەکییەکان جیابکەینەوە.

**وێناکرنە لاوەکییەکان**

**وشەی گشتی چەمکی تێکڕایی ئەبستراکتی**

بەڵام بێرکلی ڕەخنەیان لێدەگرێ و دەڵێت بۆ ئەوەی وشەیەک ببێتە گشتی، پێویستی بە داتاشینی بۆچوونی ئێکڕایی ئەبستراکتی نییە، چونکە بۆچوونە ئەبستراکتەکان بۆچوونە ئێنەگەیەنراوەکانن، بەڵکو کاتێک وشە دەبێتە گشتی کە بەهۆی بۆچوونێکی ناسەرەکی (کە لە مانادا ئێکڕایی خۆی دەنوێنێت و نوێنەری بۆچوونی لاوەکی تره) دەلالەت لە درووستی لاوەکی تر دەکات.

**وشەی سێگۆشە**

**سێگۆشەی لاوەکی وەک نوێنەری هەموو سێگۆشەکان**

سەرنج: لە ڕاستیدا ئەم ئێکڕاییە بۆ ئەم سێگۆشەیە جێی باوەڕە و نابێتە جەوهەری.

بۆ باوەڕ بوون بە چەمک و بۆچوونی ئەبستراکت، باسی بەڵگەیەکی دیکەش دەکات، کە فەیلەسوفەکان لەو باوەڕەدان مەبەست و ئامانجی واژەکان و وشەی تێگەیاندن و تێگەیشتن (گواستنەوەی بۆچوونەکان)ە. دەبێت هەر وشەیەک دەلالەت لە بۆچوونێکی لاوەکی دیاریکراو بکاو هەندێکجار دەبینم هەندێک وشە دەلالەت لە بۆچوونی لاوەکی دیاریکراو ناکەن و هەروەها ناکرێ بگوترێت ئەم وشانە کەمتەرخەمن، چونکە مەبەستی وشە تێگەیاندن و تێگەیشتنە. کەوابوو دەبێ بۆچوونێکی لاوەکی ئەبستراکت بێت تا ئەو وشەیە دەلالەتی لێ بکاو بەهۆیەوە بۆچوون و راستییە لاوەکییەکان پشتڕاست بکاتەوە.

بێرکلی لێرەدا رەخنە لەم باوەڕە دەگرێت کە مەبەستی وشە تێگەیاندن و تێگەیشتنە (گواستنەوەی ماناکان)ە و دەڵێت مەبەستی وشە تێگەیاندن و تێگەیشتن (گواستنەوەی بۆچوونەکان) نییە، بەڵکو مەبەستی وشە وروژاندنی سۆز و هەستەکان و کاردانەوە دەروونییەکانە و دەبینین کە لە بیستنی وشەیەک هەستی رێزگرتن درووست دەبێت، بێئەوەی کە بۆچوونێکمان تێدا درووست بێت، هەست و بیستنی وشەی ئەرستۆ بەبێ ئەوەی وێنایەکمان لێی هەبێت.

سەرنج: دیارە لە بەراییدا وشە بە گواستنەوەی بۆچوون هەستەکانمانی دەورووژاند، بەڵام بەهۆی زۆری و دابی بیستنی ئەو وشەیە لەمەودوا ئەو وشەیە بێئەوەی بۆچوونێکمان تێدا بهێنێتە دی، هەستەکانمان دەورووژێنێت.

بێرکلی باوەڕی وایە کە زۆربەی کۆمەڵی زانستەکان بەهۆی خراپ بەکاربردنی وشەوە تووشی ئاڵۆزی و تاریکی بووە. بەمەش بۆ رزگاربوون لە وشە دەبێت هەوڵبدەین لە کاتی تێفکرین، بۆچوونەکانمان داماڵراو لە وشەکان لە زەین بگرین. ئەم کارە دەرەنجامی بە سوودی دەبێت کە بریتین لە:

1- له مشتومڕی وشەیی دەپارێزرێین.

2- لـه داوی چەمکە ئێکڕاییە ئەبستراکتەکان رزگـارمـان دەبێت.

3- دەتوانین فکر و بۆچوونەکانمان بە ئاشکرا بناسین و لەمەودوا ئەو وەهمە نەگونجاوە بۆچوونێکمان هەیە کە لە راستیدا نیمانە، چونکە وشە باوەڕ بوون بە بۆچوونی ئێکڕایی ئەبستراکتی لێدەکەوێتەوە کە لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە ئێکڕاییە ئەبستراکتە نییە و هیچ کەس ناتوانێت تێی بگات.

سەرنج: تا ئەوکاتەی بە بوونی چەمکە گشتییەکانی ئەبستراکت رازی بین، لەداوی وشەکان نەجاتمان نابێت.

ئایدیالیزم: (یۆتۆپیایی - زەینخوازی) جیهانی دەرەوە زەین درووست دەکات.

1-کۆتایی هاتوو 2- کۆتایی نەهاتوو.

بیرکەرەوە (ڕۆح)

3- تێگەیشتنی چەمکەکان - تێگەیشتن

4- هاتنەدی چەمکەکان - ئیرادە

ئەو بۆچوونانەی کە بەهۆی هەستی دەرەوەیی دەستمان دەکەوون.

بیرنەکەرەوە (بۆچوونەکان). ئەو بۆچوونانەی کە بەهۆی هەستی ناوەیی دەستمان دەکەون. ئەو بۆچوونانەی کە هێزی خەیاڵ درووستی کردوون و یادەوەری دەبێت. دەکرێت تیۆری ئایدیالیزمی بێرکلی بە شێوەی بەڵگەهێنانەوەی خوارەوە بنووسی:

1- هەر بوونەوەرێکی بیرنەکەرەوە (ناتێگەیشتوو) تێگەیشتوو دەبێت.

2- هەر تێگەیشتوێک تەنیا بۆچوون دەبێت.

دەکرێت ئەنجامگیری بکرێت: هەر بوونەوەرێکی بیرنەکەرەوە (نا ئێگەیشتوو) تەنیا بۆچوون دەبێت.

بەمجۆرە ئەم بەڵگەهێنانەوەیە شرۆڤە دەکات: کاتێک دەڵێین فلان شت هەیە واتە دەیبینین و تێیدەگەین و ئەگەر لە ژوورێک بێینەدەر کە مێزی لێیە و پاشان بگەڕێینەوە ژوورەکە دیسانەوە هەست بەو مێزە دەکەین و ئەگەر کەسێک لەو ژوورە دابێت، هەست بەو مێزە دەکات. کەوابوو ئامادەبوونی شتێک واتە تێگەیشتوو لەو شتە (Esse est percipi). ئێمە جگە لە بۆچوونەکان لە هیچ شتێک ناگەین. لە ئەنجامدا ئامادەبوون واتە وێنابوون. دیارە ئەم ڕێسایە تایبەتە بە شتی بیرنەکەرەوە (ئێنەگەیشتوو)ە نەک رۆحەکان.

(سەرنج: بێرکلی مەبەستی ئەوە نییە کە ئەگەر ئێمەی مرۆڤەکان لە شتێک نەگەین وەک پێویست ئەو شتە نییە، بەڵکو دەکرێت بۆ ئەم شتە دوو بارودۆخ لە زەین بگری یان تەنیا خودا لەو شتە دەگات. کەوابوو حەتمەن هەیە یان هەرگیز خوا تێی ناگات، کەوابوو نییە).

بێرکلی بۆئەم بانگەشەیەی خۆی (ئامادەبوون واتە وێناکردن) چەند بەڵگەیەک دووپات دەکاتەوە: ئەگەر فەیلەسوفەکان باوەڕییان بە شتەکانە لە دەرەوەی سەربەخۆی ئەوەی کە تێگەیەنراو بن، بەم بەڵگەیە کە بوونیان لە تێگەیەنراو ئەبستراکت کردووە و لێرەدا تووشی هەڵە بوون. کەوتوونەتە داوی ئەبستراکتەوە و دەبێ بوترێ بەچ هەقێک بوونیان لە تێگەیەنراو ئەبستراکت کردووە. ئێستا لەوە دەگەین کە بۆچی بێرکلی دەیگوت ئەو مێتۆدەی بەکاری دەبەین هەڵەیە، چونکە ئاشکرایە کە لێرەدا سوودمان لە مێتۆدی ئەبستراکت وەرگرتووە و مێتۆدی ئەبستراکت ئاکامی نەرێنی دەبێت.

لە درێژەیدا بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی بەڵگەی دیکە دووپاتدەکاتەوە: ئەگەر بمانەوێ لەودیووی زانست ئاگامان لە بوونی شتەکان بێت، دەبێ بەهۆی هەستەکانەوە زانیاریمان لەمەڕ بوونی شتەکان هەبێت یان بەهۆی ئەقڵەوە. ئێمە بەهۆی هەستەوە بێجگە لە دیاروئاشکراکان و وێناکان ناتوانین لەشتێکی دیکە بگەین. لەئەنجامدا هەستەکانمان لەبوونی شتەکانی دەرەوە ئاگادارمان ناکاتەوە. بەهۆی ئەقڵیشەوە ناتوانین لەبوونی شتەکانی دەرەوە بگەین، چونکە دراوەکانی ئەقڵمان تێگەیەنراوی هەستێنی واتە (وێناکان) دەبێت. چۆن ئەقڵ دەتوانێت بەپشت بەستن بەم وێنایانە لە بوونی شتەکانی دەرەوە بگات؟. لە ئاکامدا لەوانەیە هەرگیز شتێک لە دەرەوە بوونی نەبێت.

بەڵگەیەکی دیکەی بێرکلی ئەوەیە کە: بە هەمانشێوە فەیلەسوفەکانی پێشوو (جۆن لۆک) هاوڕای ئەم بۆچوونە بوو کە چۆنایەتییە مام ناوەندییەکان (ڕەنگ، تام، بۆن) لە دەرەوە نییە و بەرهەمی هەستەکانمانە. منیش هاوڕای ئەم بۆچوونەم، تەنانەت بە پێچەوانەی جۆن لۆک باوەڕم وایە کە چۆنایەتی بەراییش لە دەرەوە بوونی نییە، بەڵکو ئەمانەش بەرهەمی هەستەکانمانن. بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە ئەوەندە بەسە کە بیسەلمێنم ئەم چۆنایەتیە بەراییانە وا بە چۆنایەتی مام ناوەندیەوە نوساوون کە تەنانەت ناشێت لە زەینیشدا لە چۆنایەتی مامناوەندی جیایان بکەینەوە. وەک جێی چۆنایەتی مامناوەندی لە زەیندایە لە ئەنجامدا جێی چۆنایەتی بەراییش لە زەیندا دەبێت و لە ئاکامدا شتێکمان بە ناوی چۆنایەتی بەرایی نابێت. هەموو چۆنایەتیەکان دەبنە چۆنایەتی مامناوەندی. چەند نموونەیەکی جیا جیا بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە دەهێنێنەوە کە لێرەدا باسی یەکێکییان دەکەین: دەڵێ: ئایا دەکرێ جەستە کە لە چۆنایەتی بەراییە

جیا لە رەنگ وێنا بکەین کە لە چۆنایەتی مامناوەندییە؟ ئایا دەکرێت جووڵە بەبێ خێرایی و سستی وێنا بکەین ؟ هەرگیز ناکرێت کارێکی بەم چەشنە ئەنجام بدەیت. لە ئەنجامدا جێگەی چۆنایەتی بەراییش لە زەیندا دەبێت. ئێستا بۆ رەتکردنەوەی بوونی مادده لە دەرەوە پەنا بۆ ئەم بەڵگەیە دەبات کە: مادده هەڵگری چۆنایەتییە و ئایا دەکرێت مادده بەبێ رەهەند و شێوە وێنا بکەی؟ هەرگیز ناکرێت کارێکی وا بکەی. کەوایە پێگەی رەهەند و شێوە و هەموو چۆنایەتییەکان لە زەین دایە، پێگەی مادده لە زەیندا دەبێت و مادده لە دەرەوەدا بوونی نابێت.

سەرنج: بە رەتکردنەوەی مادە، مادەگەرایی ئێدەپەرێنێ و بە رەتکردنەوەی جیهانی دەرەوە گومانکردن رەتدەکاتەوە، چونکە گومانکردن واتە گومانکردن لە درووستی ناسینی جیهانی دەرەوە لەلایەن هەستەکان و ئەگەر جیهان دەرەوەیی نەبێت لەمەودوا جێیەک بۆ گومان نامێنێتەوە.

تەنانەت دەکرێ بوترێت وێناکانمان رەنگدانەوەیەک لە شتەکانی دەرەوەن، چونکە تەنیا دەکرێت وێنا وەکو وێنای دیکە بێت و نەک شتێک بێجگە لە وێناکردن و وێناکردنی ناچالاکە و جیهانی دەرەوە کارا. کەوابوو چۆن کارێکی ناچالاک دەتوانێت پێچەوانەی کارێکی کارا بێت.

سەلماندنی بوونی رۆح: ئێمە لە زنجیرەیەک چەمک دەگەین کە هەندێکیان نوێ دەکرێنەوە و هەندێک گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و هەندێک نامێنن و دەبێ هۆکارێک بێت تا ئەم گۆڕانکاریە بکات. وێناکان ناتوانن هۆی ئەم گۆڕانکاریە بن، چونکە بۆخۆیان ناچالاکن واتا ناتوانن هیچ گۆڕانکاریەک لە وێناکەی دیکەدا بکەن. کەوایە دەبێت جەوهەری هۆ ئەم گۆڕانکاریە بێت. ناتوانێت ئەم جەوهەری ماددیە بێت، چونکە پێشتر سەلماندمان جەوهەری مادی بوونی نییە. کەوابوو دەبێت ئەو جەوهەرە

جەوهەرێکی کاراو نامادی بێت و ئەوە هەمان رۆحە. ئەم رۆحە بوونی ئاسایی و دابەش نەکراوە. ناکرێت وێنایەکی هەبێت، چونکە وێنا ناچالاکە و رۆح چالاکە و کارێکی ناچالاک ناتوانێت پێچەوانەی کارێکی چالاک بێت.

سەرنج: ناسینمان بۆ رۆح ناسینێکی پوختە نەک وێنایی.

سەلماندنی بوونی خوا: ئێمە یەکسەر لە بۆچوونگەلێک دەگەین کە سەر بە ئیرادەمان نین. بۆ نموونە کاتێک چاومان دەکەینەوە دیتن یان نەدیتنی شتەکان بە مەیل و ئارەزووی خۆمان نییە و ناتوانین دەستنیشانی بکەین کە چ شتێک بکەوێتە بەردەم سۆمامان. کەوابوو ئەنجامگیری دەکەین کە ئیرادە و رۆحێکی کۆتایی نەهاتوو هەیە کە ئەم وێنایانەمان تێدا دەخولقێنێ و رۆحی کۆتایی نەهاتوو هەمان خوایە.

رەتکردنەوەی بنەمای هۆکارێتی: هەر کاتێک دەبینین کە بۆ نموونە دوو بۆچوون هەمیشە بە زوویی دێنە زەینمانەوە، بە مانای پەیوەندی باڵای نێوانیان نییە، چونکە وێناکان ناچالاکن و ناتوانن هۆکارێتی یەکتری بن و ئەم بەزووییە سەرچاوەی بۆ کاری ئێمە ناگەڕێنەوە، چونکە ئەم تێگەیشتنانەی هەستێنی بە شێوەیەکی ناچالاک لە ئێمەدا دەخولقێن و لە ئیرادەماندا نابن، بەڵکو ئەم بەزووییە لەبەر خاتری یاساکان و رێسای سروشتییە کە لە ئیرادەی خوا بەرهەمدێت.

# بیرکلی و ئامرازێتی لە زانستدا

علی رەزا ئەژدەر
(ئەندامی دەستەی زانستی زانکۆی پەیامی نور، رێکخراوی ناوەندی)

## پێشەکی

روانگەی بێرکلی لە فەلسەفەی زانستدا لە روانگەکەی لەودیوو سروشتەوە جیانیە. بێرکلی لە فەلسەفەکەیدا رەتکردنەوەی ماددەی کردۆتە سەردەپەی کارەکانی، چونکە پێیوایە ماددە سەرچاوە و بنەمای بنچینەیی گومانە و بە سەرنجدان بە زمان و بەکارهێنانی لای نەریتی گشتی بەم دەرەنجامە دەگات کە ئەوەی هەیە مانای وایە کە کەسێک هەستی پێکردبێت، لەم رووەوە هەبوون بە تەریبی بەڵگە دەزانێت و بەم روانینە دەگاتە حزووری هەمیشەیی خوا کە خوڵقێنەری وێناکردنەکانی مرۆڤە و جیهان بە ئاماژەی ناسینی خواو گوتنەوەی زمانی دەزانێت. بێرکلی لە فەلسەفەی زانستدا لەسەر ئەم بنچینەیە باوەڕی بە واقیع نوێنی تیۆرە زانستەکان نەبووە کە لەسەر بنەمای چەمکە تیۆرییەکانە و تەنیا بە گریمانەی بیرکارییان دەزانێت کە پاڵنەری واقیع نوێنییان نییە و بێجگە لە ئامڕازێک بە دەست بیرمەندانەوە ناکرێت بەهایەکی دیکەیان بۆ دابنرێت.

بۆ روونکردنەوەی روانگەی بێرکلی لە فەلسەفەی زانستدا دەبێت سەرەتا هزری بێرکلی لەودیوو سروشتدا دەربڕین و پاشان پاڵنەرەکانی لە بارەیەوە دەردەکەوێت و سەرەنجام روانگەی ئامڕازێتی بێرکلی لە سێ مەیدانی بوون ناسی، ئەبیستمۆلۆژی و ماناناسیدا هەڵدەسەنگێندرێت.

**1. روانینێک بۆ فەلسەفەی بێرکلی**

هەرگیز بێرکلی لە ژیانیدا فەیلەسوفێکی هێژا و لە ریزی یەکەم

هەژمار نەکراو دوای مردنی زیاتر بەهۆی چالاکیە رۆحانییەکانی دەیانناسی، پاش سەردەمی هیۆم، خەڵکان زانییان کە بێرکلی فەیلەسوفێکی گەورە بووە. لە روانگەی بێرکلیەوە ئەبیستمۆلۆژی فەیلەسوفەکانی پێشوو بە تایبەت لە بەرهەمی فەیلەسوفەکانی ئەزموونگەری وەک هۆبز، جۆن لۆک و بیکن لەگەڵ ئەودیوو سروشت ناگونجێن، چونکە ئەگەر کەسێک بە ئەزموون گرەوی رازی بێت و بزانێت بناغە دارێژی هەموو زانیارییەکانی مرۆڤایەتی بەهۆی دەرککردنی هەستەوە بە دەست دێت، لەم کاتەدا ماتریالیزم واتا ناتەبا دەبێت، کە جۆرێک بوونی دەرەوەییان هەیە. لەم کاتەدا دەبێ تاکی ئەزموونخواز، ئایدیالخواز بێت، چونکە بە قوتابخانەی بێرکلییان گوتووە قوتابخانەی ئەزموون گرەوی ئایدیالیستی. چ لە روانگەی بێرکلی بوونی نیشانەکانی دەرەوەی هەیە، بەڵام لەو دیوو نیشانەکان شتێک بەناوی خودی شتبوونی دەرەوە نییە. لە روانگەی بێرکلییەوە هەبوون هەمان بەڵگەیە لە راستیدا ئەگەر کەسێک بەڵگەی شتی سەلماند، بوونی ئەو شتەی سەلماندووە. کەوابوو ئامادە بوون واتا بەڵگە بوون. بەم پێیە دوو وشەی هەبوون و بەڵگە یەکیەتی چەمکییان هەیە. بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە بێرکلی لە بەکارهێنانی هەبوون لە زمانی خەڵک وریامان دەکاتەوە، چونگە هەرکاتێک کەسێک بڵێت شتێک ئامادەیە، واتا بەڵگەیەک ئەو شتەی تێگەیەنراو کردووە. بێرکلی لە بەندی چواری کتێبی بنەماکان دەنوسێت: «دیارە بە شێوەیەکی سەیر ئەم بیروباوەڕە لەناو خەڵکدا بڵاوە کە شتەکانی لە جۆری شاخەکان و ماڵەکان و رووبارەکان و بە کورتی تێکڕای ئەریستۆکراتی هەستپێکراو بە واقیعیی لە سروشتدا هەیە کە لە بەڵگە بوونییان بەهۆی تێگەیشتن و زەینی مرۆڤ جیاواز و لێکجیایە. بەڵام هەرچەند خەڵک لەم کارە دڵنیا بێت و چاودێری بکات کەسانێک کە شایستەی ئەم رامانەن بۆ دژایەتی

بە پێویستی دەزانن، چونکە دەکرێت ئەمجۆرە شتانە چ بن جگە لەوەی ئێمە بەهەست تێیدەگەیین؟ دەتوانین لە چ بگەین بێجگە لە وێناکردن و هەستپێکراوەکانی خۆمان؟ کەوابوو ئایا پێچەوانەی عەقڵ نییە بڵێین یەکێک لەم شتانە یان پێکهاتەیەکییان بێ بوونە بەڵگە هەیە.» بەم گوێرەیە بێرکلی باوەڕی وایە کە هیچ جەوهەرێک جگە لە رۆح واتا ئەوەی تێیدەگات نییە، چونکە چۆنایەتی شتەکان (رەنگەکان، شێوەکان و جوڵە) وێناکردنی بەڵگەن بۆ هەست و ناکرێت بۆچوون لە شتێکی بیرنەکەرەوەدا هەبێت. لە بەندی هەشتی کتێبی بنەماکان وەرگیراوی سەرەوە بەڵگەدێنێتەوە و بەم چەشنە دەنوسێت: «ئەگەر بڵێن گریمان کە وێناکردنی خود لە دەرەوەی زەین نین، بەڵام رەنگە شتەکانی وەک وێناکردنەکانمان نەخش و نموونانە هەبێ و ئەم شتانە لە دەرەوەی زەین و لە جەوهەری بیرنەکەرەوەدان، دەڵێین بۆچوون جگە لە بۆچوونێکی دیکەی هاوشێوە ناتوانن ببن. رەنگ و شێوەی دیاریکراو تەنیا وەک رەنگ و شێوەیەکی دیکەیە ئەگەر درووست لەبیری خۆماندا بۆی بگەڕێین دەبینین کە جگە لەنێوان دوو بۆچوون ناتوانین لێکچوون بدۆزینەوە، بێجگە لەمە دەبێ بپرسین ئەو شتانە بۆخۆیان شایانی تێگەیشتنن یان نا، کە بە وتەی ئێوە دەرەوەیـی و بنەمایین و وێناکردنەکانمان وێنەو نموونەیەکە لەمانە؟ ئەگەر هەبن، کەوابوو وێنان و ئیدیعامان مسۆگەر دەبێت ئەگەر بڵێ شایانی تێگەیشتن نین. پێویست دەکات کە بڵێین ڕەنگ بۆ نموونە هاوشێوەی شتێکی نەبینراوە و نەرم و رەق هاوشێوەی شتێکی شایانی دەست لێنەدراو هەتا دوایی و ئەمەش دیارە پووچە.» (بێرکلی، 1375: 26)

بەم پێیە بێرکلی بوونی جەوهەری جەستەیی رەتدەکاتەوە و لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا، ئەگەر هەبوون بە یەکسانی بەڵگەی بزانین ئەو

کاتە ئەگەر بەڵگەی (مرۆڤایەتی) نەبێت هیچ شتێک نابێت، خودا هەمیشە هەیە و بەردەوام لە هەموو شتێک دەگات. چونکە لە روانگەی بێرکلی ئەگەر خودا لە مرۆڤ سەربەخۆ نەبوو، هەموو دنیا یەکسان بە مرۆڤ و زەینیەتی مرۆڤ بێت، لەم کاتەدا دەبێت ئێمە بتوانین زەینیەتی خۆمان بەهەر شێوەیەک بگۆڕین کە دەمانەویست، دارستانێک لە ئانوساتێکدا، بکەینە دەشتێکی کاکی بە کاکی، لە کاتێکدا بەم چەشنە نییە، کەوایا دەبێت بوونەوەرێکی دیکەی جگە لە زەینی مرۆڤ هەبێت تا بیانخوڵقێنێت. بێرکلی لە بەندی 29ی بنەماکان جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە و لە سەلماندنی بوونی خوادا بە بەڵگەهێنانەوەیەکی پتەوی دەزانێت. (بێرکلی، 1375: 137) باوەڕی وایە خودا ئافەریدەی وێناکردنەکانی مرۆڤەو کارەساتی جیاجیای دنیا بەتەواووی لە یەکتری جیانین و پەیوەندی باڵایان پێکەوە نییە، بەڵکو کارەساتی جۆراوجۆری نیشانەگەلێکن کە خوا بەرامبەرییان لە داهاتوومان ئاگادارمان دەکاتەوە و ئەمە لوتفی بێ بڕانەوەیەتی کە دەتوانین لەم نیشانانە بگەین کە زمانی خودان و تێدەگەیین کە زانستە سروشتییەکان هەوڵێکی بەرنامەڕێژە بۆ تێگەیشتنی زمانی خودا (دنسی، 1375، ش 183)

### 2. پاڵنەرەکانی بێرکلی

پێدەچێت سێ هۆکاری داکۆکی کردن لە ئایین، رەتکردنەوەی باڵادەستی نیوتن بەسەر هزرەکان و بەرگرتن لە دەمار گرژی لەزانستدا، لە هاندەرە بنچینەییەکانی بێرکلی بن لە مەیدانی زانست و سیاسەتدا.

#### 1 - 2. داکۆکی کردن لە ئایین

بێرکلی ئەگلینکانێک (ئەندامی کڵێسای بەریتانیا)، بە هەست و دڵسۆز بوو. لە ساڵی 1724ی زایینی بووە وتارخوێنی کڵێسای لاندندەری و لە ساڵی

1734ی زایینی پۆستی قەشەی شاری کلوینی قبووڵکرد. فەلسەفەی دژە ماددی بێرکلی لە کتێبی نامەکان، دەربارەی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان (1710ی زایینی) و سێ دایالۆگی نێوان هیلاس و فیلونۆس (1713ی زایینی) دا هاتووە. بێرکلی باوەڕی وابووە وێناکردنێک کە زانستە سروشتییەکان لە جیهان بە دەستییەوە داوە و ئەنجامگیرییەکانی تێکڕای فەلسەفە لێیان بۆتە مایەی روو وەرگێرانی خەڵک لە ئایین و ئاقیبەت مەیل بەرە و بێ خودایی و بێ دینی بووە و هەروەها بە فەرمی ناسینی واقیعیەتی بابەتی ماددی، هۆی گومڕاییەکانی دیکە بە تایبەت گومانگەرایی لە مەسەلە ئایینیەکان و خواناسییە. لەبەشی 92ی بنەماکان دەنوسێت: «بنەمای باوەڕبوو بە مادده یان جەوهەری ماددی ستونی سەرەکی گومانگەرایی بووە. کاتێک کە جارێک ئەم بەردی گۆشەیە لادەبرێت هیچ چارەیەک نییە جگە لەوەی کە تـەواوی ئەم تەلارە دابڕمێت.» مەبەستی بێرکلی لە فەلسەفەکەی رەتکردنەوەی گومانکاران و رەتکەرەوانی خودایە. هەندێک بەڵگەی گومانکردن و رەتکردنەوەی خودای بە روانگەی فەیلەسوفەکانی پێشخۆی دەزانی، هەربۆیە شرۆڤەی ئازاد بیرکەرەوانی تیۆری نیوتن و زانستی نوێی بە مایەی داڕووخان و دەسەڵاتی ئایین دەزانی چونکە پێیانوابوو سەرکەوتنی شرۆڤەکەیان بەڵگەیەکە لەسەر دەسەڵاتی عەقڵی مرۆڤایەتی و پێویستی بە ئیلهامی ئاسمانی نییە. لەبەر ئەوە بێرکلی لە کتێبی بنەماکان، فەزای رەهای نیوتنی بە چەمکی بێ دینی خوێندەوە، چونکە زەمەن و فەزای رەهاو بێسنوور لای نیوتن ببووە بوونەوەرگەلێکی گەورە و سەربەخۆ کە هەڵکەوتەی جووڵەی میکانیکی تەنەکان بوو بەم هۆیە خوداش گوایە لە بازنەی بوون رەتێنرابوو تووخمە بیرکارییە بێسنوورەکان واتا فەزا و زەمەن جێیان گرتبۆوە. لەم رووەوە بێرکلی بەوە دەزانێت فەلسەفەکەی باشە

که زۆربەی گەندەڵیە وەلانراوو ڕێچکە گەندەڵییەکانی ماددی بێ بابەت و ڕەتکردنەوەی ڕۆح بێمانا دەبێت و شەریک و بت پەرستیان خالق ڕەت ناکاتەوە. (بێرکلی، 1375، ش: لا 100 و 99).

**2 ـ 2 . ڕەتکردنەوەی باڵادەستی نیوتن بەسەر هزرەکاندا**

ناوی نیوتن لە سەرتاسەری ئەوروپای سەدەی 18ی زایینی بە تاریف و ڕێزگرتنی زۆرەوە دەهات و لە ڕوانگەی خەڵکەوە دەرکەوتنی یاسا جیاجیاکانی وەک یاسای جووڵە، یاسای کێشکردنی گشتی، کرانەوەی عەقڵانی و دەگمەنە کە تەنیا دەکرێت لەلایەن نیوتنەوە بێت و پێشتر لە دەرەوەی بازنەی مرۆڤایەتی بووە. سەرباری خەڵکی ئاسایی بیرمەندانی وەک جۆن لۆک لە بەرامبەر نیوتندا خۆی بە گسک لێدەرێک دەزانێت کە بۆ کڕاندنی توێخی زەوی زانست هاتووە. لاپلاس لە پیاهەڵدانی نیوتن دەنوسێت: «نیوتن هەم گەورەترین بلیمەتی مێژووە و هەم کامەرانترین مرۆڤ، چونکە تەنیا جیهانێک زیاتر نییە و بۆیە هەر لە مێژووی جیهاندا دەکرێت ئەم پشکە بە فاڵگرتنەوەی کەسێک بکەوێت کە شرۆڤەی یاساکان دەربخات» و لەسەر کێلی قەبری نیوتن قسەی ئەدیبێکی وەک پۆپ بەم چەشنە هەڵکۆڵراوە: «سروشت و یاساکانی لە تاریکی شەودا شاردرابوونەوە تا خودا نیوتنی خوڵقاند و دنیا بووە ڕۆژی ڕووناک». دەربڕینەکانی سەرەوە زاڵبوونی بیری نیوتن بەسەر خەڵک و بیرمەندان پیشان دەدەن. ڕەنگە گرنگترین چالاکیەکی بێرکلی تێکشکانی ئەم فەزاو ڕەخنەگرتن بێت لە بۆچوونەکانی نیوتن. بێرکلی لە ڕەخنەی تیۆرەکانی نیوتن تاوانباری دەکرد کە پابەندی هۆشداریەکانی خۆی نەبووە و ڕەچاوی نەکردوون. هەروەک کە لە کتێبی بنەماکان، فەزای هاوتای نیوتنی بە چەمکی زەینی زانیووە

و ڕەخنەی لە بنەمای کێشکردنی نیوتن گرتووە و بانگەشەی کردووە ئێمە هیچ ئاگاییەکمان لە درانەپاڵی دەربڕینەکانی وەک هێزی کێشکردن نییە و سەرەنجام بەم دەرەنجامە گەیشتووە کە تیۆری نیوتن ناتوانێت لە «گریمانەیەکی بیرکاری» زیاتر شتێکی دیکە بێت، واتا ئامڕازی گونجاو بۆ ژماردن و پێشبینی کردنی هێماکان نەک تاریفکەری واقیعیەتێکی وا هەیە. (همو، 1375ش: لا 88 – 84).

### 2 – 3. بەرگرتن لە دووگماتیزمیی لە زانستدا

هەندێک لە بیرمەندان وا بە دەستکەوتە زانستیەکانیان وروژابوون کە بیرییان دەکردەوە تێفکرین لە چوارچێوەی مادده و جووڵە پڕ بەهاترین جۆری بیرکردنەوەیە لە لۆژیکی هەبوون و تەنیا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە ڕچەشکێنە. هەروەها کە یاوەرانی دائیرەتولمەعاریف لەژێر کاریگەری ڤۆڵتێر لەو باوەڕە دابوون کە دەکرێت ڕۆح بە جووڵاندنی ئەتۆمەکان و بەپێی یاسا سەلمێنراوەکان ڕوون بکەیەوە. بە خەیاڵی لاپلاس ئەگەر پێگەی دیاریکراو، خێرایی و ڕەنگی هەموو گەردیلەکانی ماددی بدرێتە زەینێک کە توانای پێویستی هەیە، دەتوانێت پێشبینی سەرتاسەری داهاتوو بکات. چالاکیەکی بێرکلی هەوڵدان بوو بۆ بەرگرتن لەمجۆرە دۆگماتیزمییە و بەدیهێنانی گیانی لەخۆبردوانە لە زانستدا تا لە ژێر ڕۆشناییەکەی هەر زانستێک لە چوارچێوەی خۆی بەکار ببرێت و لەو بەرزەفڕیانە خۆی بپارێزێت کە ڕەگی بۆ زانست ناگەڕێتەوە. بۆیە لە دواندنی بیرکاری زانانی بێ باوەڕ (1374ی زایینی)، قسەی خۆی بە ئایەتی پێنجەم لە بابی 7ی ئینجیلی مەتتا بەم چەشنە دەست پێدەکات: «چۆنە کە دڕک لە چاوی براکەت دەبینی و دارێک نابینی کە لە چاوی خۆتدایە. یان چۆنە بە براکەت بڵێیت ڕێم بدە

تا دڕکێک لە چاوت دەربێنم، لە کاتێکدا دار لەچاوی تۆدایە ئەی دووڕوی فێڵباز! سەرەتا دار لە چاوی خۆت دەربێنە ئەوکات چاک دەبینی تا دڕک لە چاوی براکەت دەربێنی».

«بەم دەربڕینە بیرکاری زانان تۆمەتبار دەکا کە بەردەوام ئامادەن یاسا بۆ هەموو شتێک دابنێن. بەبێ ئەوەی سەرەتا ڕێساو یاسایەک بدەنە کارەکەی خۆیان. بێرکلی لەبەر ئەوە ڕەخنە لە بیرکاری زانان دەگرێت تا بیرمەندانی بەشەکانی تر بەهەمان ئیرادە بگەن کە بۆخۆیان دایدەنێن و پارێز بکەن تا دەرەنجامی خەیاڵی لە شتێک ئەنجامگیری نەکەن کە بنەمای لۆژیکی تایبەتی خۆیان نییە».

**4. بێرکلی و ئامڕازێتی لە زانستدا**

هەندێک کەس بێرکلییان بە داهێنەری ئامڕازێتی زانست زانیوە (ملکیان، 1375ش، ج66، ل3)، بەڵام دوهیم بانگەشەکەی کۆنترە و دەیگەیەنێتە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ (پۆپەر، 1363ش، ل123) دیارە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی خوولانەوەی تۆپە ئاسمانییەکان بەرهەمی گەورەی «کۆپەرنیک» کە نیگەرانی کڵێسای لێکەوتەوە. کەسانی وەک ئۆسیاندری هاوسەردەمی کۆپەرنیک و کاردیناڵ بیلارمین بە ڕوانینێکی ئامڕازێتی هەوڵییاندەدا کتێبی ئاسمانی و تیۆرەکانی زانستی نوێ بگونجێنن، بۆیە باوەڕییان بە ئامڕازێک بوو گریمانەکانی بە زانستی بوو تیۆرەکانی کۆپەرنیک و کاردیناڵ و گالیلۆیان تەنیا بەهۆی ژماردنەوە دەزانی، کە سەبارەت بە کۆمەڵەکانی بتلیمۆسی باشتر دەتوانێت دەستەیەک لە شوێنی ئەستێرەیی بینراو بە دەستەیەکی دیکەی ببەستێتەوە و بێرکلیش بە ڕوونکردنەوەیەک کە بەدوایدا دێت لە ڕەخنەکەی هێزی کێشکردنی نیوتنی بە ئامڕازێک بۆ

ژماردن زانیوە و دیفاکتۆ بوونی تیۆرە زانستییەکانی رەتکراوەتەوە کە چەمکە زارەکییەکانی لەخۆگرتووە و زانینی دوو خاڵی خوارەوە بۆ روونکردنەوەی روانگەی بێرکلی لە فەلسەفەی زانستدا پێویستە:

ئەلف) بێرکلی لە فەلسەفەی زانستدا ئەزموونگەرایە، لە ئەزموونگەرایی هیچ وشەیەک بۆ ئەو شتانە نییە کە لەودیووی ئەزموونە و رەوتی ئەزموون ناتوانێت بە پەنابردنە بەر ئەو وشانە دەربکەوێت کە ناوی شتەکانی ئەودیو ئەزموونن چ تەنێکی فیزیکی شتێک جگە لەم خەسڵەت و چۆنایەتییە نین و رواڵەتەکەیان هەمان حەقیەرگیزییانە.

ب) بێرکلی پێیوایە تیۆرە زانستییەکان وەک گریمانەیەکی بیرکارییین، گریمانەی بیرکاری دەتوانێت وەک میتۆدێک بۆ ژماردنی هەندێک دەرەنجام وەسفی بکەی کە تێرمە تیۆرییەکان لەخۆ دەگرن، بەڵام مەسەلەی راستی حەقانیەتی گریمانەیەکی بیرکاری هەرگیز جێی باسوخواس نییە. ئەوەی جێی باسە تاکە سوودمەندی وەک ئامرازێکی ژماردنە. بەم گوێرەیە بێرکلی باوەڕی وایە بنەماکەی تیۆری نیوتن کە بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە، ئەوە یاسای جووڵەیە راست و درووستە کە بە سادەیی تاریفی رێسا بینراوەکانی جووڵەی تەن دەکات، بەڵام ئەو بەشەی تیۆرەکە چەمکەکانی ناوی وەک: هێز، کێشکردنە، راست نییە چونکە ئەمجۆرە چەمکانە ئەودیو یاری دەرەوەییان نییە بەڵکو بیرمەندەکانیان وەکو ئامرازێک بۆ ژماردن بەکاریان بردووە و ئەمجۆرە گریمانانە جگە لە گریمانەیەکی بیرکاری شتێکی دیکە نین و دەبێت بزانین گریمانەی بیرکاری بانگەشە ناکات کە لە سروشتدا شتێکی هاوشێوەی هەیە.

کەوابوو بە سەرنجدان لە دوو خاڵی سەرەوە شایانی گوتنە گرنگترین سەلماندنی بێرکلی لە پشتگیری کردنی ئامرازێتی لەسەر بنەمای فەلسەفەی

ڕواڵەتی خوازانەی زمانیەتی. بەپێی فەلسەفەکەی دەستەواژەی هێزی کێشکردن دەبێت دەستەواژەیەکی بێمانا بێت چ هێزی کێشکردن هەرگیز شایانی دیتن نییە، بەڵکو ئەوەی شایانی دیتنە جووڵەیە نەک هۆکارەکانی بانگەشەیی شاراوەیان. هەروەها لە تیۆرە زانستییەکاندا پەیوەندیمان بە دوو جۆر وشەوە هەیە: وشەی دیتن و وشەی تیۆریک.

وشەی دیتن، وشەیەکە ڕاستەوخۆ و بێهۆ بۆ خەسڵەتی تێگەیەنراوو پێوە بەستراوەکان و بابەتەکانی ئەزموونی مرۆڤ دەگەڕێنەوە. وشەی وەک «سپی»، «نەرم» چەمکگەلێکە کە پشتڕاسکردنەوەیان دەرک پێکردنی مرۆڤە. بەم چەشنە پێشیان دەڵێن چەمکگەلی ئەزموونی. چەمکگەل و ئەو وشانەی کە پشتڕاسکردنەوەیان مرۆڤ دەرکی پێنەکردوون و ڕاستەوخۆ بۆ ئەزموونی مرۆڤ ناگەڕێنەوە، پێیان دەگوترێت وشە و چەمکگەلی تیۆریکی یان تێرمە تیۆریکەکان دەکرێت ئەمجۆرە وشانە بۆ وشەی تیۆریکی ئامادەیی، وشە تیۆریکەکانی دینراوی ناڕاستەوخۆ و وشەی تیۆرکی کرداری دابەش بکەی (کاپاڵدی، 1377، ش: لا 359 و 358) لەوێ کە لە هەموو زانستە ئەزموونییەکانی چەمکەکانی تیۆریکی زۆری وەک کێشکردن، هێز، ئەلکترن، کرۆمۆسۆم،.... هەیە و تیۆرداڕێژی لەسەر بەکارهێنانی ئەمجۆرە وشانە وەستاوەتەوە، بۆیە دیاریکردنی بەهای واقیع نوێنی تێرمەکانی تیۆریکی ڕەتکردۆتەوە و بە باشی دەزانێت وەک ئامرازێکی بە سوودی ژماردن و تێڕامان و پێشبینی بخاتە بەردەست بیرمەندان.

بێرکلی بانگەشەی دەکرد هێزەکان لە میکانیکدا وەک گەردوونی خولاندنەوەیە لە ئەستێرە ناسیدا. ئەم چوارچێوە بیرکارییانە بۆ ژماردنی جووڵەکانی تەنی بەسوود، بەڵام هەڵەیە کە بوونی واقیعی لە دنیای دەرەوە بدرێتە پاڵ ئەم چوارچێوە بیرکارییانە (لاری، 1362ش، ل 216). بێرکلی

له کتێبی جووڵەدا دەڵێت: «جیاوازی له نێوان راستیه دیتراوەکانی زانست و ئەو گریمانانەدا هەیه که بۆ تێگەیشتنییان رێکدەخرێت». بەم چەشنه بەڵگەدێنێنەوه که بۆ زانین بە دیتنی کاری شتەکان چەند گریمانەیەک دەکەن که بۆ تێگەیشتنی کارو دانانیان لەژێر رێسایەکی تێکڕایی بەسوودە، بۆیه چەمکی تایبەتی لەجۆری «گەردیلەکان»، «ئەتۆم» و هتد دادەهێنرێت، بەڵام ئەمانه بۆ پاساوی زانستی وەکو زانستی میکانیکی بەسه نەک بۆ دیاریکردنی ماهیەتی حەقیقی شتەکان. کەوابو ناکرێت بگوترێ زانستبوونی گەردیلەکان دەسەلمێنێت، بەڵکو دەبێ بگوترێت بۆ پاساوی خۆی پێویستی پێن. (بزرگمهر، 1357ش، 156) کەوایه ناوکی ناوەندی روانگەکانی بێرکلی له ئامڕازێتی زانست، باسی بوونی ناسنامەی گریمانەیی له تیۆرە زانستییەکاندا یان هەمان تێرمەکانی تیۆریکه.

بەم پێیه دەکرێ روانگەی بێرکلی له سێ روانگەوه بخاته بەرباس و لێکۆڵینەوەوە:

1. له روانگەی بوون ناسانه (ontologic)
2. له روانگەی ئەبیستمۆلۆژییەوه (epeistemologic)
3. له روانگەی مانا ناسانه (semantic)

له ڕوانگەی بووناسانە: ئەگەر کەسێک بۆ ناسنامەیەک که نەبینرێت و بەسەر تیۆرە زانستییەکانی بوونی واقیعیدا سەپێندرابێت، ناودەنرێت واقیعخواز و چۆن چ کەسێک ئەمجۆرە چەمک و ناسانمەیەی بە کاری بێ پێشینه زانیوه و تەنیا بە ئامڕازێکییان زانیوه بۆ ئاسانکاری ژماردن و تێڕامان و له پێشبینییه زانستییەکان پێی دەگوترێت ئامڕازێتیی. لەوانه واقیع خوازانی خودگەرایانی کلاسیکن که ئەرەستۆ نوێنەری زەقییانه. لەو باوەڕەدان لەودیو نیشانەکان و خەسڵەتی دیتراو له شتەکاندا، ماهیەتێک

شاراوەیە کە لە ئاستی رواڵەتی و هێمای شتەکاندا مایەی گۆڕانکاری بنەڕەتی و ئاڵوگۆڕەکان دەبێت، تیۆری زانستی شایانی پەسەندن کە ئەم ماهیەت و زاتی شاراوە بەهۆی گۆڕانکاری رواڵەتی بوونەوەر بزانن. (جی جی سمارت) واقیع بینێکی دیکەیە کە لەم مەیدانەدا دەنوسێت: «حەزدەکەم جەخت بکەمەوە کە زمانی فیزیک وێنەی راستیتری لە گەردوون لە پێوانە بە زمانی عەقڵی باو دەخاتەڕوو».

ئامڕازخوازان نەیارانی شێلگیری واقیع خوازانی زانستی رەهەندی بوون ناسانەن. تێڕوانینیان بۆ بەشە نەدیتراوەکان و روانگەی تیۆرە زانستییەکان تەنیا ئامڕازێکن بۆ ئاسانکاری ژماردن یان تێڕامان لە پێشبینییەکان و ناکرێ هیچ بوونێک بەلایانەوە لە زەین بگیردرێت. لێکدانەوەیەک کە پێشتر دەربارەی روانگەی بێرکلی دەربڕدرا، بەتایبەت رەخنەکەی لە نیوتن لە بەندی 103 / تا 117ی کتێبی بنەماکان دەربڕی ئەم بابەتەیە کە بێرکلی چەمکە تیۆریکەکانی و ئەو تیۆرانە بە کاری بێ پێشینە دەزانێت کە هەڵگری ئەمجۆرە چەمکانەن، بۆیە لە رەهەندی بوون ناسانەیان بە بوونی واقیعی بۆ تێرمە تیۆریکەکان رازی نییە و تیۆرە زانستییەکان نەک واقیع نوێن، بەڵکو بە ئامڕازی ژماردنییان دەزانێت، تێڕامان و پێشبینی باشتر و هەروەک گریمانەی بیرکاری، کە پاڵنەری بەرامبەرکێی واقیعیەتییان نییە. سەبارەت بە کێشکردنی زەوی کە مەسەلەیەکی پڕ هەراوهۆریای سەردەمەکەی بوو، لەو باوەڕەدایە: وشەی کێشکردن دال لەسەر هەبوونێکی قایم بە خود نییە و گریمانەیەکی بێهودەیە کە ئاکاری تەنەکان بە بەکارهێنانی وەکو دەربڕینێک دیاری دەکات «. هەروەها لە کتێبی جووڵەدا لەم بارەیەوە دەنوسێت: «میکانیکزان دەربڕینێکی پەتی و تێکڕایی بۆ خەیاڵکردنی هێزی کێشکردن لە تەنەکاندا بەکاردەبات کە بۆ تیۆرەکان و گۆڕانکاری و

هەروەها بۆ ژماردنی جوولان زۆر بەسوودە لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی لە حەقیهەرگیزی شتەکان و تەنەکاندا دەگەڕان، گەڕانی رەشبینانەیە رێک وەک ئەو وەهمانەی کە ئەندازە زانان لە ڕێگای ئەبستراکتی بیرکاری دەیگونجێنن» (کاپلستۆن، 1375ش، ج5، ل 255).

لە رەهەندی ئەبیستمۆلۆژیشەوە توانای دەستەبەر کردنی مەعریفەی تیۆریکی دەربارەی لایەنەکانی نەدیتراوی واقیعیەتی فیزیکی، جێی ناڕەزایی ریالیستەکان و نەیارانیان بووە.

لە ڕوانگەی واقیع خوازان ناسینی بەشەکانی دیتراوو تیۆریکی گەردوون بۆ ئێمە هەیە، دەستەبەرکردنی مەعریفەی دڵنیایی و جێی گومان نەبوون دەربارەی واقیعیەت ئاسانە، بەڵام بێرکلی بە پێچەوانەی واقیعخوازان ئەم ئاگادارکردنەوە بیردێنێتەوە کە بەکارهێنانی دەربڕینی تیۆریکی لە تیۆرەکان، رەنگە ئەم خەیاڵە پێویست بکا کە بەم چەمکانە دەتوانین ئەندازەی واقعی زیاتر بناسین، لە کاتێکدا کە بە زانیاری نوێ رێگە نادۆزینەوە و پێی نازانین و مەعریفەیەکی دڵنیایی هاوتای واقیع بەچنگ ناخەین، چونکە پشتڕاستکردنەوەی واتاییان نییە و لە بەندی 103ی بنەماکان دەنوسێت: ((کێشکردن سەرەتای میکانیکی پایەبەرزیەکە کە ئێستا باویەتی و هەندێک وا دەزانن کەوتنەخوارەوەی بەرد بۆ زەوی یا هەستانی شەپۆلەکانی دەریا دەکرێت بە یارمەتی کێشکردن بە مانگ دیاری بکەی، بەڵام گوتنی ئەوە بۆ کام زانیاری دەمانبات کە کێشکردن ئەم کارانە ئەنجام دەدات. «بەم پێیە بێرکلی لە کتێبی جووڵە لە راسپاردەیەک بۆ فەیلەسوفان بیرمان دێنێتەوە» دەبێت لە داخوازی حەقیهەرگیز وریابین، دەربڕینێک کە راست تێیان ناگەین بە لاڕێماندا نەبەن تا ڕادەیەک هەموو فەیلەسوفەکان هۆشداریەکی وا دەردەبڕن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان رەچاوی دەکەن))- (کاپلستۆن، 1375ش، ج5، ل 254).

لە روانگەی ماناناسانە، باس باسی ئەوەیە کە ئایا دەکرێت درۆ و

ڕاستی بداتە پاڵ چەمکەکانی تیۆریکی و تیۆرە زانستییەکان؟ ئایا ئەمجۆرە ڕاڤەکاریە دەلالەت لە مۆدیلی واقیعی دەکات؟ وەڵامی ئەرێنی ڕوانگەی واقیع خوازانە دەردەبڕێت و لە کاتێکدا کە ئامڕازێنییەکان هەڵوێستی نەرێنییان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەیە واتە باوەڕیان وایە ئەو ڕاڤەکارییانەی کە ئاستی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای ئەزموونی تێدەپەڕێنن، نە مانایان هەیە نە بەهای ڕاستن، بۆیە هەندێک لە دژە ڕیالیستییەکان یەکەم و بە تایبەتی چاودێری باسی ماناناسانەییان دەکات نەک بووںناسانە.

لە ڕوانگەی بێرکلییەوە دانەپاڵی ڕاست و درۆ بەو دەستەواژەی وەکو هێزی کێشکردن و لە بنچینەدا بەو تیۆرانە بێمانایە کە لە میکانیکدا دەخرێنەڕوو، بەڵکو دەبێ بگوترێت ئەمجۆرە چەمکە تیۆریکی و تیۆرە زانستییەکان بۆ ژمارەدن و پێشبینی بەسوودن نەک خستنەڕووی واقیعیەت بەم چەشنەی کە هەیە.

بۆیە سەرباری دەربڕینی ئەوەی کە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لە پاڵ لێدراوی دەستەواژەی وەک هێزی کێشکردن نییە جەخت دەکاتەوە کە ئێمە تەنیا ئەمجۆرە چەمکانە بۆ پاساوی نزیکبوونەوەی هەندێک کاروبار لە یەکتری بەکار دەبەین، بەڵام هاوکات شتێک بەناوی ڕاست و درۆ ناخرێنە ئەستۆی هەرچەند لە قۆناغی کاری بەسوود و قازانج بەخشە و ئەم بەسوودییەی بە بەکارهێنانی ڕاستی دەشکێنەوە و حەقانیەت دەربارەی ئەمجۆرە چەمکانە نییە. (همو، 1375ش، ل 255).

سەرچاوە: www. SID. ir

## مێژووی ژیان و سەردەمی بیرکلی

- ١٦٨٥ لە ١٢ی مارس لە دیزرت کسل، کیلکنی، ئیرلەندا، لە دایک دەبێت.

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە، کە تیۆری گرانشی گشتی لەخۆ دەگرێت. |
| ١٦٨٨ | شۆڕشی گەورە هۆی لەسەرکار لابرانی جیمزی دووەمی کاسۆلیک دەبێت. ویلیام ئارانژی پرۆتستان لە هۆڵەنداوە بۆ چووونە سەر تەختی پاشایەتی بانگهێشتی بەریتانیا دەکرێت. |
| ١٦٩٠ | شکانی هێزی پەلاماردەری جیمزی دووەم لە شەڕی بوین، دەبێتە هۆی زاڵبوونی بەریتانیا بەسەر ئیرلەندادا. |
| ١٦٩٦ | دەچێتە کۆلێژی کیلکنی. |
| ١٧٠٠ | دەچێتە ناو (کۆلێژی ترینیتی) دوبلینەوە. |
| ١٧٠٣ | کۆچی دوایی رۆژانەنووس، سامۆئێل پیپز. |
| ١٧٠٤ | لە (کۆلێژی ترینیتی) دوبلین دبلۆم وەردەگرێت. مردنی جۆن لۆک، بنیاتنەری ئەزموونگەرایی. |
| ١٧٠٧ | ماتماتیک بڵاودەکاتەوە. بۆ بە ئەندامبوون لە (کۆلێژی ترینیتی) کاندید دەکرێت. |
| ١٧٠٩ | کتێبێکی دەربارەی تیۆری نوێ نووسی، یەکەم بەرهەمی سەرەکیە فەلسەفیەکەی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٧١٠ | دەبێتە کەشیش، بەشی یەکەمی کتێبێک دەربارەی بنەماکانی ناسینی مرۆڤایەتی لە شرۆڤەی فەلسەفەی نوێی خۆی بڵاودەکاتەوە. |
| ١٧١٣ – ١٧١٤ | سێ گفتوگۆی نێوان هیلاس و فیلۆنۆس بڵاودەکاتەوە کە شێوازی ئەدەبی |

| | |
|---|---|
| ماتریالیزمیەتی. لەم کاتەدا لە سەرتاسەری ئەوروپا ناوی دەرکردووە. سەفەر بۆ پاریس دەکات و ڕێک چەند رۆژ پێش مردنی سەردانی مالبرانشی فەیلەسوفی فەرەنسی دەکات. جێمزی دووەم لەسەر کار لادەبرێت. جۆرج هانوڤەر بانگهێشتی دەکات تا ببێتە شای بەریتانیاو بەناوی جۆرجی یەکەم لەسەر تەخت دای دەنیشێنێت. مردنی لویسی چواردە، (خورشید شا)، لە ڤێرسای. | |
| یەکەم شۆڕشی ستوارتی بۆ گەڕاندنەوەی جێمزی دووەمی کاسۆلیک. | ١٧١٥ |
| مردنی لایبنیتز، فەیلەسوفی ئەڵمانی. بە هاوڕێیەتی جۆرج ئاشی کەمئەندام سەفەر بۆ سەرتاسەری ئەوروپا دەکات. | ١٧١٦ - ١٧١٨ |
| میزەڵدانی دەریای باشور، مایەپووچی دارایی، بازاڕی لەندەن خەسارەتێکی دارایی قورسی بەردەکەوێت. | ١٧٢٠ |
| دوای بیست و چوار ساڵ ((کۆلێژی ترینیتی)) بەجێ دێلێت و دەبێتە بەرپرسی کەشیشەکانی دێر. | ١٧٢٤ |
| جۆناتان سویفت سەفەرەکانی گالیوەر بڵاودەکاتەوە. | ١٧٢٦ |
| مردنی نیوتن. | ١٧٢٧ |
| لەگەڵ ئون فۆسنەر، کچی قازیەک، زەواج دەکات. بە پاپۆڕ دەچێتە ئەمریکا و لە پراویدنس رود ئایلند نیشتەجێ دەبێت و چاوەڕێی تەواوکردنی پرۆژەی کۆلێژی بەرمۆدا دەبێت. | ١٧٢٨ |
| کاتێک دابینکردنی بودجەی کۆلێژی بەرمۆدا هەرباسی ناکرێت دەگەڕێنەوە لەندەن. | ١٧٣١ |
| لە دایکبوونی جۆرج واشنتۆن لە کۆچبەرنشینی ئەمریکی ڤێرجینیا، پۆستی ئەسقوف کلوینی دەدرێتێ. | ١٧٣٢ |

| | |
|---|---|
| | شیکارگەر: یا گوتارێک بۆ دواندنی ماتماتیک زانێکی کافر بڵاودەکاتەوە کە پەلاماری حەتمیەتی فەلسەفی ماتماتیک دەدات. |
| ١٧٣٥ | هۆگارث زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی ناسراو بە ئاکاری ریک کە سوخرەیەکە لەسەر شێوازی ژیانی باو بڵاودەکاتەوە. |
| ١٧٤٤ | شاعیرە یەمانییەکان، زنجیرەی هزرەکان و توێژینەوە فەلسەفییەکان دەربارەی بەسەرەوە بوونی گیراوەی قەتران بڵاودەکاتەوە کە یەکسەر دەبێتە کتێبێکی پڕفرۆش. |
| ١٧٤٥ | دووەم شۆڕشی ستوارتی بە رابەری بانی پرێنس چارلی لە ئۆسکتلەندا سەروەدەر دەنێت. |
| ١٧٤٦ | سوپای شۆڕشی سکۆتلەندا لە شەڕی کالودن تارومار دەبێت. |
| ١٧٥٢ | ئێرلەندا بە مەبەستی ئێکسفۆرد بەجێدێڵێت. |
| ١٧٥٣ | لە ١٤ی ژانویە لە ئێکسفۆرد دەمرێت و لە خانەی نوێژ کرایست چرچ بە خاک دەسپێردرێت. |

**مێژووی ڕووداوە گرنگەکانی فەلسەفە**

- سەدەی شەش پ. ز سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا لەگەڵ تالس مەلتی.

- کۆتایی سەدەی شەش پ.ز مردنی فیساگۆرس.

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ٣٩٩ پ. ز. | سوکرات لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ((ئەکادیمی)) لە ئەسینا دامەزراند، کە یەکەم زانکۆیە لە جیهان. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی ((لوکیۆن))، لە ئەسینا دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە رکابەری ئاکادیمی. |
| ٣٢٤ ز | ئیمپراتۆریەتی قوستەنتین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما بۆ بیزانت دەگوازێتەوە. |
| ٤٠٠ | ئۆگەستینی قەشە دانپێدانانەکەی دەنووسێت. فەلسەفە رادەکێشرێتە خواناسی کریستیانییەتەوە. |
| ٤١٠ | بەربەرییەکان رۆما دەڕوخێنن و هەواڵی بەرایی (سەدەی تاریکی). |
| ٥٢٩ | داخستنی (ئەکادیمیای) ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر پۆستنین کە کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی (١٣) | تۆماس ئەکویناس باسەکەی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| ١٤٥٣ | رووخانی بێزەنت بە دەستی تورکەکان. کۆتایی ئیمپراتۆری بێزەنتی. |
| ١٤٩٢ | کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. رێنسانس لە فلۆرانس و دووبارە رووکردنە زانیاری یۆنانی. |

| | |
|---|---|
| ١٥٤٣ | کۆپەرنیکۆس کتێبی دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانییەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر بنەمای ماتماتیک دەی سەلمێنێت، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. |
| ١٦٣٣ | کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات حاشا لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| ١٦٤١ | دیکارت رامانەکان بڵاودەکاتەوە، کە بەرایی فەلسەفەی مۆدێرنە. |
| ١٦٧٧ | مردنی سپینۆزا، بڵاوکردنەوەی ئاکارەکانی. |
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە و چەمکی گرانشی دەخاتەڕوو. |
| ١٦٨٩ | لۆک پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. سەرەتای ئەزمونگەری. |
| ١٧١٠ | بیرکلی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و رەهەندی نوێ دەداتە ئەزموونگەری. |
| ١٧١٦ | مردنی لایب نیتز. |
| ١٧٣٩ | هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەری تا سنوورەکانی لۆژیکیەکەی پێش دەخات. |
| ١٧٨١ | کانت، رابوو لە ((خەوی دۆگمایی)) بە هاوکاری هیوم، رەخنەی ئەقڵی پەتیی بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| ١٨٠٧ | هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٨١٨ | شۆپنهاور جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو |
| ١٨٨٩ | نیچە کە رایگەیاندبوو (خوا مردووە)، لە تۆرین شێت دەبێت. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢١ | ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە بانگەشەی (دوا وەڵام)ە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ((ئەڵقەی ڤیەننا)) برەودان بە پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە باس لە ترازانی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، کە برەو بە هزرەکانی هایدگەر دەداو ئەگزیستانیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | برەودان بە پاش مردن، توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین، لوتکەی قۆناغی زمانشیکاری. |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە  یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |